# ئیسلام بناسە

ئەم کتێبە زیاتر تایبەتە بەو کەسانەی کە تازە موسڵمان دەبن و دەیانەوێ شارەزابن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، وە هەروەها بۆ ئەو کەسانەشە کە هێشتا موسڵمان نەبوونە و دەیانەوێ لە ئیسلام تێبگەن و شارەزابن پاشان بڕیاری موسڵمان بوون بدەن بە ویستی خوای پەروەردگار ، وە بۆ ئەو موسڵمانانەشە کە شارەزا نین لە دینەکەیان.

ماڵپەڕی وەڵامەکان

www.walamakan.com

**ئایا وتن و باوەڕهێنان بە ڕوکنی شایەتومان کافیە بۆ چونە نێو ئیسلامەوە؟**

**پرسیار:**

**ئایا وتن و باوەڕهێنان بە ڕوکنی شایەتومان کافیە بۆ چونە نێو ئیسلامەوە، یان پێویست بە چەند شتێکی تریش دەکات تاوەکو کەسەکە ئیسلامەتی وئیمانەکەی تەواو بێت ؟**

ڕوکنی شایەتومان کە بریتیە لە (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله) کافری پێ دێتە نێو ئیسلامەوە، بەمەرجێک بە ڕاستگۆی و یەقینەوە بیڵێت و زانستی بە واتاکەی هەبێت و کرداریشی پێ بکات، پاشان داوای لێ دەکرێت بە ئەنجامدانی نوێژ و هەموو ڕوکنەکانی تر، هەربۆیە کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ موعازی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: بانگیان بکە بۆ (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله) ، ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوە پێیان ڕابگەیەنە کە خوای باڵادەست پێنج نوێژی لەسەریان واجب کردووە لە شەو و ڕۆژێکدا، ئەگەر نوێژیشیان ئەنجام دا ئەوە پێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە

زەکاتێکی لەسەریان فەرز کردوە کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و دەدرێت بە هەژارەکانیان.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ نەکردن بە نوێژ ئیلا دوای تەوحید ویەکتاپەرستی و ئیمان هێنان بە نێردراوی خوا محمد ﷺ، جا ئەگەر کەسی کافر دانی بە تەوحیددا نا ئەوە دەبێتە موسڵمان، پاشان داوای ئەنجامدانی نوێژ و هەموو حوکم و واجباتەکانی تری لێ دەکرێت، ئەگەریش هەر حوکمێکی نەکرد ئەوە حوکمی تری لەسەر جێبەجێ ئەبێ.[1]

[1] سەرچاوە : برنامج نور على الدرب رقم الشريط ١٦( مجموع فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ٧/٣٢) .

**موسڵمانان چ شتێک دەپەرستن؟**

**پرسیار:**

**من وەکو کەسێکی مەسیحی دەمەوێ بپرسم موسڵمانان چ شتێک دەپەرستن و بە خوای خۆیانی دەزانن؟ وە بۆچی تەنها یەک خوا دەپەرستن؟**

پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەینەوە بەڕاستی زۆرسەرسامین بەگرنگی دانت بەدینی ئیسلام ، و ئومێدمان وایە لەپای ئەم پرسیارە دەرگای خێرت بۆ بکرێتەوە وپاداشتی ئەوانەتیش دەسکەوێت کە بەم هۆیەوە هیدایەت وەردەگرن ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ) سورة الأنعام ٨٨ .

واتە : ئا ئەمە هیدایەتی خوای گەورەیە کە ویستی لێ بێت هیدایەتی هەر کەسێك ئەدا بۆی لە بەندەکانی بۆ ڕێگای ڕاست بە فەزڵ و چاکەی خۆی .

وەهەروەها فەرموویەتی : ( فَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يَهدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلامِ) سورة الأنعام ١٢٥ .

واتە : هەر کەسێك خوای گەورە بیەوێ هیدایەتی بدات بۆ ئیسلام ئەوە سینگی فراوان و چالاك ئەکات بۆ وەرگرتنی ئیسلام و یەکخواپەرستی.

وە بەنیسبەت پرسیارەکەتەوە کە ئایا موسوڵمانان چ شتێک دەپەرستن ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەچینە خزمەت قورئانی پیرۆز کەوەک وەحی بۆ پێغەمبەر موحەممەد علیه السلام لە لایەن خوداوە هاتووە .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (١)الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٢) الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ(٣)مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ(٤) إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ(٥) سورة الفاتحة .

واتە :حەمدو سەناو ستایش بۆ پەروەردگارو بەدیهێنەرو بەڕێوەبەری هەموو جیهانان، کە ئەمەیش فەرمانکردنی تێدایە بۆ بەندەکان بە حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە، چونکە باشترین دوعایەو خوای گەورە خۆشی دەوێت .

ئەو خوایەی زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانە، دوو ناوی جوانی خوای گەورەن، سیفەتی رەحمەتیان تیایە، بەڵام الرَّحْمَنِ زیاتر لەبەر گشتگیری رەحمەتەکە بۆ سەرجەم دروستکراوەکان و بۆ دونیاو قیامەتە، بەڵام الرَّحِيمِ تایبەتە بە باوەڕداران لە رۆژی قیامەتدا .

خاوەنی ڕۆژی سزاو لێپرسینەوەو قیامەتە، چونکە لەو ڕۆژەدا کەس بانگەشەی هیچ شتێك ناکات و کەس بەبێ ئیزنی خوا ناتوانێت قسە بکات .

ئەی پەروەردگار هەر تۆ تایبەت ئەکەین بە پەرستن و جگە لە تۆ کەسی تر ناپەرستین، وە هەر تۆ تایبەت ئەکەین بە داوای یارمەتی کردن و داوای یارمەتی لە غەیری تۆ ناکەین.

وەهەروەها فەرموویەتی : ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ(٢١) سورة البقرة .

واتە : ئەی خەڵکینە ئێوە عیبادەتی ئەو پەروەردگارەتان بکەن کە ئێوەی دروست کردووە وە ئەوانەی پێش ئێوەیشی دروست کردووە بەڵکو تەقوای خوای گەورە بکەن و لێی بترسێن.

وەهەروەها فەرموویەتی : ( ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَهَ إِلا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ(١٠٢) سورة الأنعام

واتە : ئەو الله یە کە پەروەردگاری ئێوەیە ، هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ ، کە دروستکاری هەموو شتێکە، ئێوە بەتاك و تەنها عیبادەت بۆ ئەو خوایە بکەن چونکە

تەنها ئەو شایەنی پەرستنە وە هەر ئەو تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە وە پارێزەری هەموو شتێکە .

وەهەروەها فەرموویەتی : ( وَقَضَى رَبُّكَ أَلا تَعْبُدُوا إِلا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلا كَرِيمًا(٢٣) سورة الإسراء .

واتە : وە پەروەردگارت فەرمانی کردووەو بڕیاری داوە کە هیچ کەسێك نەپەرستن تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ چونکە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە ، وە فەرمانی کردووەو بڕیاری داوە کە لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاکەکار بن ، بەتایبەتی کاتێك یەکێك لەوان یان هەردووکیان لە تەمەنی پیریدا لای تۆ ئەبن ، ئەوا کەمترین وشەیان پێ مەڵێ کە پێیان ناخۆش بێت تەنانەت پێیان مەڵێ ئۆف، (ئۆف کەمترین وشەیە بۆیە خوای گەورە بەکاری هێناوە، ئەگەر لەو وشەیە کەمتر هەبوایە ئەوەیشی بەرامبەر دایك و باوك قەدەغە دەکرد) ، وە بە ڕەقی و بە توندی و ناشیرینی مامەڵەیان لەگەڵدا مەکە (دەست ڕامەوەشێنە بەسەریاندا) ، بەڵکو بە وشەیەکی نەرمونیان و سۆزو بەزەیی و ئەدەب و ڕێزەوە قسە یان لەگەڵدا بکە.

موسوڵمانان ئەوە دەپەرستن کەهەموو پێغەمبەران پەرستوویانە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( أَمْ كُنْتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ ءابَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ(١٣٣) سورة البقرة

.

واتە : یاخود ئایا ئێوە ئامادە بوون کاتێك کە یەعقوب لەسەرەمەرگدا بوو بە نەوەکانی وت: ئەی ڕۆڵەکانی خۆم ئێوە لە پاش من چی ئەپەرستن؟ فەرموویان: پەروەردگارو خوای باب و باپیرانتان ئەپەرستین خوای ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق کە تەنها خوایەکی تاك و تەنهایە وە ئێمەش هەموومان تەسلیمی ئەو پەروەردگارە ئەبین وە هەموومان گوێڕایەڵ و ملکەچ و موسڵمانین.

موسوڵمانان خودا دەپەرستن و بانگی خاوەن ئایەنەکانی تریش دەکەن بۆ یەکتاپەرستی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ( قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلا نَعْبُدَ إِلا اللَّهَ وَلا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ(٦٤) سورة آل عمران .

واته : ئەی محمد - ﷺ - بڵێ: ئەی ئەهلی کتاب ئەی جوولەکەو گاوران وەرن بۆ لای وشەیەك کە ئێمەو ئێوە تیایدا یەکسانین ، ئەویش ئەوەیە کە با هیچ کەسێك نەپەرستین جگە لە زاتی پیرۆزی الله ، وە با هیچ کەسێ نەکەینە شەریك بۆ خوای گەورە ، با هەندێکمان هەندێکمان نەکەینە ڕەب و پەروەردگارو لە غەیری خوا نەیانپەرستین وەکو ئێوە کە جوولەکە دەڵێن: عوزێر کوڕی خوایە، گاورەکانیش کە ئە ڵێن: عیسی کوڕی خوایە و ئەیانکەن بە خواو ئەیانپەرستن ، ئەگەر بەمە ڕازی نەبوون و پشتیان هەڵکرد ئەوا پێیان بڵێن: شایەت بن ئێمە موسڵمانین خۆمان تەسلیم خوای گەورە کردووەو بەتاك و تەنها ئێمە خوای گەورە ئەپەرستین .

خوای پەروەردگار خۆی بانگی نوح علیه السلام و گەلەکەی دەکات بۆ یەکتاپەرستی ، هەروەک فەرموویەتی : ( لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ(٥٩) سورة الأعراف .

واته : بەدڵنیایی ئێمە نوحمان - ﷺ - نارد بۆ لای قەومەکەی کە یەکەم پێغەمبەر بووە لە دوای ئادەم وە دە پشت لە نێوانیاندا بووە هەموویان

لەسەر ئیسلام و یەکخواپەرستی بوونە ، وە فەرمووی: ئەی قەومی خۆم ئێوە بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن و بیپەرستن چونکە جگە لە خوای گەورە هیچ پەرستراوێکی ترتان نیە کە حەق بێ وە شایەنی پەرستن بێ ، ئەگەر ئێوە بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە نەکەن وە شەریك بۆ خوای گەورە دانێن ئەوە من لە ڕۆژێك ئەترسم کە تووشتان بێ کە سزاکەی یەکجار گەورەیە کە ئەو ڕۆژە بوو کە خوای گەورە تۆفانی بۆ ناردن وە نوقمی کردن لە ئاودا، یاخود سزای رۆژی قیامەتە.

وە هەر خودایە بانگی (پێغەمبەر عیسی) ی کردووە کە بەخەڵکی بڵێت بەندایەتی تەنها بۆ الله بکەن ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ(٧٢) سورة المائدة .

واتە :بەدڵنیایی ئەو کەسانە کافر بوون کە ئەیانووت: خوای گەورە عیسای کوڕی مەریەمە- ﷺ - کە ئەیانووت: خوای گەورە تێکەڵ بووە لەگەڵ عیسادا- ﷺ - خوای گەورەش ڕەددیانی دایەوە بەوەی

فەرمووی: عیسی- ﷺ - فەرمووی: ئەی بەنی ئیسرائیل ئێوە عیبادەتی الله بکەن عیبادەتی من مەکەن کە الله پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە منیش هەر عەبدی خوام و عیبادەتی خوای گەورە ئەکەم ئێوەش لەگەڵ مندا عیبادەتی خوای گەورە بکەن ، ئەمە هەر قسەی عیسایە- ﷺ - هەر کەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و من بکاتە شەریك بۆ خوای گەورە یان هەر کەسێکی تر بکاتە شەریك بۆ خوای گەورە ، ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات وە شوێنی ئەو ئاگری دۆزەخە ، وە ئەو کەسە ستەمکارو موشریکانە هیچ کەسێك نیە کە پشتیوانیان بێ و لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان بکات.

وەهەروەها فەرموویەتی : ( وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ ءأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ(١١٦) مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنْتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَا دُمْتُ فِيهِمْ

فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنْتَ أَنْتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ(١١٧) سورة المائدة .

واتە : خوای گەورە بە عیسای کوڕی مەریەم- ﷺ - ئەفەرمووێ کاتێك کە بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان یان لە ڕۆژی قیامەت ، ئایا تۆ بە خەڵکیت وتووە من و دایکم بکەن بە دوو خواو لە غەیری خوای گەورە ئێمە بپەرستن ، عیسی- ﷺ - فەرمووی: پاك و مونەزەهی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار لەوەی کە تۆ شەریکت هەبێ یان ئێمە شەریکی تۆ بین ، من شتێك کە حەق و مافی من نەبێ چۆن قسەی وا ئەکەم ئەمە بۆ من نیە شتی وا بڵێم ، ئەگەر قسەی وام کردبێ ئەی پەروەردگار خۆت عیلم و زانیاریت پێیە ، تۆ ئەزانی لە نەفسی مندا چی هەیە ، وە من نازانم چی لە نەفسی تۆدا هەیە ، هەر تۆ زانای هەموو نهێنیەکانی.

وە کاتێ قسەی لەگەڵ پێغەمبەر موسادا کرد پێی فەرموو : ( إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لا إِلَهَ إِلا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي(١٤) سورة طه .

واتە : من اللە م کە بانگت ئەکەم ، هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها من نەبێ تاك و تەنهاو بێ شەریکم ، تۆ بەتاك

و تەنها من بپەرستە ، وە نوێژیش بکە بۆ ئەوەی یادی منت بکەوێتەو هەر کاتێك یادت کەوتەوە نوێژ بۆ من ئەنجام بدە.

وەهەروەها فەرمانی بەم شتانە کرد بەپێغەمبەر موحەمەد ﷺ : ( قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي شَكٍّ مِنْ دِينِي فَلا أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ أَعْبُدُ اللَّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(١٠٤) سورة يونس .

واتە : ئەی محمد - ﷺ - بڵێ: ئەی خەڵکی ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لە دینەکەی من کە بەتاك پەرستنی خوای گەورەیە ، ئەوە من ئەو کەسانە ناپەرستم کە ئێوە لە غەیری خوای گەورە ئەیانپەرستن ، بەڵام من عیبادەتی ئەو خوایە ئەکەم کە ئێوە ئەمرێنێت و مردنی ئێوە بەدەست ئەوە وە سزاتان ئەدات ، وە من فەرمانم پێکراوە لەلایەن خوای گەورە لە باوەڕداران بم.

خوای تەعالا تاک وتەنهایە و هاوەڵی نی یە و مەلائیکەکان دەیپەرستن ، هەر وەک خوای گەورە فەرموویەتی : ( وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ عِنْدَهُ لا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلا يَسْتَحْسِرُونَ(١٩) سورة الأنبياء .

واته :وه هەرچی له ئاسمانەکان و زەوی هەیه هەمووی بەتەنها موڵك و بەندەی خوای گەورەیه ، وه ئەوانەیشی لەلای خوای گەورەن له فریشته بەڕێزەکان خۆیان به گەوره نازانن له پەرستنی خوای گەوره ، وه ماندوو بێزار نابن له عیبادەتی خوای گەوره.

هەر شتێک کەجگە لەخودا دەپەرسترێت هیچ سوود وزیانێکی نی یه ، هەروەک خوای گەوره فەرموویەتی : ( قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلا نَفْعًا وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٧٦) سورة المائدة .

واته : ئەی محمد- ﷺ - پێیان بفەرمە: ئایا ئێوه عیبادەتی غەیری خوای گەوره دەکەن و عیبادەت بۆ کەسانێك ئەکەن که هیچ زەرەرو سوودێکیان بەدەست نیه بۆ خۆیان چ جای بۆ غەیری خۆیان چۆن ئه یانکەن به خوای گەوره وەکو عیساو دایکی، که به حیسابی ئێوه ئەڵێن: عیسا- ﷺ - کوژراوەو له خاچ دراوه ئەی بۆ نەیتوانی خۆی له کوشتن ڕزگار بکات؟ وه دایکی که مرد بۆ نەیتوانی خۆی له مردن ڕزگار بکات؟ چۆن دەبێت خوا بکوژرێت و له خاچ بدرێت یان بمرێت؟ ، وه خوای گەوره زۆر بیسەرو زانایه به هەموو شتێك وه سوود پێگە یاندن و زیان تەنها بەدەست خوای گەورەیه.

وەهەروەها فەرموویەتی : ( إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَابْتَغُوا عِنْدَ اللَّهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(١٧) سورة العنكبوت .

واتە : ئێوە جگە لە خوای گەورە تەنها کۆمەڵێك بت و پەیکەر ئەپەرستن کە خۆتان هەڵتانکۆڵیوەو تاشیوتانەو دروستتان کردووەو ناوتان لێناون، وە ئەمانە هیچیان خوا نین و درۆیەو درۆتان هەڵبەستووە ، بە دڵنیایی ئەوانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە ئەیانپەرستن موڵکی ڕزقی ئێوەیان بەدەست نیەو ناتوانن ڕزق و ڕۆزیتان بدەن ، وە ئێوە بەتاك و تەنها داوای ڕزق و رۆزی لە خوای گەورە بکەن چونکە بە تاك و تەنها ڕزق و رۆزی بەدەست خوای گەورەیە ، وە بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن ، وە شوکرانەبژێری خوای گەورە بکەن ، گەڕانەوەشتان لە رۆژی قیامەتدا هەر بۆ لای خوای گەورەیە.

**دوای ئەم وەڵامە دەمانەوێت بابەتەکە بەم پرسیارە تەواو بکەین( ئایا بۆچی تەنها خودا دەپەرستین)؟**

وەڵامەکەی :

یەکەم : چونکە لەم کەونەدا هیچ کەسێک شیاوی پەرستن نی یە جگە لەخودا و هەر ئەو دروستکار و ڕازقە و چەندان نیعمەتی پێ بەخشیوین هەروەک فەرموویەتی : ( فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ(١٧) وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ(١٨) يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَيُحْيِي الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَكَذَلِكَ تُخْرَجُونَ (١٩) وَمِنْ ءايَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرُونَ(٢٠) وَمِنْ ءايَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ(٢١) وَمِنْ ءايَاتِهِ خَلْقُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ(٢٢) وَمِنْ ءايَاتِهِ مَنَامُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَابْتِغَاؤُكُمْ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ(٢٣) وَمِنْ ءايَاتِهِ يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَيُحْيِي بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ

يَعْقِلُونَ(٢٤) وَمِنْ ءايَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالأَرْضُ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِنَ الأَرْضِ إِذَا أَنْتُمْ تَخْرُجُونَ(٢٥) وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَهُ قَانِتُونَ(٢٦) وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ وَلَهُ الْمَثَلُ الأَعْلَى فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٢٧) ) سورة الروم .

واته :وه پاك و مونەززەهی بۆ خوای گەورە، خوای گەورە بە پاك ڕابگرن و زیكرو تەسبیحاتی خوا بكەن لە كاتی ئێوارەو بەیانیاندا، واتە: زیكرەكانی بەیانیان و ئێواران بخوێنن.

وە حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورەیە لە ئاسمانەكان و زەویدا ، وە بە ئێواران و نیوەڕۆیان، یاخود وتراوە: ئەمە مەبەست پێی پێنج نوێژە فەرزەكەیە: (حِينَ تُمْسُونَ) ئێوارە، مەبەست پێی: نوێژی مەغریب و عیشایە (وَحِينَ تُصْبِحُونَ) مەبەست پێی نوێژی بەیانییە (وَعَشِيًّا) مەبەست پێی نوێژی عەصرە (وَحِينَ تُظْهِرُونَ) مەبەست پێی نوێژی نیوە ڕۆیە، ئا لەو كاتانەدا نوێژەكان ئەنجام بدەن.

خوای گەورە ئەوەندە باڵادەستە لە مردوو زیندوو دەردێنێ و دروست ئەكات: وەكو لە دڵۆپێك ئاو مرۆڤ دروست دەكات، لە هێلكە باڵندە

دروست دەكات، لە كافر موسڵمان دروست دەكات ، وە بە پێچەوانە یشەوە لە زیندوو مردوو دەردێنێ و دروست دەكات، مرۆڤـ كە زیندووە مەنی و دڵۆپە ئاوی لێ دەردێنێ، باڵندە كە زیندووە هێلكەی لێ دەردێنێ، موسڵمان كە زیندووە جاری وا هەیە لە نەوەی ئەو كافر دەبێ ، وە لە پاش ئەوەی كە زەوی مردووە خوای گەورە بەهۆی بارانەوە زیندووی ئەكاتەوەو ئەیژیەنێتەوە ، چۆن ئەو زەویە مردووەمان زیندوو كردەوە ئێوەش بەو شێوازە لەناو قەبرەكانتان دەرئەكرێن و زیندوو دەكرێنەوە.

وە یەكێك لە نیشانەكانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەسەر زیندوو بوونەوە ئەوەیە كە ئێوەی لە خۆڵ دروست كرد، واتە: ئادەمی باوكتان ، پاشان خوای گەورە ئێوەی نەوەی ئادەمی لەسەر زەویدا بڵاو كردۆتەوەو زۆر بوونە.

وە یەكێكی تر لە نیشانەكانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەسەر زیندوو بوونەوە ئەوەیە كە لە نەفسی خۆتان خێزانی بۆ دروست كردوون، واتە: لە پەراسوی چەپی ئادەم حەوای دروست كردووە ، بۆ ئەوەی ئەو خێزانانە وەكو سوكناو هێمنی و ئارامی و پشوویەكی

دەروونی بێت بۆ ئێوە ، وە خۆشەویستی و ڕەحم و سۆزو بەزەیی خستۆتە نێوانتانەوە، یان (مَوَدَّةً) واتە: جیماع (وَرَحْمَةً) واتە: منداڵ ، ئا ئەمانە هەمووی بەدڵنیایی بەڵگەیە لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسە ڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوەو تێبیفکرن.

وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەویە، وە زمانی ئێوەی لێك جیاواز کردووە هەر یەکێك بە زمانێك قسە ئەکەن، وە ڕەنگ و شێوازیشتان لێك جیاوازە هەر یەکەو شێوەیەکتان هەیە ، بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگەو نیشانەن لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێك کە زانا بن.

وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تاك و تەنهایی و تواناو دەسە ڵاتی خوای گەورە ئەوەیە بە شەو و بەڕۆژ ئێوە ئەخەوێنێ، بە شەو ئەخەون هەندێك جاریش بە ڕۆژ کاتی (قەیلولە) بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن ، وە بە ڕۆژیش ئەگەڕێن بەدوای ڕزق و ڕۆزی خۆتان و کاسبی ئەکەن ، بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر تاك و تەنهایی

و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێك کە ببیستن وە پەندو ئامۆژگاری وەربگرن.

وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە هەورە بروسکەتان نیشان ئەدات کە هەندێك جار لێی ئەترسێن کە زەرەرو زیانتان پێ بگەیەنێ، وە هەندێك جار ئومێدتان پێیە کە دوای ئەوە باران بباریێ و سوودی لێ ببینن ، وە لە ئاسمانیشەوە بارانتان بۆ ئەهێنێتە خوارەوە ، وە ئەو زەویەی کە لە دوای ئەوەی وشك و مردووە خوای گەورە بەهۆی بارانەوە زیندووی ئەکاتەوەو ڕووەك و دانەوێڵەی لێ ئەڕوێنێ، چۆن ئەو زەویە مردووەی زیندوو کردەوە بەو شێوەیەیش ئێوە زیندوو دەکاتەوە ، بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوەو تێبگەن.

وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بە فەرمانی خوا ڕاوەستاوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك ڕایگرتبێ ، پاشان ئەگەر خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت

بانگتان بکات کاتێك کە ئێوە مردوونەو لەناو زەویدان ، ئێوە هەر هەمووتان دەرئەچن و فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ ئەکەن.

وە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەمووی موڵکی خوای گەورەیەو هەموو ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورەن.

وە خوای گەورە ئەو خوایەیە سەرەتا دروستکراوەکان دروست دەکات پاشان لە دوای مردنیش سەرلەنوێ زیندوویان ئەکاتەوە ، کە ئەمەیان ئاسانترە لای خوای گەورە، ئەوەی یەکەمیش هەر ئاسانە بەڵام سەبارەت بە عەقڵ و تێگەیشتنی ئێمە ئەمەیان ئاسانترە ، وە نموونەی هەرە بەرز بۆ خوای گەورەیە لە ئاسمانەکان و زەوی، خوای گەورە لە کەس ناچێت و کەس لە خوای گەورە ناچێت و تاك و تەنها و بێ هاوەڵە ، وە خوای گەورە زۆر بەعیزەت و باڵادەستە، وە زۆر کاربەجێیە لە وتەو کردەوەیدا.

وەهەروەها فەرموویەتی : ( أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَئِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ(٦٠) أَمَّنْ جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَئِلَهٌ مَعَ

اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ(٦١) أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الأَرْضِ أَئِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلا مَا تَذَكَّرُونَ(٦٢) أَمَّنْ يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَنْ يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ(٦٣) أَمَّنْ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَئِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ(٦٤) قُلْ لا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ الْغَيْبَ إِلا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ(٦٥) سورة النمل .

واته :ئایا بۆ خوایەك ناپەرستن بە تاك و تەنها كە ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووە ئەوەندە بەتوانایە ، وە لە ئاسمانیشەوە بارانی بۆ دابەزاندوون ، وە بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها باخ و باخاتی زۆر جوانمان بۆ ڕواندوون كە هەر كەسێك سەیری بكات سەرسام ئەبێ لە جوانیدا ، كە ئەگەر خوای گەورە نەیڕواندایە ئێوە بۆتان نەبوو نەتانئەتوانی بەبێ ویستی خوای گەورە بیڕوێنن چونكە ئێوە بێ دەسە ڵاتن ، ئایا لەگەڵ ئەم اللە¬یە كە ئەم هەموو شتانە ئەكات خوایەكی تر هەیە شایەنی پەرستن بێ كە ئێوە بیپەرستن و بیكەنە شەریك بۆ خوا؟،

بێگومان نەخێر ، بەڵکو ئەمانە کەسانێکن لە حەق لائەدەن بۆ باتڵ، یاخود ئەو خوا پوچەڵانە یەکسان ئەکەن بە خوای گەورە.

کێیە کە ئەم زەویەی ڕاخستووەو جێگیر کردووەو ناجولێت و ناهەژێت؟وە لە ناویشیدا ئەو هەموو ڕووبارو ئاوەی داناوە؟ ، وە شاخیشی وەکو مێخ بە زەویدا داکوتیوە بۆ ئەوەی نەجوولیٚ و نەهەژیٚ؟ وە لە نێوان دوو دەریاکە یەکیان شۆرەو یەکیان شیرینە خوای گەورە پەردەی داناوە کە بە چاو نابینریٚ، یان زەوی داناوەو نایەلیٚ ئەو دوو ئاوە تێکەڵ بێت؟ ئایا لەگەڵ ئەم اللە¬یە کە ئەم تواناو دەسەڵاتەی هەیە خوایەکی تر هەیە کە شایەنی پەرستن بێت وە بتوانیٚ ئەم شتانە بکات تا ئێوە بیکەن بە شەریك بۆ خوا؟ بێگومان نەخێر ، بەڵام زۆربە ی زۆریان یەکخواپەرستی خوای گەورەو تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە نازانن.

دەی ئایا هیچ کەسێک جگە لەخودا شیاوە بپەرسترێت ؟

کیٚ هەیە وەڵامی لێقەوماو بداتەوە کاتێك کە دەپارێتەوەو هانا بۆ خوای گەورە ئەبات جگە لە خوای گەورە؟ وە کیٚ هەیە خراپەتان لەسەر هەڵگریٚ و لایدات؟ وە کیٚ هەیە ئێوە بکات بە جێنشین لەسەر

زەویدا هەر ئەوەندە جیلێکی لەناوبرد جیلێکی تر جێیان بگرێتەوە؟ واتە: کەس نیە ، ئایا لەگەڵ الله دا پەرستراو و خوایەکی تر هەیە کە شایانی پەرستن بێت و ئێوە بیپەرستن و بیکەن بە شەریك بۆ خوای گەورە؟ ، بەڵام زۆر بە کەمی بیر ئەکەنەوەو ئەگەڕێنەوە بۆ حەق.

کێ هەیە ڕێنماییتان بکات لە شەوانی تاریکدا لە تاریکی وشکانی و دەریادا؟ وە کێ هەیە ئەو بایانە ئەنێرێ وەکو موژدەدانێك کە ڕەحمەتی خوای گەورەی تیایە هەورەکان کە بارانی تیایە باران ئەبارێنێ؟ ئایا لەگەڵ الله دا خوایەکی تر هەیە کە شایەنی پەرستن بێ تا ئێوە بیپەرستن؟ خوای گەورە زۆر بەرزو بڵندترو پاکترە لەوەی کە ئێوە ئەو کەسانە ئەکەنە شەریك بۆ خواو شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدەن.

کێ هەیە سەرەتا دروستکراوەکان دروست بکات وە پاشان بیانگەڕێنێتەوە دوای ئەوەی کە ئەیانمرێنێت سەرلەنوێ زیندوویان بکاتەوە؟ وە کێ هەیە ڕزق و ڕۆزی ئێوە بدات لە ئاسمانەکانەوە بە باران بارین وە لە زەویەوە بە ڕواندنی ڕووەك و دانەوێڵە؟ ئایا لەگەڵ الله یا خوایەکی تر هەیە ئەم شتانە بکات تا ئێوە بیکەنە شەریك بۆ خوای گەورە کە شایەنی پەرستن بێت؟ ئەی محمد - ﷺ - بڵێ: دەی ئێوە بە

ڵگەی خۆتان بێنن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە شەریکی هەیە ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

ئەی محمد - ﷺ - پێیان بڵێ: هیچ کەسێك نیە لە ئاسمانەکان و زەویدا غەیب و نهێنی بزانێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله ، وە ئەوانەی کە ئێوە ئەڵێن ئەمانە غەیب ئەزانن ئەوان خۆیشیان نازانن کەی خوای گەورە لەناو قەبرەکان دەریان ئەکات و زیندوویان ئەکاتەوە.

دووەم : خوای پەروەردگار ئێمەی بۆ جگە لەعیبادەت کردن دروست نەکردووە ، هەروەک فەرموویەتی : ( وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلا لِيَعْبُدُونِ(٥٦) سورة الذاريات .

واتە : وە من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاك و تەنها بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن.

سێیەم : لەڕۆژی قیامەتدا هیچ کەسێک ڕزگاری نابێت جگە لەوانە نەبێت کە خودایان بەتەنها پەرستووە ، ودوای مردن خوای گەورە خەڵک زیندو دەکاتەوە بۆ لێ پرسینەوە وپاداشت دانەوەیان وتەنها یەکتاپەرستان ڕزگاریان دەبێت وئەوانی تر هەموو بۆ دۆزەخن وخراپترین سەرەنجامیان هەیە ، پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لەوڵامی

هاوەڵەکانی دا (کاتێ کەپرسیاریان لێ کرد ( هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ؟ قَالَ هَلْ تُضَارُونَ فِي رُؤْيَةِ الشَّمْسِ وَالْقَمَرِ إِذَا كَانَتْ صَحْوًا قُلْنَا لا قَالَ فَإِنَّكُمْ لا تُضَارُونَ فِي رُؤْيَةِ رَبِّكُمْ يَوْمَئِذٍ إِلا كَمَا تُضَارُونَ فِي رُؤْيَتِهِمَا ثُمَّ قَالَ يُنَادِي مُنَادٍ لِيَذْهَبْ كُلُّ قَوْمٍ إِلَى مَا كَانُوا يَعْبُدُونَ فَيَذْهَبُ أَصْحَابُ الصَّلِيبِ مَعَ صَلِيبِهِمْ وَأَصْحَابُ الأَوْثَانِ مَعَ أَوْثَانِهِمْ وَأَصْحَابُ كُلِّ آلِهَةٍ مَعَ آلِهَتِهِمْ حَتَّى يَبْقَى مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ أَوْ فَاجِرٍ وَغُبَّرَاتٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ ثُمَّ يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ تُعْرَضُ كَأَنَّهَا سَرَابٌ فَيُقَالُ لِلْيَهُودِ مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ قَالُوا كُنَّا نَعْبُدُ عُزَيْرَ ابْنَ اللَّهِ فَيُقَالُ كَذَبْتُمْ لَمْ يَكُنْ لِلَّهِ صَاحِبَةٌ وَلا وَلَدٌ فَمَا تُرِيدُونَ قَالُوا نُرِيدُ أَنْ تَسْقِيَنَا فَيُقَالُ اشْرَبُوا فَيَتَسَاقَطُونَ فِي جَهَنَّمَ ثُمَّ يُقَالُ لِلنَّصَارَى مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ فَيَقُولُونَ كُنَّا نَعْبُدُ الْمَسِيحَ ابْنَ اللَّهِ فَيُقَالُ كَذَبْتُمْ لَمْ يَكُنْ لِلَّهِ صَاحِبَةٌ وَلا وَلَدٌ فَمَا تُرِيدُونَ فَيَقُولُونَ نُرِيدُ أَنْ تَسْقِيَنَا فَيُقَالُ اشْرَبُوا فَيَتَسَاقَطُونَ فِي جَهَنَّمَ حَتَّى يَبْقَى مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ أَوْ فَاجِرٍ فَيُقَالُ لَهُمْ مَا يَحْبِسُكُمْ وَقَدْ ذَهَبَ النَّاسُ فَيَقُولُونَ فَارَقْنَاهُمْ وَنَحْنُ أَحْوَجُ مِنَّا إِلَيْهِ الْيَوْمَ وَإِنَّا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِيَلْحَقْ كُلُّ قَوْمٍ بِمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ وَإِنَّمَا نَنْتَظِرُ رَبَّنَا قَالَ فَيَأْتِيهِمِ الْجَبَّارُ .. فَيَقُولُ أَنَا

رَبُّكُمْ فَيَقُولُونَ أَنْتَ رَبُّنَا فَلا يُكَلِّمُهُ إِلا الأَنْبِيَاءُ .. فَيَسْجُدُ لَهُ كُلُّ مُؤْمِنٍ )

رواه البخاري رقم ٦٨٨٦ .

واته : ئایا لەڕۆژی دواییدا پەروەردگاری خۆمان دەبینین ؟ فەرمووی : ئایا کاتێ کەدونیا ڕووناک بێ تەماشای خۆر ومانگ بکەن هیچ زیانێکتان پێ دەگات ؟

گوتمان نەخێر .فەرمووی : بەهەمان شێوە ئێوەش لەبینی خودادا هیچ زیانێکتان پێ ناگات ، پاشان بانگ دەرێک بانگ دەکات با هەر کەس و گەلێک بچن بۆ لای ئەو شتەی کەدەیان پەرست ، ئەوانەی سەلیبیان پەرستووە دەچن بۆلای سەلیبەکان وئەوانەش کەبتیان دەپەرست دەچن بۆ لای بتەکانیان وهەموو ئەوانەی جگە لەخودایان دەپەرست دەچن بۆ لای پەرستراوەکانیان ، تاوەکو تەنها ئەوانە دەمێننەوە کە بەتەنها خودایان دەپەرست جا چاک بن یاخود خراپ وهەندێکی کەم لەئەهلی کتاب ، پاشان جەهەنەم دەهێندرێت کە لەهاوشێوەی سەرابە ، دواتر بەجولەکە دەوترێت : ئێوە چیتان دەپەرست ؟ دەڵێن عوزەیزی کوڕی خودا .

پێیان دەوترێت : درۆتان کرد خودا نە خێزان و نەمنداڵی نی یە و دەی چ شتێکتان دەوێت ؟دەڵێن دەمانەوێت ئاومان پێ بدرێت ، پێیان دەوترێت بخۆنەوە ودەکەونە نێو دۆزەخەوە ، پاشان بەمەسیحیەکان دەوترێت : ئێوە چتان دەپەرست ؟ دەڵێن مەسیحی کوڕی خودا .

پێیان دەوترێت درۆتان کرد خودا نە خێزان و نەمنداڵی نی یە و دەی چ شتێکتان دەوێت ؟دەڵێن دەمانەوێت ئاومان پێ بدرێت ، پێیان دەوترێت بخۆنەوە ودەکەونە نێو دۆزەخەوە ،

تاوەکو تەنها ئەوانە دەمێننەوە کەبەتەنها خودایان دەپەرست چا چاک بن یاخود خراپ وپێیان دەوترێت چ شتێک ئێوەی لێرە گیر داوە لەکاتێکدا هەموان چوون بەلای پەرستراوەکانیانەوە ؟

دەڵێن : ئێمە لەوان جودابووینەوە و ئەمڕۆ زۆر پێویستمان پێیەتی و ئێمە گوێمان لەبانگ کەرێک بوو دەیگوت :

با هەموان بچن بەلای پەرستراوەکانیانەوە وئێمە چاوەڕیان پەروەردگارمانە و لەو کاتەدا خوای باڵ دەست دێت و دەڵێت من خوداتانم دەڵێن تۆ خودای ئێمەی وهیچ کەسێک جگە لەپێغەمبەران قسە ناکات ئەوەی باوەڕدار بێت دەچێتە سەژدە .

ئا ئەو باوەڕدارانە ئەهلی بەهەشتن و هیچ ترس و دودڵیەکیان لەسەر نی یە و بەهەتا هەتایی تیادا دمێننەوە .

بەئومێدی ئەوەی وەڵامەکە ڕوون بێت ، ودوای هەموو ئەمانە ئەوە دەڵین کەخوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا .. (١٥) سورة الإسراء ،
واتە :جا هەر کەسێك ڕێگای هیدایەت و چاکە وەرگرێ ئەوە بۆ خۆی هیدایەتی وەرگرتووەو چاکەکەی بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە ، وە هەر کەسێکیش گومڕا بێ ئەوە خراپەکەی تەنها بۆ سەر خۆی ئەگەڕێتەوە .

## بەڵگە لەسەر تاک و تەنهایی خوای پەروەردگار

**پرسیار:**

**ئایا دەکرێ چەند بەڵگەیەک باس بکەن بۆ هاوبەش بڕیاردەران لەسەر تاک و تەنهای خودای پەروەردگار ؟**

الحمد لله

هەموو دونیا و ئەو شێوازی ژیان و بەڕێوە بردنە هەمووی بەڵگەیە لەسەر تاک و تەنهایی و وەحدانیەتی خودا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ( ألا له الخلق و الأمر تبارك الله رب العالمين ) الأعراف / ٥٤ .

واتە :ئایا دروست کردن و فەرمان دەرکردن هەر بۆ خوای گەورە نیە، واتە: چۆن لە دروست کردندا کەس شەریکی خوا نیە لە فەرمان دەرکردن و ئەحکامی شەریعەو یاسادانانیشدا نابێت کەس شەریکی خوای گەورە بێ ، الله کە پەروەردگاری هەموو جیهانە خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرو فراوانە.

ئاسمان و زەوی دروست کردووە و جیاوازی شەو ورۆژ . .و جۆرەها ڕووەک وشتی بێگیان ومرۆڤ وئاژەڵی دروست کردووە هەموو ئەمانە

بەڵگەن لەسەر دروستكارێكی گەورە كە هیچ هاوەڵێكی نییە : ( ذلكم الله ربكم خالق كل شيء لا إله إلا هو فأنى تؤفكون )غافر/٦٢ .

واته :ئا ئەم (الله) یە پەروەردگاری ئێوەیە ، كە دروستكاری هەموو شتێكە ، هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها زاتی پیرۆزی (الله) نەبێ ، ئیتر چۆن ئێوە لە عیبادەت و تەوحیدی خوای گەورە لائەدەن بۆ پەرستنی جگە لە خوای گەورە.

جۆرا وجۆری ئەم كەونە و گەورەی و ڕێك و پێكی وپاراستنی وبەڕێوە بردنی بەڵگەن لەسەر ئەوەی دروست كارەكەی یەكە و ئەوەی بیەوێ ئەنجامی دەدات : ( الله خالق كل شيء وهو على كل شيء وكيل ) الزمر/٦٢ .

واته :خوای گەورە دروستكاری هەموو شتێكە ، وە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیەو خۆی ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات و هەڵسوكەوتی تێدا دەكات.

هەموو ئەوانەی ئاماژەی پێ درا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم كەونە بەدیهێنەرێكی هەیە وبێ خاوەن نی یە و لەپشتی هەموو وێنەیەكەوە

وێنەکێشێک هەیە : ( هو الله الخالق البارئ المصور له الأسماء الحسنى ) الحشر/٢٤ .

واتە : خوای گەورە دروستکارە، یان تەقدیری شتەکان ئەکات بە گوێرە ی ویست و ئیرادەی خۆی ، ئەوەی کە خوای گەورە تەقدیری کردووە ئەیهێنێتە بوون و دروستی ئەکات لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك ناتوانێ ئەو شتەی کە دایئەنێ و تەقدیری ئەکات دواتر دروستی بکات و بیهێنێتە بوون ئەمە تەنها بۆ خوای گەورەیە ، وە خوای گەورە وێنەکێشە وێنەی دروستکراوەکان ئەکێشێ بە جوانترین شێواز ، هەرچی ناوە جوانەکان هەیە بۆ خوای گەورەیە و خوای گەورە ناوی جوانی زۆرە کە خۆی نەبێت کەس نازانێت ژمارەیان چەندە، چونکە هەندێك ناوی لای خۆی هێشتۆتەوەو بە هیچ پێغەمبەرێکی نەووتووەو لە هیچ کتابێکیشدا داینەبەزاندووە .

**جوانی ئاسمان و زەوی .**

ڕێکی بوونەوەر وگونجانی دروست کراوەکان بەیەکەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی خودا یەک خودایە وهاوەڵی نی یە : ( لو كان فيهما آلهة إلاّ الله لفسدتا فسبحان الله رب العرش عما يصفون ) الأنبياء/٢٢ .

واته :ئەگەر لە ئاسمانەکان و لە زەویدا جگە لە زاتی پیرۆزی الله خوای تری تیادا بوایە ئەوە ئاسمانەکان و زەوی وێران و کاول ئەبوون چونکە ئەگەر زیاتر لە خوایەك هەبوایە ئەوا ویستەکانیان پێچەوانەی یەك ئەبوو ، پاك و مونەززەهی بۆ الله کە پەروەردگاری عەرشی گەورەیە لەو وەسفە خراپانەی کە ئەیدەنە پاڵ خوای گەورە.

جا ئەم دروست کراوە گەورانە یان ئەوەیە خۆیان خۆیان دروست کردووە کە ئەوە شتێکی مەحاڵە ، یاخود مرۆڤ خۆی دروست کردووە وپاشان ئەم بوونەوەرەی دروست کردووە ئامەشیان هەر مەحاڵە : ( أم خلقوا من غير شيء أم هم الخالقون أم خلقوا السماوات و الأرض بل لا يوقنون ) الطور/٣٥ - ٣٦ .

واته :یاخود ئایا ئێوە بەبێ هیچ شتێك دروست کراون و لە هیچ دروست کراون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروست کردووە؟ نەخێر هیچیان نیە بەڵکو خوایەك هەیە کە ئێوەی دروست کردووە.

یاخود ئایا ئێوە ئاسمانەکان و زەویتان دروست کردووە؟ نەخێر وانیە بە ڵکو ئێوە یەقینتان نیەو لە گوماندا ئەژین.

بێگومان عەقڵ و وەحی بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم کەونە دروستکارێکی هەیە ، زیندوو و زانا و بەڕەحم و چەند ناوێکی جوانی هەیە وهیچ شتێک بەلایەوە قورس نییە و ناش شوبهێ بەهیچ شتێک :

( وإلهكم إله واحد لا إله إلا هو الرحمن الرحيم ) البقرة/ ١٦٣ .

واتە : هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله نەبێ ئەو خوایەی کە خوایەکی زۆر بەڕەحم و سۆزو میهرەبانە.

بوونی خودا زۆر بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت : ( قالت رسلهم أفي الله شك فاطر السماوات والأرض ) إبراهيم/١٠.

واتە : پێغەمبەرانیان پێیان وتن: ئایا دوودڵی و گومان هەیە لە خوای گەورەدا کە بەدیهێنەرو دروستکاری ئاسمانەکان و زەویەکانە .

خوای پەروەردگار خەڵکی وا دروست کردووە دان بنێن بەخودای خودادا وتەوحیدی ڕوبووبیەتیان هەبێت وبەتاک و تەنهای بزانن بەڵام شەیتانەکان دێنە لای نەوەی ئادەم ودووریان دەخەنەوە لەدین ، لەفەرموودەیەکی قودسی داهاتووە : ( إني خلقت عبادي حنفاء كلهم

وإنهم أتتهم الشياطين فاجتالتهم عن دينهم وحرمت عليهم ما أحللت لهم ) رواه مسلم برقم ٢٨٦٥.

واته : بەندەکانم بەیەکتاپەرست وپاک دروست کردووە ئەوە شەیتانەکانن دووریان دەخەنەوە لەدین و شتانێکیان لەسەر حەرام دەکەن کە لەئەسڵدا حەڵاڵە .

بۆیە هەندێ لەمرۆڤەکان ئینکاری بوونی خودا دەکەن ، وهەندێکی تر شەیتان دەپەرستن وهەندێکی تر مرۆڤ دەپەرستن وهەندێکی تریان پارە یاخود ئاگر یاخود داوێن وئاژەڵ یاخود دار وبەرد و ئەستێرە دەپەرستن .

بێگومان ئەوانەی کەجگە لەخودا دەپەرسترێن هیچ شتێکیان لەم کەونە دروست نەکردووە ورزقی کەسیان نەداوە وهیچ زیان وقازانجێک ناگەینن دەی چۆن لەبری خودا ئەوانە دەپەرسترێن ؟ ( أأرباب متفرقون خير أم الله الواحد القهار ) يوسف/ ٣٩ .

واته :پاشان یوسف - ﷺ - ڕووی کردە ئەو دوو گەنجەو بانگی کردن بۆ یەکخواپەرستی و فەرمووی: ئەی هەردوو هاوەڵەکەی بەندینخانەم

ئایا کۆمەڵێك پەروەردگاری لێك جیاواز باشترە کە ئێوە ئەیانپەرستن ، یاخود تەنها خوایەك کە الله یەو تاك و تەنهاو باڵادەست و بەتوانایە.

بۆیە خوای گەورە وەسفی ئەوانەی کە بت دەپەرستن بەوەی نابیستن و نابینن و تێ نافکرن کردووە : ( إن الذين تدعون من دون الله عباد أمثالكم فادعوهم فليستجيبوا لكم إن كنتم صادقين - ألهم أرجل يمشون بها أم لهم أيد يبطشون بها أم لهم أعين يبصرون بها أم لهم آذان يسمعون بها ) الأعراف/ ١٩٤ - ١٩٥ .

واتە : ئەو خوایانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە عیبادەتیان بۆ ئەکەن وە لێیان ئەپاڕێنەوە ئەوانیش بەندەن وەکو ئێوە ، دەی لێیان بپاڕێنەوە با ئەوانیش وەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

ئەو بتانەی کە ئێوە بەدەستی خۆتان دروستتان کردوون ئایا پێیان هەیە تا پێی بڕۆن؟ ، یاخود دەستیان هەیە تا بەقوەت و بەهێز شتی پێ وەربگرن؟ ، یاخود چاویان هەیە تا شتی پێ ببنن؟ ، یاخود گوێیان هە یە تا شتی پێ ببیستن؟، ئەمە هەمووی (ئیستیفامی ئینکاری)یە، واتە: هیچ شتێك لەمانەیان نیە چۆن ئەمانە ئەکرێن بەخوا! ،ئەی محمد - ﷺ - بڵێ: دەی ئێوە بانگی ئەو کەسانە بکەن کە کردووتانن بە شەریك بۆ

خوای گەورە ، پاشان نەخشەو پیلان دابنێن وە هیچ مۆڵەت بە من مەدەن، ئێوە ناڵێن: ئەم خوایانەی ئێمە شتیان بەدەستە با خوایەکانتان بتوانێ زیانێکمان پێ بگەیەنێ.

هەروەها فەرموویەتی ( قل أتعبدون من دون الله ما لا يملك لكم ضراً ولا نفعاً والله هو السميع العليم ) المائدة/٧٦ .

واتە : ئەی محمد- ﷺ - پێیان بفەرمە: ئایا ئێوە عیبادەتی غەیری خوای گەورە دەکەن و عیبادەت بۆ کەسانێك ئەکەن کە هیچ زەرەرو سوودێکیان بەدەست نیە بۆ خۆیان چ جای بۆ غەیری خۆیان چۆن ئە یانکەن بە خوای گەورە وەکو عیساو دایکی، کە بە حیسابی ئێوە ئەڵێن: عیسا- ﷺ - کوژراوەو لە خاچ دراوە ئەی بۆ نەیتوانی خۆی لە کوشتن ڕزگار بکات؟ وە دایکی کە مرد بۆ نەیتوانی خۆی لە مردن ڕزگار بکات؟ چۆن دەبێت خوا بکوژرێت و لە خاچ بدرێت یان بمرێت؟ ، وە خوای گەورە زۆر بیسەرو زانایە بە هەموو شتێك وە سوود پێگەیاندن و زیان تەنها بەدەست خوای گەورەیە.

ئای چەند نەفامی ونەگبەتی یە ئینکاری لەکەسێک بکەیت کەدروستی کردوویت وڕزقی داویت ! ( فإنها لا تعمى الأبصار ولكن تعمى القلوب التي في الصدور ) الحج/ ٤٦.

واتە :بەڵام چاو کوێر و نابینا نابێ ، بەڵکو ئەو دڵەی کە لە سینگدایە کوێرەو حەقیقەت و ڕاستیەکان نابینێ.

پاک وبێگەردی بۆ خودا لەهاوبەش دانان وسوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان : ( قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلاَمٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ (٥٩) أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ (٦٠) أَمَّنْ جَعَلَ الأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلاَلَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (٦١) أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ (٦٢) أَمَّنْ يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَنْ يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ أَمَّنْ يَبْدَأُ

الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ) النمل / ٥٩ - ٦٤ .

واته :

ئەی محمد - ﷺ - حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە بکە ، وە سڵاوی خوای گەورە لەسەر ئەو بەندانە بێت کە خوای گەورە هە ڵیبژاردوون و کردوونی بە پێغەمبەر، یاخود هاوەڵانن کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ هاوەڵایەتی کردن و پشتیوانی و سەرخستنی پێغەمبەری خوا - ﷺ - ، ئەی محمد - ﷺ - پێیان بڵێ: ئایا الله باشترە یاخود ئەمانەی کە ئێوە کردووتانە بە شەریك بۆ خوای گەورە؟، یان ئایا پاداشتی خوا باشترە یاخود ئەمانەی کە ئێوە کردووتانە بە شەریك بۆ خوای گەورە؟

ئایا بۆ خوایەك ناپەرستن بە تاك و تەنها کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ئەوەندە بەتوانایە ، وە لە ئاسمانیشەوە بارانی بۆ دابەزاندوون ، وە بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها باخ و باخاتی زۆر جوانمان بۆ ڕواندوون کە هەر کەسێك سەیری بکات سەرسام ئەبێ لە جوانیدا ، کە ئەگەر خوای گەورە نەیڕواندایە ئێوە بۆتان نەبوو

نەتانئەتوانی بەبێ ویستی خوای گەورە بیڕوێنن چونکە ئێوە بێ دەسە ڵاتن ، ئایا لەگەڵ ئەم اللە¬یە کە ئەم هەموو شتانە ئەکات خوایەکی تر هەیە شایەنی پەرستن بێ کە ئێوە بیپەرستن و بیکەنە شەریك بۆ خوا؟، بێگومان نەخێر ، بەڵکو ئەمانە کەسانێکن لە حەق لائەدەن بۆ باتڵ، یاخود ئەو خوا پوچەڵانە یەکسان ئەکەن بە خوای گەورە.

کێیە کە ئەم زەویەی ڕاخستووەو جێگیر کردووەو ناجولێت و ناهەژێت؟ ،وە لە ناویشیدا ئەو هەموو ڕووبارو ئاوەی داناوە؟ ، وە شاخیشی وەکو مێخ بە زەویدا داکوتیوە بۆ ئەوەی نەجوولێ و نەهەژێ؟ ، وە لە نێوان دوو دەریاکە یەکیان شۆرەو یەکیان شیرینە خوای گەورە پەردەی داناوە کە بە چاو نابینرێ، یان زەوی داناوەو نایەلێ ئەو دوو ئاوە تێکەڵ بێت؟ ، ئایا لەگەڵ ئەم اللە یە کە ئەم تواناو دەسەڵاتەی هەیە خوایەکی تر هەیە کە شایەنی پەرستن بێت وە بتوانێ ئەم شتانە بکات تا ئێوە بیکەن بە شەریك بۆ خوا؟ بێگومان نەخێر ، بە ڵام زۆربەی زۆریان یەکخواپەرستی خوای گەورەو تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە نازانن.

کێ هەیە وەڵامی لێقەوماو بداتەوە کاتێك کە دەپارێتەوەو هانا بۆ خوای گەورە ئەبات جگە لە خوای گەورە؟ ، وە کێ هەیە خراپەتان لەسەر هە ڵگرێ و لایدات؟ ، وە کێ هەیە ئێوە بکات بە جێنشین لەسەر زەویدا هەر ئەوەندە جیلێکی لەناوبرد جیلێکی تر جێیان بگرێتەوە؟ واتە: کەس نیە ، ئایا لەگەڵ الله دا پەرستراو و خوایەکی تر هەیە کە شایانی پەرستن بێت و ئێوە بیپەرستن و بیکەن بە شەریك بۆ خوای گەورە؟ ، بەڵام زۆر بە کەمی بیر ئەکەنەوەو ئەگەڕێنەوە بۆ حەق .

سەرچاوە : کتاب أصول الدين الإسلامي : نوسینی الشيخ محمد بن ابراهيم التويجري

**ڕوونکردنەوەی ڕوکن و پایەکانی ئیسلام (أركان الإسلام)**

**پرسیار:**

**داوا کارین ڕوکن و پایەکانی ئیسلاممان بو ڕوون بکەیتەوە ؟ کەسێک تازە موسڵمان بێ چۆن شارەزا بێ لە پایەکانی دینەکەی؟**

الحمد لله

ئیسلام لەسەر ئەم پێنج پایەیە بونیاد نراوە کە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێ داوە : ( بني الإسلام على خمس شهادة أن لا إله إلا الله ، وأن محمداً رسول الله و إقام الصلاة ، وإيتاء الزكاة والحج وصوم رمضان ) متفق عليه أخرجه البخاري برقم ٨ .

واتە : ئیسلام بونیاد نراوە لەسەر پێنج بنچینە :

شایەتی دان بەوەی هیچ پەرستراوێک نیە شایستەی پەرستن بێ بە حەق جگە لە الله ،و موحەمەد نێردراوی خودایە و نوێژ بکات و ڕۆژو بگرێت و زەکات بدات و حەج بکات .

ئیسلام بیرو باوەڕ وشەریعەتە خودا و پێغەمبەرەکەی هەموویان ڕوون کردۆتەوە چ شتێک حەڵاڵە و کامە حەڕامە و ئادابەکان چین و عیبادەت و کڕین وفرۆشتن چۆن دەکرێت و حاڵی خەڵک و ڕۆژی دوای چۆنە ، خوای گەورە لەسەر دەستی پێغەمبەرەکەی ئەو دینەی تەواو کردووە کە خۆی لێی ڕازیە بەڵکو ببێتە ڕێبازی ژیان تاوەکو ڕۆژی دوایی ، خوای

پەروەردگار فەرموویەتی : ( اليوم أكملت لكم دينكم وأتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الإسلام دينا ) المائدة/٣ .

واته : ئەمڕۆ دینەکەی خۆم بۆتان تەواو کرد، هەرگیز پێویستتان بە زیادە نابێت بیهێننە ناو دینەکەتانەوە، وە ئاشکرام کرد بەسەر هەموو دینەکاندا ، وە نیعمەتی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا بەوەی کە مەککەم بۆ ئازاد کردن و بەسەر کافراندا زاڵم کردن ، وە ڕازی بووم کە ئیسلام دینی ئێوە بێ تا ڕۆژی قیامەت، وە ئێوەیش رازی بن کە دینتان بێت .

**ئەرکانەکانی ئیسلام :**

**ڕوکنی یەکەم شایەتوومان هێنان .**

بەوەی باوەڕی وابێت خوای گەورە بەتەنها دروستکار و ڕازقە و هەر ئەو ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات ، هەروەک خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( بديع السماوات والأرض أنى يكون له ولد ولم تكن له صاحبة وخلق كل شيء وهو بكل شيء عليم ، ذلكم الله ربكم لا إله إلا الله هو خالق كل شيء فاعبدوه وهو على كل شيء وكيل ) الأنعام/١٠١-١٠٢.

واتە : خوای گەورە داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییەو دروستی کردوون بە شێوازێك کە پێشتر وانەبوونە ، خوای گەورە چۆن منالّی ئەبێت لە کاتێك کە خێزانی نیە ئەمە شتێکی ئەستەمە ، وە خوای گەورە هەموو شتێکی دروست کردووە بە مەلائیکەت و عیسى و عوزێرو هەموو ئەو کەس و شتانەی تر کە ئەوان ئەیدەنە پاڵ خوای گەورە هەمووی عەبدو دروستکراوی خوای گەورەن ، وە خوای گەورە زانیاری بەهەموو شتێك هەیە .

ئەو الله یە کە پەروەردگاری ئێوەیە ، هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ ، کە دروستکاری هەموو شتێکە، ئێوە بەتاك و تەنها عیبادەت بۆ ئەو خوایە بکەن چونکە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە وە هەر ئەو تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە وە پارێزەری هەموو شتێکە .

هەروەها باوەڕی وابێت کەخودا پێغەمبەرەکەی موحەمەدی ﷺ ناردووە وکتابێکی لەگەڵدا دابەزاندە وفەرمانی پێ کردووە بیگەیەنێتە خەڵک وەهەروەها باوەڕی وا بێت خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر و بەگوێ کردنیان واجبە لەسەر هەموو تاکێک وخۆشەویستی خودا نایەتە جێ

تەنها بەشوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ نەبێت : ( قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم ) آل عمران /٣١.

واتە : ئەی محمد - ﷺ - پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ، کەسانێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەری خوا - ﷺ - نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە راستگۆ نیە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، وە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا - ﷺ - بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورەو هۆکارە بۆ دەستخستنی خۆشەویستی خوای گەورەو لێخۆشبوونی تاوانەکان ، وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە .

**ڕوکنی دووەم نوێژ کردنە :**

باوەڕی وابێت خودا پێنج نوێژی لەشەو و ڕۆژێکدا لەسەر هەموو موسوڵمانێکیّ بالغ فەرز کردووە و بەدەست نوێژەوە ئەنجامی دەدات .

جا نوێژەکان بریتین لە نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا و چەند نوێژی تری سوننەت هەن وەک شەو نوێژ و نوێژی تەراویح و نوێژی چێشتەنگا و جگە لەمانەش .

بێگومان ئەنجامی دانی نوێژ جا فەرز بێت یاخود سوننەت ڕاستی باوەڕ دەردەخەن بۆیە خوای پەروەردگار فەرمانی بەموسوڵمانان کردووە پارێزگاری لیّ بکەن و بەجەماعەت ئەنجامی بدەن ،هەروەک فەرموویەتی : ( حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى وقوموا لله قانتين ) البقرة/٢٣٨

واتە : پارێزگاری لەسەر نوێژەکانتان بکەن و بەردەوام بن لەسەری بەتایبەتی نوێژی ناوەڕاست کە نوێژی عەصرە ، سەرەتا لەناو نوێژدا قسە یان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ئیتر بێدەنگ بوون، واتە بەپێوە نوێژەکانتان ئەنجام بدەن لە نوێژی فەرزدا بە لاّم سوننەت مرۆڤـ ئەتوانیّ بە دانیشتنیشەوە بیکات (قَانِتِينَ) واتە:

گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن وە خشوعتان بۆ خوای گەورە هەبێ وە بێدەنگ بن و قسە مەکەن لەناو نوێژەکانتاندا

جا ئەم پێنج نوێژە لەشەو وڕۆژێکدا ئەنجام دەدرێن وکات وساتی دیاری کراویان هەیە : ( إن الصلاة كانت على المؤمنين كتاباً موقوتاً ) النساء/ ١٠٣ .

واتە :بە دڵنیایی نوێژ کردن فەرز کراوە لەسەر ئیمانداران وە کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە لە کەیەوە دەست پێ دەکات وە لەکەیدا کۆتایی دێت نابێ لەوە دوابخرێ ئیلا ئەگەر کەسێك عوزری هەبێ وەکو خەوتن یاخود لە بیرچوون ئەگەرنا لە کاتی ترسیشدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیشدا خوای گەورە ڕێگەی نەدا کە نوێژەکانیان دوابخەن وە بەجەماعەتیش فەرمانی پێ کردن کە بیکەن.

هەرکەسێک بەئەنقەست واز لەو پێنج نوێژە بێنێت ئەوا کافر دەبێت هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی : ( منيبين إليه واتقوه وأقيموا الصلاة ولا تكونوا من المشركين ) الروم /٣١ .

واتە : بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوە ، وە تەقوای خوای گەورە بکەن و خۆتان لە تاوان بپارێزن ، وە نوێژەکانتان ئەنجام بدەن بە ڕوکن و

واجبات و خشوعەوە ، وە ئێوە لەو کەسانە مەبن و وەك ئەو کەسانە مەبن کە شەریکیان بۆ خوا داناوە.

پاشان ئیسلام لەسەر یارمەتی دان وبرایەتی وخۆشەویستی بونیاد نراوە بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین بەکۆ بوونەوە بۆ نوێژ و پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەزڵ و ڕێزی نوێژی جەماعەتی بۆ بەیان کردووین : ( صلاة الجماعة أفضل من صلاة الفذ بسبع وعشرين درجة) . رواه مسلم برقم ٦٥٠ .

واتە : نوێژی جەماعەت بیست وحەوت پلە خێری زیاترە لەنوێژ بەتەنها .

نوێژ یارمەتی دەری مرۆڤە بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپ وناڕەحەتیەکاندا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ( واستعينوا بالصبر والصلاة وإنها لكبيرة إلا على الخاشعين ) البقرة/٤٥ .

واتە : وە پشت بە صەبر گرتن و نوێژ کردن ببەستن لەسەر چاکە، وە بە ڕاستی نوێژ زۆر گەورەو قورسە تەنها لەسەر کەسانێك نەبێ کە خاشع و ملکەچی فەرمانی خوای گەورەن.

نوێژ تاوانەکانی دەسڕێتەوە هەروەک پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : ( أرأيتم لو أن نهراً بباب أحدكم يغتسل منه كل يوم خمس مرات هل يبقى من درنه شيء ؟ قالوا لا يبقى من درنه شيء . قال فذلك مثل الصلوات الخمس يمحو الله بهن الخطايا ) رواه مسلم برقم ٦٧٧ .

واتە : گەر جۆگەلەیەک ئاو بەبەردەمی ماڵی یەکێک لەئێوەدا تێپەڕ ببێت وهەموو ڕۆژێک پێنج جار خۆی لێ بشوات ئایا هیچ پیسیەکی پێوە دەمێنێت ؟

گوتیان نەخێر هیچ پیسیەکی پێوە نامێنێت .

فەرمووی دەی نوێژیش بەهامان شێوەیە و خودا تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە .

ئەنجامی دانی نوێژ لەمزگەوتدا هۆکاری چوونە بەهەشتە هەروەک پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : (من غدا إلى المسجد أو راح أعد الله له في الجنة نزلاً كلما غدا أو راح ) . رواه مسلم برقم ٦٦٩ .

واته : هەرکەسێک بەیانیان وئێواران بچێت بۆ نوێژ ئەوا خودا هەر جارەی کە دەچێت لە بەهەشتدا جێگایەکی بۆ ئامادە دەکات .

نوێژ پەیوەندی نێوان بەندە وخالقەکەیەتی ونوری چاوی پێغەمبەرە ﷺ بۆیە هەرکات توشی خەفەت نارەحەتیەک بوایە پەنای دەبردە بەر نوێژ کردن.

نوێژ خۆ زەلیل کردن ونزیک بوونەوەیە لەخودا وڕێگری دەکات لەتاوان وخراپەکاری : ( اتل ما أوحي إليك من الكتاب وأقم الصلاة إن الصلاة تنهى عن الفحشاء و المنكر ) العنکبوت /٤٥ .

واته : ئەی محمد - ﷺ - ئەو قورئانەی کە بە وەحی بۆت هاتووە بۆ خەڵکی بخوێنەوە ، وە نوێژەکانت ئەنجام بدە ، بەدڵنیایی نوێژ قەدەغە ی خەڵکی ئەکات و دەیانگەڕێنێتەوە لە خراپەکاری و تاوان و هەر شتێك کە پێچەوانەی شەریعەت بێت ، وە زیکرو یادی خوای گەورەش لە هەموو عیبادەتێك گەورەترە، یان ئەمیش بەهەمان شێوە قەدەغەت ئەکات لە خراپەکاری ، وە خوای گەورە زانایە بەو کردەوانەی کە ئێوە ئە یکەن.

## ڕوکنی سێیەم زەکات دانە :

بێگومان خوای گەورە مرۆڤەکانی بەجۆرەها شێوە و ڕەنگ دروست کردووە بەشێوەیەک هەندێک هەژار و هەندێک دەوڵەمەند بۆ ئەوەی هەژار تاقی بکاتەوە تا چەند ئارام دەگرێت و دەوڵەمەندەکانیش تاچەند شوکر وسوپاسی خودا دەکەن .

وە لەبەر ئەوەی موسوڵمانان بران و برایەتیش بونیاد نراوە لەسە ڕەحمەت و خۆشەویستی بۆیە زەکاتی واجب کردووە و لەدەوڵەمەندەکان وەردەگیردرێت ودەدرێت بەهەژارەکان ، خوای گەورە فەرموویەتی : (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها وصلّ عليهم إن صلاتك سكن لهم ) التوبة/١٠٣ .

واتە : ئەی محمد - ﷺ - لە ماڵەکانیان صەدەقەو خێرێك وەربگرە یان زەکاتی فەرز وەربگرە کە بەهۆیەوە پاکیان ئەکەیتەوە لەو تاوان و شتانە ی کە پێیانەوەیە ، وە دوعاشیان بۆ بکە ئەو دوعای خێرو داوای لێخۆشبوونەی تۆ ئەبێتە ڕەحمەت و هێمنی و ئارامی و دڵنەوایی بۆ ئەوان ، وە خوای گەورە زۆر بیسەرو زانایە.

زەکات ماڵ پاک دەکاتەوە و بەرەکەتداری دەکات ودەبێتە هۆکاری بەهێز کردنی خۆشەویستی لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا .

وەخوای گەورە زەکاتی واجب کردووە لەسەر کەسێک ئەوەندە ماڵی هەبێت بگاتە ئەندازەی زەکات وساڵی بەسەردا تێپەڕ بووبێت وەک زێڕ وزیو وشت و مەکی بازرگانی وبەرو بووم ودانەوێڵە ومەڕ وبزن و وشتر ومانگا کە لەکتێبە فیقهیەکاندا بەدرێژی ڕوون کراوەتەوە ، هەرکەسێک زەکات دەر بکات خودا تاوانەکانی دەسڕێتەوە وپاداشتی گەورەی دەداتەوە : ( وأقيموا الصلاة وأتوا الزكاة وما تقدموا لأنفسكم من خير تجدوه إن الله بما تعملون بصير ) البقرة /١١٠.

واتە : ئێوە نوێژەکانتان بکەن و ئەنجامی بدەن و ڕای بگرن وە زەکاتی ماڵتان بدەن ، وە لە دونیادا هەر کردەوەیەکی چاك پێشبخەن و بینێرن بۆ قیامەتی خۆتان ئەوە لە ڕۆژی قیامەت لای خوای گەورە ئەجرو پاداشتەکەی دەبیننەوە ، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بینایە بەهەموو کردەوەیەك کە ئێوە ئەیکەن و هەمووی ئەبینێ.

دواتر بێگومان نەدانی زەکات دەبێتە هۆکاری بەڵاو وموسیبەت وبڵاو بوونەوەی خراپە وناخۆشی لە وڵاتدا جگە لە سزاو سەختی دوا ڕۆژ ،

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم - يوم يحمى عليها في نار جهنم فتكوى بها جباههم وجنوبهم وظهورهم هذا ما كنزتم لأنفسكم فذوقوا ما كنتم تكنزون ) التوبة /٣٤-٣٥.

واتە : وە ئەو کەسانەیشی کە ئاڵتوون و زیو کۆ ئەکەنەوەو لە پێناو خوای گەورەدا نایبەخشن، واتە: زەکاتی ماڵەکەیان نادەن ئەوانە موژدە یان پێ بدە بە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازار.

لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو زێڕو زیو و پارو خشڵەیان ئەهێنرێ لە ئاگری جەهەننەمدا بۆیان داخ ئەکرێ ، وە دەموچاو و لایەکان و پشتیانی پێ داخ ئەکرێ لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە، وە پێیان ئە وترێ: ئا ئەمە ئەو کەنزو خشڵەیە کە ئێوە بۆ خۆتان هەڵتانگرتبوو زەکات و حەقی خوای گەورەتان لێ نەئەدا دەی بچێژن سزای ئەوەی کە هەڵتانگرتبوو، هاوەڵان فەرموویان چ ماڵ و سامانێکمان هەبێت؟

پێغەمبەری خوا - ﷺ - فەرمووی: (زمانێکی زیکرکار، وە دڵێکی سوپاسگوزار، وە خێزانێکی یارمەتیدەر لەسەر دینەکەتان)، (ئیبنو مەسعود) دەفەرمێت: (سوێند بە خوای گەورە دینار ناکەوێتە سەر

دینارو درهەم ناكەوێتە سەر درهەم بەڵكو پێستەی ئەو كەسە فراوان دەكرێت و دینار دینارو درهەم درهەم پێی سزا دەدرێت)، (ئیمامی موعاویە) دەفەرمێت: ئەم ئایەتە لەسەر ئەهلی كتاب دابەزی، (ئەبو زەڕ)یش دەفەرمێت: لەسەر ئەوان و ئێمەی موسڵمانیش دابەزی، كە (ئەبو زەڕ) باوەڕی وابوو هەركەسێك لە پێویستی خۆی زیاتری هەبێت ئەوە كەنزەو ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە بۆیە (ئیمامی عوسمان) ناردی بۆ (رەبەزە) كە شوێنێكە نزیك مەدینە (خوا لە هەموویان رازی بێت).

وە دانی زەكات بەنهێنی خێری زیاترە لەوەی بەئاشكرا بدرێت خوای پەروەرگار فەرموویەتی: ( إن تبدوا الصدقات فنعمّا هي وإن تخفوها وتؤتوها الفقراء فهو خير لكم ويكفر عنكم من سيئاتكم والله بما تعملون خبير ) البقرة / ٢٧١

واتە : ئەگەر صەدەقەو خێرتان كرد ئاشكرای بكەن ئەمە شتێكی چاكە بۆ ئەوەی خەڵكی چاوتان لێ بكات، بەڵام دەبێت ئاگاتان لە نیەتتان بێت و توشی ریا نەبن ، وە ئەگەر هاتوو بە نهێنی بیدەن بەفەقیرو هەژاران ئەمەیان باشترە بۆ ئێوە چونكە پارێزراو دەبن لە ریا و لە ساحە ی مەحشەر لە ژێر سێبەری عەرشی خوای گەورەدا دەبن ، وە خوای

گەورە لە خراپەکانتان خۆش ئەبێ بەهۆی ئەو صەدەقەیەی کە کردووتانە بە نهێنی و بە ئاشکرا ، وە خوای گەورە زۆر زانیاریەکی ووردی هەیە وە زانایە بە کردەوەکانی ئێوە.

پاشان پێویستە زەکات تەنها بدرێت بەو کەسانەی کەخودا دەسنیشانی کردوون ، خوای پەروەرگار فەرموویەتی : ( إنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين و في سبيل الله وابن السبيل فريضة من الله والله عليم حكيم ) التوبة /٦٠.

واتە : خوای گەورە لێرە مەساریفی زەکات باس ئەکات زەکات بۆ کێیە؟ بۆ ئەم هەشت کۆمەڵەیە کە خوای گەورە دیاری کردووە یەکەمیان بۆ فەقیرە کەسێك کە هیچ شتێکی نیەو داوا لە خەڵکی ناکات، وە بۆ (مسکین)ە ئەوەیە کە هەیەتی بەڵام بەشی ناکات و دەگەڕێت و داوا لە خەڵکی دەکات ، وە بۆ ئەوانەیە کە زەکاتەکە کۆ ئەکەنەوە، کاتی خۆی فەرمانبەری دەوڵەت هەبووە زەکاتی کۆ کردۆتەوە لەو زەکاتە بەشی خۆیشیان ئەدرێ ، وە بۆ ئەو کافرانەی کە موسڵمان بوونە بۆ ئەوەی کە لەسەر ئیسلام دامەزراو بن، یاخود بۆ ئەوەی هاوشێوەکانیان موسڵمان

بن، یاخود بۆ ئەوەی زەرەرو زیان لە دەوری موسڵمانان دوور بخرێتەوە، یاخود ئەیاندەیتێ بۆ ئەوەی کە موسڵمان بن، وەکو پێغەمبەری خوا - ﷺ - لە غەنیمەی حونەین ئەوەندەیدا بە (صەفوانی کوڕی ئومەییە) تا پێغەمبەری خوا - ﷺ - بوو بە خۆشەویستترین کەس لەلای کە پێشتر لە هەموو کەس زیاتر رقی لێبوو وە بۆ ئەو کۆیلە بۆ ئەوەی کە خۆیانی پێ بکڕنەوەو خۆیانی پێ ئازاد بکەن ، وە بۆ کەسێك کە قەرزار بێت لە کاروبارێکی شەرعیدا، یاخود بەڵاو موسیبەتێکی بەسەردا هاتبێت و کەوتبێتە ژێر قەرزەوە ، وە بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورەدا، وە حەج کردنیش دەگرێتەوە ، وە بۆ ڕێبواران کە لە ماڵ و شاری خۆیان دوورکەوتونەتەوەو پارەیان لێبڕاوە ، بەم شێوازە خوای گەورە فەرزی کردووەو دابەشی کردووە ، وە خوای گەورە زۆر زاناو کاربەجێیە .

**ڕوکنی چوارەم ڕۆژوو گرتن :**

ڕۆژوو کە ئەویش بریتی یە لەخۆگرتنەوە لەخواردن وخواردنەوە وجیماع کردن لەدوای بانگی بەیانیەوە تاوەکو بانگی مەغریب .

ئارام گرتن بۆ ئیمان وەک سەر وایە بۆ لاشە ، هەر بۆیەش خودا ڕۆژووی فەرز کردووە بەڵکو موسوڵمان فێری ئارام گرتن بێت وفێری بەخشین وگرتنەوەی ئارەزوو ببێت و بەبەزەیی بێت بەرانبەر هەژاران ، خوای پەروەرگار فەرموویەتی : ( یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم لعلکم تتقون ) البقرة /١٨٣

واتە : ئەی باوەڕداران ئێوە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر فەرز کراوە ، هەروەکو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوەش فەرز کرابوو ، بە ڵکو تەقوای خوای گەورە بکەن.

مانگی ڕەمەزان مانگێکی گەورەیە وخودا لەو مانگەدا قورئانی دابەزاندووە و لەمانگەدا خێر کردن چەند قاتە و شەوی قەدری تێدایە کەخێری زیاتر لەعیبادەتی هەزار مانگ هەیە وهەر لەو مانگەدا دەرگاکانی ئاسمان دەکرێنەوە ودەرگای دۆزەخ دادەخرێت وشەیتانەکان کۆت وبەند دەکرێن .

خوای پەروەردگار ڕۆژووی لەسەر هەوو موسوڵمانێکی بالغی عاقڵ فەرز کردووە ، هەروەک فەرموویەتی : ( شهر رمضان الذي أنزل فیه القرآن هدی للناس وبینات من الهدی والفرقان فمن شهد منکم الشهر

فليصمه , ومن كان مريضاً أو على سفر فعدة من أيام آخر يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر ولتكملوا العدة ولتكبروا الله على ما هداكم ولعلكم تشكرون ) البقرة/١٨٥

واته : مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە خوای گەورە قورئانی پیرۆزی تیادا ناردە خوارەوە هەر هەمووی بەیەکجار لە (لوح المحفوظ)هوە بۆ (بيت العزة) لە ئاسمانی دونیا، یاخود وتراوە: یەکەم ئایەت لە مانگی ڕەمەزان دابەزیوە لە شەوی قەدردا ، ئەم قورئانە هیدایەتە بۆ هەموو خەڵکی ، وە ڕوونکەرەوەی ئەو هیدایەتەیە وە فورقانیش ئەوەی کە جیاکاری ئەکاتە نێوان حەق و باتڵ هەمووی ڕوونکراوەتەوەو درێژ کراوەتەوە ، هەر کەسێك لەو مانگەدا ئامادەبوو لە شاری خۆی بوو موقیم بوو ئەوا با بەڕۆژوو بێت ، بەڵام کەسێك کە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو ، ئەوە ئەتوانێ لە دوای ڕەمەزان لە چەند ڕۆژێکدا ڕۆژووەکانی بەقەزا بگێڕێتەوە ، خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە ئەوێ بۆیە ڕێگای بەنەخۆش و موسافیر داوە کە بەڕۆژوو نەبن ، وە خوای گەورە نایەوێ شت لەسەر ئێوە قورس بکات ، وە بۆ ئەوەی کە بەقەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژانە ماوەکەو مانگەکە تەواو بکەن ، وە بۆ ئەوە

ی که الله أکبر بکەن و خوای گەورە بە گەورە بزانن، وە کە ڕۆژوو تەواو ئەبێت و ئێوە ئەچن بۆ جەژن الله أکبر بکەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە هیدایەتی داون ، وە بەڵکو شوکرانە بژێری خوای گەورە بکەن.

بێگومان ڕۆژوو پاداشتێکی ، گەورەی هەیە پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : ( کل عمل ابن آدم یضاعف ، الحسنة بعشر أمثالها ، إلی سبعمائة ضعف قال الله عز وجل إلا الصوم فإنه لي وأنا أجزي به ، یدع شهوته ، وطعامه من أجلي ) رواه مسلم , الصیام .

واتە : هەموو کردەوەیەکی نەوەی ئادەم زیاد دەکرێت ، هەر چاکەو یەک بە دەیە ، تاوەکو یەک بەحەوت سەد خوای گەورە فەرموویەتی تەنها ڕۆژوو نەبێت کە بۆ منە و خۆم پاداشتی دەدەمەوە ، واز لەئارەزووەکەی ، خواردن دێنێت لەبەر من .

**ڕوکنی پێنجەم حەج کردن :**

خوای گەورە قیبلەیەکی بۆ موسوڵمانان داناوە بۆ ئەوەی لەکاتی عیبادەتەکاندا ڕووی لێ بکەن کەئەویش لەشاری مەکەی پیرۆزە : (فول

وجهك شطر المسجد الحرام وحيث ما كنتم فولوا وجوهكم شطره )

البقرة /١٤٤.

دەی ئێستا ڕووتان وەرگێڕن بۆ کەعبەی پیرۆز، کە لەناو نوێژی عەصردا بوون ڕوویان وەرگێڕا بۆ کەعبەی پیرۆز، یاخود دوو رکاتی نوێژی نیوە ڕۆیان کردووە ڕووەو قودس پاشان دوو رکاتەکەی تر ڕوویان لە قیبلە کردووە لە مزگەوتی بەنی سەلەمە بۆیە پێی دەوترێت مزگەوتی قیبلەتەین، بەڵام مزگەوتی (قوباء) لە ڕۆژی دواتر هەواڵیان پێ گەیشت لەناو نوێژی بەیانی بوون ڕوویان وەرگێڕا بۆ کەعبەی پیرۆز ، وە ئێوەش ئەی موسڵمانان لە هەر شوێنێکدا بوون ئیتر لەنوێژ کردنتاندا ڕووبکەنە کەعبەی پیرۆز .

وەلەبەر ئەوەی وڵاتی موسوڵمانان دوورن لەیەکەوە وئیسلامیش بانگەواز بۆ یەک بوون ویەکتر ناسین دەکات لەسەر خێر وچاکە ودەس باری یەکتر لەچاکەدا بۆیە خوای تەعالا حەجی فەرز کردووە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی بالغی عاقڵ کەتوانای هەبێت ، خوای پەروەرگار فەرموویەتی: ( ولله على الناس حج البيت من استطاع إليه سبيلا ومن كفر فإن الله غني عن العالمين ) آل عمران /٩٧.

واته : حەقی خوای گەورەیە بەسەر بەندەکانی کە لە تەمندا جارێك حەجی ماڵی خوای گەورە بکەن هەر کەسێ توانای هەبێ توانای لاشەو جەستە و پارە، وە ڕێگا ئەمن و ئاسایش بێ ، وە هەر کەسێك کە کوفر بکات واتە: حەج نەکات و باوەڕی بە حەج نەبێ ئەوا خوای گەورە بێپێویستەو دەوڵەمەندەو پێویستی بە هیچ کەس نیە لە جیهان، بەم ئایەتە حەج فەرز بوو.

حەج وەرزێکە کە بانگەوازی موسوڵمانان تیایدا دەردەکەێت و هێز و قوەت ویەک بوونیان تیایدا بەدیار دەکەوێت بەوەی کەیەک خودا دەپەرستن وشوێن یەک پێغەمبەر دەکەون وتەنانەت یەک جل لەبەر دەکەن .

جا بێگومان حەج چەند مەرج و ئادابێکی هەیە کە واجبە لەسەر موسوڵمان پەیڕەوی بکات وەک پاراستنی زمان و گوێ و چاو لەو شتانەی کە حەڕامن و یەکلا کردنەوەی نیەت بۆ خودا وخۆ ڕازاندنەوە بەهەموو ئاکار وئەخلاقێکی بەرز ودوور کەوتنەوە لەهەر کارێکی خراپ ونەشیاو ودزێو ، خوای پەروەرگار فەرموویەتی : ( الحج أشهر معلومات فمن فرض فيهن الحج فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في

الحج وما تفعلوا من خير يعلمه الله وتزودوا فإن خير الزاد التقوى واتقون يا أولي الألباب ) البقرة /١٩٧.

واته : کاتی حەج چەند مانگێکی دیاری کراوه کە (شەوال و ذو القعدة و ذو الحجة) یە، یاخود وتراوە: (شەوال و ذو القعدة و دەی ذو الحجة) یە ، جا هەر کەسێك ئیحرامی بەست ئەوە پێویستە لەسەری حەج بکات ، ئەوکاتە کە ئیحرامی بەست نابێ جیماع بکات و بچێتە لای خێزانی، یان قسەی خراپ لەگەڵ ئافرەتدا بکات وە نابێ لە سنووری شەرع دەرچێ بەوەی کە سەری بتاشێ یان هەر شتێکی تر بکات، یان زوڵم بکات یان قسەی ناشرین بکات ، وە نابێ دەمەقاڵێ و مشتومڕ لەگەڵ خەڵکدا بکات لە کاتی حەجدا ، وەئێوە هەر خێرو چاکەیەك بکەن ئەوە خوای گەورە ئاگای لێیەو پاداشتتان دەداتەوە ، خەڵکی یەمەن حەجیان دەکردو خواردنیان لەگەڵ خۆیان ناهێناو ئەیانووت: ئێمە تەوەکول ئەکەینە سەر خوا، کە دەگەیشتنە مەککە داوایان لە خەڵکی دەکرد خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو فەرمووی: زادیش لەگەڵ خۆتاندا بەرن بەڵام باشترین زادیش تەقوای خوای گەورەیە بۆ قیامەت، وە زادی دونیاش خواردنەکەیە کە یارمەتیدەرتە لەسەر تەقوا ،

ئەی ئەو کەسانەی کە خاوەن عەقڵن تەقوای من بکەن و خۆتان لە تاوان بپارێزن و بە تەنها لە من بترسێن.

وەحەج یەکێکە لەو عیبادەتانەی کە گەر موسوڵمان وەک خۆی ئەنجامی بدات وتەنها مەبەستی ڕەزامەندی خودا بێت لە ئەنجام دانی دا ئەوا لەهەموو تاوانەکان پاک دەبێتەوە پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : ( من حج لله فلم يرفث ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه ) رواه البخاري برقم ١٥٢١٠ .

واتە : هەرکەسێک حەج بکات ودوور بێت لەقسەی پڕ وپووچ و کاری خراپ ئەوا دەگەڕێتەوە وەک ئەو ڕۆژەی کە لەدایک بووە .

سەرچاوە : كتاب أصول الدين الإسلامي للشيخ محمد بن ابراهيم التويجري

دەمەویَ موسڵمان بم بەڵام بەلامەوە قورسە واز لەمەسیحییەت بێنم

پرسیار:

تەمەنم ٢٧ ساڵە و لەئەمریکا دەژیم ، و دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆم دەرکەوت ئیسلام دینی ڕاستە و لەلایەن خوداوە هاتووە ، بەڵام لێتان ناشارمەوە هێشتا هەر دوو دڵم وموسوڵمان نەبووم .

بەلامەوە قورسە واز لەمەسیحییەت بێنم دوای ئەوەی کەهەر منداڵیەوە و بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک لەسەری بووم ، جا دەستم کردووە بەفێر بووون ولێکۆڵینەوە لەزمانی عەرەبی ، و پلانم داناوە ئەم هاوینەی دابیَ بچمە وڵاتێکی عەرەبی بۆ خوێندن ، جا پرسیارەکەم ئەوەیە :

ئایا بەڕاست پێویستە من بڕیاری کۆتایی بدەم ؛ چونکە قورئان دەڵێت ئەو مەسیحیانەی گومانیان هەیە سزای خۆیان وەردەگرن .

وە ئایا گرنگ و پێویستە هەندیَ هەنگاو بنێم وەک گۆڕینی ناوم بۆ ناوێکی ئیسلامی یاخود تەنها سوننەتە ؟

وە ئایا ناوی ئیسماعیل ناوێکی گونجاوە ؟

ئەم پرسیارەی جەنابت زۆر گرنگە لای ئێمە ، وە ئەو هەوڵدان و گەڕانەت و گەشتن بەئەنجامی باش جێی دەس خۆشیە ، بۆیە ئێمە پێمان وایە واجبە ببی بە موسوڵمان چونکە خوای پەروەردگار جگە لە ئیسلام هیچ دینێکی تری پێ قەبوڵ نییە لەبەر ئەوەی ئیسلام کۆتا دینە ، بێگومان ئێمە هەست بەهەندێ ناڕەحەتی دەکەین کەڕوو بەڕووت دەبێتەوە بەواز هێنانت لەو دابو نەریتانەی پێشوو ، بەڵام حەتمەن کەسی عاقڵ دەزانێ کەوا دوای حەق بکەوێت هەرچەند دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا بۆی دەرکەوتبێت ، و پێشتر لەسەر دینێکی پێچەوانە پەروەردە بووبێت ، خوای گەورە سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە لەبەر چاولێکەری باو باپیرانیان حەق ڕەت دەکەنەوە :

(وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُوا حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءابَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ ءابَاؤُهُمْ لا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلا يَهْتَدُونَ) (١٠٤) سورة المائدة

واتە : وە کاتێك بانگیان بکەیت بڵێی: وەرن بۆ لای ئەو قورئانە پیرۆزە ی کە خوای گەورە دایبەزاندووە وە وەرن بۆ لای پێغەمبەری خوا- ﷺ - ، ئەیانووت: ئێمە ئەوەی کە باوك و باپیرانی خۆمان لەسەری بینیوە

ئەوەمان بەسەو ئیمان بە قورئان و بە پێغەمبەری خوا- ﷺ - ناهێنین و دینی باوك و باپیرانمان بەسە ، ئایا نازانن کە باوك و باپیرانی ئەوان زانیاریان بەهیچ شتێك نەبووە وە لەسەر هیدایەت و ڕێگای ڕاست نەبوونە بەڵکو لەسەر نەزانی و شەریك دانان بوونە بۆ خوای گەورە ئیتر چۆن ئەبێت شوێنیان بکەون، (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی لاسایی کردنەوەو چاولێکردنی کوێرانەی بێ بەڵگە، بەڵکو مرۆڤـ دەبێت شوێنی بەڵگە بکەوێت).

وەهەروەها فەرموویەتی : ( وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءابَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ(٢١) سورة لقمان

واتە : وە کاتێك کە پێیان بڵێی شوێنی ئەم قورئانە پیرۆزە بکەون کە خوای گەورە دایبەزاندووە ، هاوبەشبڕیاردەران ئەڵێن: بەڵکو ئێمە شوێنی ئەوە ئەکەوین کە باوك و باپیرانی خۆمان لەسەری بینیوە لە بت پەرستی و شەریك دانان بۆ خوای گەورەو داب و نەریتی خراپ (ئەمە یش بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی لاسایی کردنەوەی کوێرانەو شوێن نەکەوتنی بەڵگە) ، ئایا نازانن کە شەیتان بانگیان ئەکات بۆ سزای

سووتێنەری ئاگری دۆزەخ، شەیتان وای لە باوك و باپیرانیان كردووە شەریك بۆ خوا دانێن، ئەمانیش وا لێ ئەكات كە بە شوێن ئەواندا بڕۆن و لاسایی ئەوان بكەنەوە.

وەهەروەها لەئایەتێكی تردا فەرموویەتی : ( وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا ءابَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى ءاثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ(٢٣) قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدْتُمْ عَلَيْهِ ءابَاءَكُمْ) .. سورة الزخرف

واتە : بەم شێوازەش لە پێش تۆشدا بۆ هیچ شارو دێیەك پێغەمبەرو ترسێنەرو ئاگاداركەرەوەمان نەناردووە ئیلا ئەوانەی كە دەسەڵاتدارو ناودار بوونە وتوویانە ئێمە باوك و باپیرانی خۆمان لەسەر جۆرە عیبادەتێك بینیوەتەوە وە ئێمەش بە شوێنەواری ئەواندا پێ هەڵئەگرین و شوێنی شوێنەواری ئەوان ئەكەوین و لاساییان دەكەینەوە.

پێغەمبەرەكە پێی وتوون: ئایا ئەوەی كە من بۆم هێناون هیدایەتدەرتر نیە لەوەی كە ئێوە باوك و باپیرانی خۆتان لەسەری بینیوەتەوە؟ ، ئەوانیش لە وەڵامدا وتوویانە: ئەی پێغەمبەرانی خوا ئەو دینەی كە ئێوەی پێ

نێردراون و لەلایەن خوای گەورەوە هێناوتانە ئێمە پێی کافرین و باوەڕمان بەو شتە نیە.

بابەتەکە - إن شاء الله - زۆر قورس نابێت لەسەرت ، چونکە لەڕاستی دا تۆ گەر باوەڕت بەئیسلام هێنا ئەوا باوەڕت بەهەموو پێغەمبەران وکتێبە ئاسمانیەکان هێناوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ ءامَنُوا ءامِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالا بَعِيدًا ) سورەتی: النساء . ئایەتی ژمارە: ١٣٦

واتە : ئەی باوەڕداران ئیمان بێنن بە خواو پێغەمبەری خوا- ﷺ - واتە: دامەزراو بن لەسەر ئیمانەکەتان وە بەردەوام بن لەسەری ، وە ئیمان بێنن بەو کتابەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی- ﷺ - کە قورئانی پیرۆزە، وە ئیمان بێنن بەهەموو ئەو کتێبە ئاسمانیانەی تر کە لە پێش قورئاندا خوای گەورە دایبەزاندووە، بۆ قورئان دەفەرمێت: (نَزَّلَ) چونکە بەش بەش و سورەت سورەت دابەزیوە، بەڵام بۆ کتابە ئاسمانییەکانی تر دەفەرمێت: (أَنْزَلَ) چونکە هەمووی بە یەکجار

دابەزیووەو هاتۆتە خوارەوە ، بەڵام هەر کەسێك کوفر بکات بە خوای گەورەو مەلائیکەتەکانی و کتێبە ئاسمانیەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی ئەوە گومڕاو وێڵ بووەو لە ڕێگای ڕاست لایداوە گومڕابوونێکی زۆر دوور.

تۆ کاتێ کە موسوڵمان دەبی دانابڕێی لەسەرچاوە ڕاست و دروستەکان ، بەڵکو هەموو موسوڵمانێک باوەڕی وایە عیسا علیه السلام پێغەمبەر و نێردراوی خودایە و باوەڕی بەئینجیلی ڕاست ودەسکاری نەکراو هەیە ، بۆیە تەئکید بە هەر کەسێک باوەڕی بەعیسا هێنابێت ودواتر باوەڕ بەموحەمەد ﷺ بێنێت ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە ، هەر بۆیە کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ نامەکەی بۆ هیرەقڵ مەلیکی ڕۆم نارد و بانگی کرد بۆ موسوڵمان بوون و تێیدا نووسی :

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مِنْ مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ سَلَامٌ عَلَى مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَعَلَيْكَ إِثْمُ الْأَرِيسِيِّينَ وَ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ

إِلا اللَّهَ وَلا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ) رواه البخاري ٢٧٢٣ .

واته : بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان لەموحەمەد بەندە ونێرداوی خواوە بۆ هیرەقل گەورەی ڕۆم سەلام لەو کەسە بێت کەشوێنی هیدایەتی دەکەوێت ، بانگت دەکەم بە بانگەوازی ئیسلام موسوڵمان بە سەلامەت دەبی ، موسڵمان بە خودا دوو جار پاداشتت دەداتەوە خۆ ئەگەر پشتت هەڵکرد ئەوا تاوانی ئەریسیین وئەهلی کتاب دێتە سەرت ، ئەی ئەهلی کتاب ئەی جوولەکەو گاوران وەرن بۆ لای وشەیەك کە ئێمەو ئێوە تیایدا یەکسانین ، ئەویش ئەوەیە کە با هیچ کەسێك نەپەرستین جگە لە زاتی پیرۆزی الله ، وە با هیچ کەسێ نەکەینە شەریك بۆ خوای گەورە ، با هەندێکمان هەندێکمان نەکەینە ڕەب و پەروەردگارو لە غەیری خوا نەیانپەرستین وەکو ئێوە کە جوولەکە دە ڵێن: عوزێر کوڕی خوایە، گاورەکانیش کە ئەڵێن: عیسی کوڕی خوایە و ئەیانکەن بە خواو ئەیانپەرستن ، ئەگەر بەمە ڕازی نەبوون و پشتیان هەڵکرد ئەوا پێیان بڵێن: شایەت بن ئێمە موسڵمانین خۆمان تەسلیم خوای گەورە کردووەو بەتاك و تەنها ئێمە خوای گەورە ئەپەرستین .

وەهەروەها پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : (ثَلاثَةٌ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمَنَ بِنَبِيِّهِ وَأَدْرَكَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَآمَنَ بِهِ وَاتَّبَعَهُ وَصَدَّقَهُ فَلَهُ أَجْرَانِ .. )الحديث رواه مسلم ٢١٩ .

واته : سێ کەس هەن لەڕۆژی دوایی دا دوو جار پاداشت دەدرێنەوە : کەسێک لەئەهلی کتاب کەباوەڕی بەپێغەمبەرەکەی هێناوە ودواتر لەسەردەمی هاتنی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ دا ژیاوە وباوەڕی بەویش هێناوە و بەڕاستی زانیوە وشوێنی کەوتووە ئا ئەوە دوو ئەجری بۆ هەیە .

کەواتە وەڵامی پرسیارەکەت ئەوەیە : بەڵێ بێگومان پێویستە بڕیاری خۆت بدەیت و ژیانت بگۆڕیت بەرەو خۆشگوزەرانی وهەستکردن بەچێژی عیبادەت و یەکتاپەرستی و بەدەست هێنانی پاداشت بۆ ڕۆژێک کە مرۆڤ زۆر پێویستی پێیەتی ، هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی : (يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِنْ سُوءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ) (٣٠) سورة آل عمران

واته : له ڕۆژی قیامەتدا هەموو کەسێك هەر کردەوەیەکی کردبێت له چاکه یان خراپه ئەیبینێ که ئامادەیەو نیشانی ئەدرێ ، ئەگەر خراپەی کردبێ ئاواتەخوازە که ماوەو مەسافەیەکی یەکجار زۆر له نێوان ئەم و خراپەکانیدا بێت و هەر نەیبینێ ، وه خوای گەورە دیسان ئەتانترسێنێ بەنەفسی پیرۆزی خۆی له خوای گەورەو سزاکەی بترسێن ، وه خوای گەورە زۆر به ڕەئفەت و ڕەحمەته به بەندەکانی.

دواتر بەنیسبەت ناوەکەتەوه گەر ناشەرعی نەبێت و شیرک و کوفری تێدایه نەبێت دەتوانی نەیگۆڕیت وەبەنیسبەت ناوی (إسماعیل)وه ناوێکی گونجاوه و ناوی یەکێکه لەپێغەمبەران ولەقورئاندا هاتووه :

(وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولا نَبِيًّا )

سورة مريم .

واته :ئەی محمد - ﷺ - لەو قورئانه پیرۆزه باسی ئیسماعیل پێغەمبەریش - ﷺ - بۆ خەڵکی بکه ، به دڵنیایی ئەو کەسێك بووه که له وەعدو بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بووەو هیچ بەڵێنێکی نەداوه ئیلا بردۆتیەسەر (هەرچەنده هەموو پێغەمبەران وابوونه بەڵام ئەم زیاتر پە

یوەست بووە پێوەی بۆیە بە تایبەت باسکراوە)، وە پێغەمبەری نێردراوی خوای گەورە بووە.

نسأل الله لنا ولك التوفيق لما يحبّ ويرضى والهداية إلى صراط الله المستقيم والله يهدي من يشاء وهو أعلم بالمهتدين .

**کەسێکی مەسیحی پرسیار دەکات و دەیەوێت موسوڵمان ببێت**

**پرسیار:**

**دەمەوێ موسوڵمان ببم بەڵام زۆر دوو دڵم ، لەبەر ئەوەی برایەکم پێش ماوەیەک موسوڵمان بوو و کێشەیەکی زۆر لەنێوان ئەو و دایک وباوکم دا دروست بوو ، دواتر من پەیوەندیەکی بەهێزم لەگەڵ خۆشەویستەکەم دا هەیە ئەوەش یەکێکی ترە لە ڕێگرییەکان .**

**جا نازانم چ بکەم ؟ دەزانم ئەو بڕیارە دروستە بەڵام نازانم چۆن و چ کاتێک بیدەم ، بۆیە پێویستم بەئامۆژگاریتان هەیە ، سوپاس .**

بەڕاستی براکەت سەرفراز بووە و باشترین بڕیاری داوە ، و گەرمترین سڵاوی ئێمەی پێ بگەینە و پێی ڕابگەینە ئێمە بۆی دەپاڕێینەوە بەوەی خودا دامەزراو و شارەزای بکات لە ئیسلام ، و پێی ڕاگەیەنە ئێمە هەرچەند دوورین لێی ئێمە برای ئەوین بەدڵخۆش بوونی ئەو ئێمەش دڵخۆش دەبین ؛ چونکە موسوڵمان برای موسوڵمانە.

بەڵام بەنیسبەت جەنابتەوە ، بەڕێزت دەڵێیت دەزانم بڕیاری موسوڵمان بوونم بڕیارێکی دروستە ، بێگومان ئەمە نیعمەتێکی گەورەیە و ڕێگای دوورت بۆ نزیک دەکاتەوە و ئێستا تەنها بڕیاری کۆتایت ماوە .

ژیان بەبێ دین چ بایەخێکی هەیە ؟ و هەوڵدان و کۆشش بۆ ژیان هیچ مانایەکی نی یە گەر لەپێناوی خودادا نەبێت ، ئایا ژیان تامی هەیە و ئایا مردن ڕزگار بوونە ؟

دەکرێت کەسێک بەبێ موسوڵمان بوون بگات بەخۆشیەکانی بەهەشت ؟

گەر ئێمە خودا نەپەرستین کێ بپەرستین ؟ هەوا و ئارەزووەکانمان ؟ دەی ئایا کەسی عاقڵ و ژیر ڕازی دەبێت ببێت بەندەی ئارەزووەکانی ؟ بێگومان لەناخی مرۆڤ دا هەستێک هەیە ڕازی نابێت و ئارام ناگرێت تەنها بەبەندایەتی کردن نەبێت بۆ خودای تاک و تەنها و زیکر و یادی خودا وبەندایەتی کردن بۆی هاوشێوەی نوێژ وڕۆژوو وزەکات . .هتد

،خوای گەورە لەقورئانە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی : ( أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا .. ) الآية ١٢٢ سورة الأنعام .

واتە :ئایا کەسێك کە مردبێ و زیندوومان کردبێتەوە، واتە کافر بێ و هیدایەتمان دابێ بۆ ئیسلام [وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ] وە نوورو ڕووناکیمان پێ بەخشی بێت کە لەناو خەڵکدا بتوانێ پێی

بڕوات كه قورئان و ئیسلامه ، ئایا وەكو كەسێك وایە كە لەناو تاریكییەكانی كوفرو نەزانی و گومڕاییدا بێت كە نەتوانێ لێی دەرچێ؟

وەهەروەها خوای گەورە لە (سورەتی: الأنعام ، ئایەتی ژمارە: ١٢٥) فەرموویەتی : ( فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ ۚ) .

واتە :هەر كەسێك خوای گەورە بیەوێ هیدایەتی بدات بۆ ئیسلام ئەوە سینگی فراوان و چالاك ئەكات بۆ وەرگرتنی ئیسلام و یەكخواپەرستی ، وە هەر كەسێكیش خوای گەورە بیەوێ گومڕای بكات ئەوا سینگی زۆر تەسك و تەنگ ئەكات كە شوێنی ئیمان و یەكخواپەرستی چاكەی تیادا نەبێتەوەو وەری نەگرێت ، وەك ئەوەی كە بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان، كە ئێستا زانستی سەردەم سەلماندوویەتی ئەوەی بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان دڵی تەنگ ئەبێ لەبەر ئەوەی هەوا نامێنێ، ئەمیش یەكێكە لە موعجیزاتی قورئانی پیرۆز .

بێگومان بابەتەكە پێویست بەدوو دڵی و قەلەقی ناكات چونكە ڕزگار بوون لە تووڕەیی خودا و دۆزەخ بەندە بەو كارەوە ، دواتر گوێڕایەڵی ئەو خودایەی كەخاوەنی ئەرز و ئاسمانەكان لە پێشترە لە بە گوێ

کردنی هەر کەسێکی نزیک و خۆشەویستی تر ، بۆیە دەڵێین موسوڵمان بە بەڵکو سەلامەت بیت و خۆش گوزەرانی دونیا ودوا ڕۆژ بەدەست بێنیت ، و دەکرێت براکەت ببێتە یارمەتی دەرت هەروەک چۆن پێغەمبەر هارون بووە یارمەتی دەری موسا : ( سنشدّ عضدك بأخيك )

واتە : بەڵێ بەهێزت ئەکەین بە هارونی برات .

پێغەمبەر موسا و هارون پێکەوە دەستیان دایە دەعوە و باگەواز کردن بۆ لای خودا ، و وا گومان مەبە پەیوەندی حەڕام ببێتە یارمەتی دەرت ، هەوڵدە بانگی خۆشەویستەکەت بکەیت بۆ موسوڵمان بوون خۆ ئەگەر موسوڵمان بوو ئەوا مارەی بکە ، گەر نا وازی لێ بێنە چونکە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ فەرموویەتی : " من ترك شيئا لله عوضه الله خيرا منه " .

واتە : هەر کەسێک لەپێناوی خودادا واز لەشتێک بێنێت خودا لەوە باشتری پێ دەبەخشێت .

داوا کارین خوای پەروەردگار نیعمەتی ئیسلامت بۆ تەواو بکات و خۆش گوزەرانی دونیا ودوا ڕۆژت پێ ببەخشێت و بتپارێزێ لەهەموو ناخۆشیەک .

**هەڵوێست و مەوقیفی ئیسلام بەرانبەر دینەکانی تر**

**پرسیار:**

**گومانێکم لا دروست بووە لەبارەی ئیسلامەوە دەکرێ بۆم ڕوون بکەنەوە ؟**

**ئایا هەموو ئەوانەی کە غەیرە موسوڵمانن بەتاوانبار ئەژمار دەکرێن ؟**

**وە ئایا دەکرێ کەسێکی موسوڵمان نەبێت و بچێتە بەهەشتەوە ؟**

هەڵوێست و مەوقیفی ئیسلام بەرانبەر دینەکانی تر ئەوەیە ئەو دینانە هەموویان دەسکردن ، یاخود نەسخ بوونەتەوە .

ئەوەی کە دەسکردە وەک ئەو عیبادەتەیە کە : عەرەبەکانی پێشوو بۆ بت و دار بەردەکانیان دەکرد .

وە مەنسوخ و هەڵوەشاوەکانیش وەک ئەوەی کە : پێغەمبەرانی پێشوو لەسەری بوون ئەوانەی کەپێش پێغەمبەری خۆمان موحمەد ﷺ هاتوون هەموو ئەو دینانە لەئەسڵدا و پێش دەسکاری کردنی لە لایەن زانا و سەرکردەکانیانەوە بەڵام کاتێ کە ئیسلام هات هەموو ئەو دینانەی نەسخ کردەوە ، جا کە دەڵێین هەڵی وەشانەوە مەبەستی ئەسڵی عەقیدە نی یە وەک ناسینی خودا یاخود فریشتەکان و بەهەشت ودۆزەخ ، ئا

ئەمانە لەنێوان هەموو پێغەمبەراندا یەکە ، بەڵام ئەوەی جیاوازە شێوازی عیبادەت کردنە وەک نوێژ ورۆژوو وزەکات وحەج وجگە لەمانەش , بەڵام شوێنکەوتوانی دینەکانی تر لەم دواییانەدا دەسکاری دینەکانیان کرد و توشی جۆرەها شیرک و گومڕایی بوون و لایاندا لەو دینە ڕاستەی کە پێغەمبەران بۆیان هێنابوون .

ئەبو دەردا رضي الله عنه دەڵێت : (جاء عمر بجوامع من التوراة إلى رسول الله ﷺ فقال : يا رسول الله جوامع من التوراة أخذتُها من أخ لي من " بني زريق " فتغير وجه رسول الله ﷺ فقال عبد الله بن زيد – الذي أُري الأذان – أَمَسَخَ الله عقلك ؟ ألا ترى الذي بوجه رسول الله ﷺ ، فقال عمر : رضينا بالله رباً وبالإسلام ديناً وبمحمد نبياً وبالقرآن إماماً ، فسرّي عن رسول الله ﷺ ، ثم قال : ( والذي نفس محمد بيده لو كان موسى بين أظهركم ثم اتبعتموه وتركتموني لضللتم ضلالاً بعيداً أنتم حظي من الأمم وأنا حظكم من النبيين ) رواه أحمد/١٥٤٣٧ .

واتە : عومەری کوڕی خەتاب چەند لاپەڕەیەکی یاخود (کۆکراوەیەکی ـ نوسخە ـ )لەتەورات هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ و گوتی : ئەی

پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم چەند لاپەڕەیەم یاخود (کۆکراوەیەم ) لەتەورات لەبراکەم وەر گرتووە ، ڕەنگی پێغەمبەری خودا ﷺ گۆڕا عبداللەی کوڕی زەید بەعومەری گوت : ئایا خودا عەقڵی لێ سەندوویتەوە ؟!

نابینی دەم و چاوی پێغەمبەری خودا ﷺ چی لێهات ؟ ، عومەر گوتی : ڕازیم خودا پەروەردگارم بێت وموحەمەد پێشەوام بێت وئیسلام دینم بێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ تۆزێ دڵخۆش بوو پاشان فەرمووی : سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە گەر موسا زیندوو بوایە و پاشان وازتان لەمە بهێنایە و شوێنی ئەو بکەوتنایە ئەوا گومڕا دەبوون بەگومڕاییەکی بێ ئەندازە ئێوە بەشی منن لەنێو گەلاندا و من بەشی ئێوەم لەنێو پێغەمبەراندا .

ابن حجر دەڵێت :

.. کۆی ڕێگاکانی ئەم فەرموودەیە ، هەرچەند زۆر بەهێز نین و ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت بەڵام بەهەموویانەوە وا دەخوازێت ئەسڵێکی هەبێت . ( فتح الباري ١٣/٥٢٥ ) .

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە : ( ومن يبتغ غير الإسلام ديناً فلن يقبل منه وهو في الآخرة من الخاسرين ) آل عمران/٨٥ .

واتە : وە هەر کەسێ جگە لە ئیسلام داوای دینێکی تر بکات و لەسەر دینێکی تر بێت ئەوا خوای گەورە لێی قبووڵ ناکات و لێی وەرناگرێ ، وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا لە زەرەرمەندانە وە ڕزگاری نابێت.

ئیمامی الطبري لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت :

مەبەستی پەروەردگار لەم ئایەتە ئەوەیە :

هەرکەسێک شوێنی هەر دینێک جگە لەئیسلام بکەوێت خوا لێی قەبوڵ ناکات ، و لەڕۆژی دواییدا لەخەسارەومەندان دەبێت. ( تفسير الطبري ٣/٣٣٩ ) .

جا ئیسلام تەنها بەچاوی تاوانباری تەماشایان ناکات بەڵکو بەکافر لەقەڵمیان دەدات وبەهەتا هەتایی لەدۆزەخ دا دەمێننەوە ، هەروەک لەو ئایەتەی پێشوودا هاتبوو .

بەهەتا هەتایی لەدۆزەخ دا دەمێنێتەوە ، و کەسی کافر تاوەکو موسوڵمان نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ( إن الذين كذبوا بآياتنا واستكبروا عنها لا تفتح لهم أبواب السماء ولا

يدخلون الجنة حتى يلج الجمل في سم الخياط وكذلك نجزي المجرمين ) الأعراف/٤٠ .

واتە :ئەو کەسانەی کە ئایەتەکانی ئێمە بەدرۆ ئەزانن وە خۆیان بە گەورە ئەزانن و شوێنی ناکەون ، ئا ئەمانە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە کاتێك کە ڕوحیان ئەکێشرێ بۆ ئەوەی ڕوحیان بەرز بکرێتەوە، یاخود دوعایان بەرز نابێتەوە، یان کردەوەیان بەرز نابێتەوە ، وە ناچنە ناو بەهەشتەوە تا حوشتر نەچێتە ناو کونی دەرزییەوە، یان حەبلی ئەستور نەچێتە کونی دەرزییەوە، کە ئەمە شتێکی ئەستەمە ، وە بەم شێوازە ئێمە سزای تاوانباران ئەدەینەوە.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ( والذي نفسي بيده لا يسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي ولا نصراني ثم لم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار ) رواه مسلم .واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە هیچ کەسێک لەم ئومەتە جا جولەکە بێت یاخود مەسیحی گوێ بیستی بانگەوازی من نابێت وپاشان باوەڕ بەو دینە ناهێنێت کەپێی هاتووم ئیلا ئەو کەسە دۆزەخیە. داواکارین خوای پەروەردگار ڕێنوێنی هەموو ئەوانە بکات کەبەشوێن حەقدا دەگەڕێن .

**ئافرەتێک دەیەوێ موسوڵمان ببێت**

**پرسیار:**

**من وەکو ئافرەتێک زۆر گرنگی دەدەم بەدینی ئیسلام ، بەڵام نازانم پێویستە چ بکەم بۆ هاتنە نێو ئیسلامەوە ؟ سوپاس بۆ هاوکاریتان .**

زۆر پێخۆش حاڵین بە موسوڵمان بوونت و ئارەزووت بۆ هاتنە نێو ئیسلامەوە ، بەڕاستی دینی ئیسلام دینێکی حەقە و مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئارامی و دڵ خۆشی و خۆش گوزەرانی ئەوەش بەهۆی ئەو پەیوەندیە ڕووحیەوەیە کە لە نێوان مرۆڤ و خودادا دروست دەبێت و دواتر عیبادەتەکان ئەنجام دەدات و زیاتر هەست بە نزیکی لە خودا دەکات .

بێگومان ئەو ئەنجامەی کەتۆ پێی گەیشتووی سەرچاوەکەی دوو شتە : عەقڵێکی دروست ، وە تەوفیق و یارمەتی خودا .

دواتر بەنیسبەت هاتنە نێو ئیسلامەوە زۆر ئاسانە وتەنها بە شایەتی دانت و گوتنی : (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنّ محمدا رسول الله) دێیتەوە نێو ئیسلامەوە .

لەکۆتایدا خوشکی ئازیزم زۆر بەخێر هاتنت دەکەین بۆ هاتنە نێو ئیسلامەوە و ئامادەین بۆ هەر یارمەتیەک کەلەتواناماندا بێت ، و داوا کارین خودا دامەزراوت بکات لەسەر حەق .

والله الهادي إلى سواء السبيل.

**کەسێک دەیەوێت موسوڵمان ببێت بەڵام هەندێ کەس ئامۆژگاری دەکەن پەلە نەکات !**

**پرسیار:**

**چەند مانگێکە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەم لەبارەی ئیسلامەوە و لەم دواییانەدا دەستم دایە قورئان خوێندن . .لەناخم دا وا هەست ئەکەم ئامادەم بۆ شایەتوومان هێنان بەڵام هەندێ لەهاوێ موسوڵمانەکان پێیان وایە کاتی ئەوە نەهاتووە و ئاگادارم دەکەنەوە پەلە نەکەم لەوەها کارێکی مەسیریدا ، بەڵام من خۆم پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە موسوڵمان بوونی خۆم ڕابگەیەنم ، دەکرێ ئامۆژگاریم بکەیت بەوەی پێویستە لەسەرم بەڵکو بتوانم موسوڵمان بوونی خۆم ڕابگەیەنم وشایەتی بدەم خودا تاک و تەنهایە و پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ، تێبینی پێشتر من لەژیانم دا هیچ بڕیارێکی بەپەلەم نەداوە ، سوپاستان دەکەم**

سڵاوێکی گەرمت لێ بێ ، کاتێ کەپرسیارەکەتمان خوێندەوە زۆر پێخۆش حاڵ بووین ، و بەنیسبەت ئەوەی هەندێ لەموسوڵمانان ئامۆژگاریان کردووی بەپەلە نەکردن لەموسوڵمان بوونتدا بەڕاستی جێگای سەرسووڕمانە ، بەڵام ڕەنگە ئەوان ترسی ئەوەیان هەبێت دوو

باره لە ئیسلام وەرگەڕێیتەوە ، بەڵام ئێمە پێت دەڵێین ئایا مردن نزیک نی یە و ئیحتمالی نی یە لەهەر دەقە وچرکەیەکدا پێت بگات ؟

گەر وەڵام بەڵێ یە ، باشتر وا نی یە پەلە بکەیت لەموسوڵمان بووونتدا ؟

بەڵکو گەر مردن پێت گەییشت بەموسوڵمانیەوە بگەیتەوە بەخوا ، پاشان تۆ سوپاس بۆ خودا لەبارەی ئیسلامەوە شتت خوێندۆتەوە و ماوەیەک قورئانیشت خوێندووە بۆیە ئامۆژگاریت دەکەین پەلە بکەیت لەهاتنە نێو ئیسلامەوە ، و بڵێی " أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنّ محمدا عبده ورسوله " .

داوا لەخوای پەروەردگار دەکەین یارمەتی دەرت بێت وجێگیر بکات لەسەر ئیسلام .

**هۆكاری گەشە كردن و فراوان بوون ئیسلام لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا**

**پرسیار:**

**هۆكاری چی یە ئیسلام بەردەوامە لە گەشە كردن و فراوان بوون و سەركەوتنەكانی لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا ؟**

بێگومان ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەردەوامە لەگەشە كردن لە وڵاتانی پێشكەوتوو و جگە لەویش دا ؛ چونكە بانگەوازی ئیسلام لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەكاندا گونجاوە ، و بانگەشە بۆ بەها بەرزەكان دەكات وەک لێبوردەیی وخۆشەویستی وڕاستگۆی ودڵسۆزی . .هتد .

ئیسلام دەروون پەروەردە دەكات ، و دەیگەیەنێت بە بەرزترین ئاست ، و دەیڕازێنێتەوە بە ئاداب و ڕەوشتە جوانەكان ، و بانگەوازی ئیسلام چەند تایبەت مەندیەكی هەیە وەک واقعی بوون و دادگەری ، ئیسلام مافی ڕووح و دەروون ،و لاشەی داوە ، دژی ئارەزوو نی یە ، لەهەمان كاتدا لەگەڵ ئیسراف زێدەڕەوی نی یە تیایدا ، ئیسلام جیاوازی دەكات لەنێوان داواكاریە گونجاوەكانی دەروون لەگەڵ ئارەزووە حەڕام و نائاساییەكان دا كە دەبێتە هۆكاری لەكەدار بوون و چوون بەرەو لاڕێ بوون .

دواتر بۆیه خەڵک ڕوو دەکەنە ئیسلام چونکە ئارامی و هەست کردن بەخۆشگوزەرانی لەئیسلام دایە ، و چارەشەری کێشەکانی کردوون ، وە هەر بەئیسلام ڕزگار بوون لەدڵەڕاوکێ و قەلەق و سەرگەردانی .

ئیسلام ئاینی فیترەتە و خوای پەروەردگار مرۆڤەکانی وا دروست کردووە کەسی عاقڵ وفیترەت پاک وەری بگرێت ، هەروەک ئەبو هورەیرە گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی : ( مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ ( أي على الإسلام ) فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوَيُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ (أي تولد كاملة لم يذهب من بدنها شيء ) هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ ( مقطوعة الأذن ) ، ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ : ( فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ) . رواه البخاري/١٣٥٩ .

واتە : هیچ منداڵێک لە دایک نابێت ئیلا لەسەر فیترەت(واتە : ئیسلام) لەدایک دەبێت ، بەڵام ئەوە دایک و باوک و دەورووبەرە دەیکەن بەجولەکە ومەسیحی و مەجوسی ، هەر وەک چۆن ئاژەڵ ئاژەڵی بێچووی ساغ و دروست و بێ عەیب بەرهەم دێنێت ، ئایا هیچ هەست

بەعەیب ( بڕینی گوێ) دەکەن ؟ ، پاشان ئەبو هورەیرە ئەم ئایەتەی خوێندەوە :

( فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ) .

واتە : ئەم دینە پاکە ئەو فیترەتە پاکەیە کە خوای گەورە خەڵکی خستۆتە سەری، واتە: خەڵکی کە لە دایك دەبن لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلامن، دواتر دایك و باوك و دەوروبەر دەیانگۆڕن و کاریگەریان لێدەکەن ، هیچ گۆڕانێك بەسەر دروستکراوی خوای گەورەدا نایات، واتە: ئەوەی لەسەر فیترەتەکەی خۆی بمێنێتەوە لەسەر تەوحیدە، یاخود خەڵکی لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلام و یەکخواپەرستی لامەدەن و وازیان لێبێنن ، ئا ئەمە دینی ڕێك و ڕاست و دامەزراوە .

جا مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە خوای پەروەدگار مرۆڤی وا دروست کردووە حەق وەربگرێت و تەسلیمی خودا ببێت ، بەڵام پەروەردەی خراپ و دەوروو بەر وا لەمرۆڤ دەکەن لاڕێ و سەرگەردان ببێت و دوای هەواو ئارەزوو بکەوێت ، لەڕاستی دا خەڵک وا فەراهەم هێنراوە یەکتا پەرست بێت هەروەک لەپێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە لە خوداوە

گێڕاویەتیەوە ودەفەرمووێت ( إني خلقت عبادي حنفاء كلهم ، فاجتالتهم الشياطين عن دينهم ) رواه مسلم .

واتە : من بەندەکانم بەپاکی دروست کردووە ، و شەیتانەکان لەڕێگایان دەردەکەن ودووریان دەخەنەوە لەدینەکەیان .

هەر بۆیە بەو کەسەی کەموسڵمان دەبێت دەوترێت گەڕاوەتەوە بۆ ئیسلام ، ئا ئەم دەربڕینە زۆر دەقیقە بەبەراوەرد بەوەی بوترێت دینی گۆڕیوە بۆ ئیسلام ، جا کاتێ کەئیسلام دەچێتە وڵاتێکەوە و ئەو وڵاتە هیچ دەمار گیری و کەلەڕەقیان تێدا نی یە زوو بڵاو دەبێتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی ئیسلام ، لەلایەکی ترەوە دەبینی ئاینی ئیسلام گونجاوە لەگەڵ کەسی ڕۆشنبیر و عامی خەڵک و پیاو ئافرەت و منداڵ وگەورە . . هتد .

ئەو کەسانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان موسوڵمان دەبن زۆر هەست بەو نارەحەتی و نائارامیە دروونیە دەکەن کە بەسەر وڵاتەکەیاندا هاتووە وەک خۆ کوشتن وشێت بوون . . هتد .

بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان زیاتر گرنگی بەلاشە و ڕوو کەش دەدەن و لایەنی ڕووحی و دەروونیان فەرامۆش کردووە ، خوای

گەورە لەبارەی ئا ئەمانەوە فەرموویەتی : ( يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) (٧) سورة الروم .

واتە : تەنها لە ڕووکەشی ژیانی دونیا تێگەیشتوونە ، بەڵام ئەوان سەبارەت بە ژیانی دوارۆژو قیامەت ئەوان بێئاگان.

جا بەویستی خودا ئیسلام بەردەوام دەبێت لەگەشە کردن ، بەمەرجێ کەسانی دڵسۆز کار بکەن لەپێناوی دا ، وئەحاکامەکانی جێ بەجێ بکەن و کاری پێ بکەن .

**یەکەم کار کە پێویستە بکرێت بۆ هاتنە نێو ئیسلامەوە**

**پرسیار:**

**ئەمەوێ بزانم ئایا گەر کەسێک بیەوێ موسوڵمان ببێت شتێکی سەرەتایی هەیە ئەنجامی بدات بۆ موسوڵمان بوون ؟**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه، أما بعـد:

بێگومان موسوڵمان بوون نیعمەتێکی گەورەیە ، و یەکەم شت ئەوەیە شایەتوومان بێنیت و بڵێیت : " أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنّ محمدا عبده ورسوله "

واتە : شایەتی دەدەم کە هیچ خوادیەک نیە شایستەی پەرستن بێت بە حەق جگە لە (الله) ، وە موحەممەدیش بەندە و پێغەمبەری خوایە . ئا ئەوا وەڵامی پرسیارەکەتە .

بەڵام بۆ زیاتر زانین وشارەزایی لەم بوارەدا تەماشای گۆشەی ( ئیسلام بناسە لە ماڵپەڕی وەڵامەکان) بکە .

**چ بکات کەسێک کە بیەوێ موسوڵمان بێت ؟**

**پرسیار:**

**هاوڕێیەکم دەیەوێ موسوڵمان بێت ، بەڵام نازانێ چ شتێک پێویستە لەسەری بیکات بۆ ئەوەی ببێتە موسوڵمان ؟ ئامۆژگاری جەنابتان چی یە بۆی ؟**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه، أما بعـد:

بێگومان موسوڵمان بوون نیعمەتێکی گەورەیە ، لەڕاستی دا گەڕانەوەیە بۆ فیترەت و ڕاستە ڕێگا ، بۆیە موسوڵمان بوون ئاسانە و پێویست بە گران کردن و ڕەسمیات ناکات ، تەنها پێویستە شایەتوومان بێنێت ، و مەرج نی یە بێت لەبەرانبەر زانایاندا و لە مەحکەمە موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیەنێت ، بەڵکو بە تەنها بەشایەتوومان هێنانی دەبێتە موسوڵمان " **أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنّ محمدا عبده ورسوله** " پاشان ئەوەی لەسەر موسوڵمانان واجبە لەسەر ئەویش واجب دەبێت ، و هەر شتێکیش بۆ موسوڵمان بێت بۆ ئەویش هەیە ، ودواتر پێویستە

لەسەری واجباتەکانی ئیسلام جێ بەجێ بکات ـ وەک نوێژ و ڕۆژوو وزەکات وحەج . . هتد .

بەڵام باشتر وایە دوای ئەوەی موسوڵمان دەبێت بچێتە دادگا و دیانەتی خۆی بگۆڕێت بۆ ئیسلام ، چونکە دواتر پێویستی بەوە دەبێ کەبیسەلمێنێ کە موسوڵمانە ، وەهەروەها ئامۆژگاری دەکەین بەوەی گرنگی بەزانست وزانیاری وکاری چاکە بدات وهاوڕێیەتی کەسانی باش بکات ودوور کەوێتەوە لەهاوڕێی خراپ ، وەهەروەها دوور کەوێتەوە لەو شوێن و کۆمەڵگایەیی کە ترسی هەیە لێیان بیگێڕنەوە سەر بێدینیەکەی پێشووی .

**تازه موسوڵمان بوویەک دەیەوێ فێری دین ببێت**

**پرسیار:**

**برایەک تازە موسڵمان بووە چۆن فێری ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێ ؟**

الحمد لله أولاً وأخراً .. والشكر له دائماً وأبداً .. يمنُّ على من يشاء بالهداية .. وينعم على من شاء بالسعادة .. ويُنجي عبده من الضلالة .. وينصر أولياءه إلى قيام الساعة .

برای بەڕێزم . . خۆشبەختی بۆ خۆت لەسەر ئەوەی خودا هیدایەتی داوی و داوا کارین لە خودای گەورە دامەزراوت بکات تاوەکو مردن .

بەڕاستی ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە کاتێ بڕیارت دا ببی بە موسوڵمان ، و واز لەو گومڕایە بێنی کەلەسەری پەروەردە بووی ، دوو بارە بەخێر بێت بەهیوای بەردەوامی .

سەرەتا بیرت دەخەینەوە کەمرۆڤ لەم دونیایەدا بەتاقیکردنەوەی گەورەدا تێپەڕ دەبێت ، و توشی ناخۆشی زۆر دەبێت ، و پێویستی بە ئارامی وخۆ ڕاگری هەیە ، تا وەکو مردن ،خوای گەورە فەرموویەتی :

(يا أيها الإنسان إنك كادحٌ إلى ربك كدحاً فملاقيه ) .

واته : ئەی مرۆڤ ئێوه هەر هەمووتان به موسڵمان و کافرەوه له دونیادا له هەوڵ و تێکۆشاندان و بەرەو گەیشتن به خوای گەوره ئەڕۆن وه هەر ئەبێ بگەن به خوای گەوره، ئیتر ئەگەر کردەوەی باش بکەن یان خراپ ئەگەن به خوای گەوره، وه خوای گەوره پاداشت یان سزاتان ئەداتەوه لەسەر کردەوەکانتان، واته: ئێوه هەر هەوڵ ئەدەن با هەوڵ و تێکۆشان و ماندوو بوونتان له چاکەو خێرو عیبادەت و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بێت.

جا یەکێک لەوشتانەی که خودا مرۆڤی پێ تاقی دەکاتەوه ئەوەیه کۆمەڵێ عیبادەتی لەسەر فەرز کردوون وەک نوێژ ورۆژوو وزەکات وحەج وباقی عیبادەتەکانی تر ، وەهەروەها کۆمەڵێ شتیشی لێ قەدەغه کردوون وەک غەش وفێڵ وداوێن پیسی ونێر بازی و باقی حەرام کراوەکانی تر ، بۆ ئەوەی موسوڵمانی ڕاستگۆ لەکەسی چەوت جوودا ببێتەوه .

براکەم سوور به لەسەر خستنه گڕی تواناکانت لەفێر بوونی ئەو شتانەی خودا فەرمانی پێ کردوون بەڵکو جێ بەجێی بکەیت ، وشارەزا بیت لەحرام کراوەکەن بەڵکو لێیان دوور کەویتەوه .

تێبینی : دەتوانی سوود لە بەشەکانی ماڵپەڕی وەڵامەکان بینی بۆ زیاتر شارەزابوون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە تایبەتی گۆشەی (ئیسلام بناسە) کە لە بەشی پۆلێنکراوەکان دانراوە .

**موسوڵمان بوون تاوانەکانی پێشو دەسڕێتەوە**

**پرسیار:**

**برایەکمان تازە موسوڵمان بووە ،و لەکاتی نەزانی و نەفامی دا ماڵێکی زۆری بە ڕێگای بازرگانی کردن بەمادە هۆشبەرەکان کۆکردۆتەوە ، و ئەو ماڵەی لای خۆی هێشتۆتەوە و کتێبخانەیەکی گەورەی لێ دروست کردووە ، و هەر بەو ماڵە ژنی هێناوە ، بەڵام لەم ماوەیەدا پێی گوتراوە دروست نی یە لەو ماڵە خێر بکات ؛ چونکە خوای پەروەردگار پاکە و ماڵی پاک و حەڵاڵ نەبێ قەبوڵی ناکات ، جا پرسیار دەکات چ لەو ماڵە بکات ؟ و تا چەند ئەو قسەیە ڕاستە کەپێی گوتراوە ؟**

یەکەم : سوپاس بۆ خودا کەهیدایەتی داوە بۆ ئیسلام ، و داوا لەخودا دەکەین دامەزراوی بکات و هاوکاری بێت بۆ هەر کارێک کە خێری دونیا و دوا ڕۆژی تێدا بێت .

دووەم : یەکێکە لەفەزڵەکانی خودا ئەوەیە موسوڵمان بوونی کردۆتە هۆکاری سڕینەوەی هەموو تاوانەکانی ڕابردوو ، و هەرکات کە کەسێکی کافر موسوڵمان دەبێت خودا لەهەموو ئەو تاوانانەی دەبورێ کە لەسەردەمی کافری دا ئەنجامی داون .

ئیمامی مسلم فەرموودەیەکی بەژمارە (١٢١) لەعەمری کوڕی عاسەوە رضي الله عنه گێڕاوەتەوە ودەڵێت : (لَمَّا جَعَلَ اللَّهُ الإِسْلامَ فِي قَلْبِي أَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَقُلْتُ : ابْسُطْ يَمِينَكَ فَلأُبَايِعْكَ . فَبَسَطَ يَمِينَهُ ، قَالَ : فَقَبَضْتُ يَدِي . قَالَ : مَا لَكَ يَا عَمْرُو ؟ قَالَ : قُلْتُ : أَرَدْتُ أَنْ أَشْتَرِطَ . قَالَ : تَشْتَرِطُ بِمَاذَا ؟ قُلْتُ : أَنْ يُغْفَرَ لِي . قَالَ : أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الإِسْلامَ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ) .

واتە : کاتێ کەخودا ئیسلامی خستە دڵمەوە چووم بۆلای پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، و گوتم : دەستت بێنە با پەیمانت پێ بدەم . دەستی هێنا ، عەمر دەڵێ : دەستم گەڕاندەوە . پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی : ئەوە چی یە ئەی عەمر ؟!

دەڵێ : گوتم : ویستم مەرجێک دابنێم .

فەرمووی : چ مەرجێک ؟ گوتم : خودا لێم خۆش بێت .

فەرمووی : ئایا نەتزانیوە ئیسلام و موسوڵمان بوون هەموو تاوانەکانی پێشوو دەسڕێتەوە .

جا ( الإِسْلامَ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَه ) واتە : لەناوی دەبات ودەیسڕێتەوە .

ئەمە وتەی ئیمامی النووي یە لە "شرح مسلم"دا .

وه هەروەها هاو شێوەی ئەم پرسیار ڕوو بەڕووی شیخ ابن عثيمين رحمه الله کراوەتەوە ، لەبارەی کەسێکەوە کە پێش موسوڵمان بوون بازرگانی کردووە بەمادە هۆشبەرەکانەوە و لەو ڕێگەیەوە ماڵی کۆ کردۆتەوە ؟

لەوەڵامدا گوتوویەتی :

بەو برایەی (کەخودا ڕەحمی پێ کردووە و موسوڵمان بووە دوای ئەوەی ماڵی حەڕامی کۆ کردۆتەوە) دەڵێین :

موژدەت لێ بێت ئەو ماڵە حەڵاڵە ، و هیچ تاوانێکی لەسەر نی یە ، نە لەڕووی هێشتنەوەی ، و نە لەڕووی کردنی بەخێر ، و نە لەو ڕووەوەشەوە کەزەواجی پێ کردووە ؛ چونکە خوای پەروەردگار لەقورئانە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی : ( قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ ) الأنفال/٣٨ .

واتە : ئەی محمد - ﷺ - بە کافران بڵێ: ئەگەر دەست هەڵبگرن لە کوفرو دژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا - ﷺ - وە موسڵمان بن و بە تاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن ئەوا پێشتر چ تاوانیان کردووە لە کوفرو دژایەتی ئەوە خوای گەورە لە هەر هەمووی خۆش ئەبێت ،

بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دژایەتی و کوفرو کوشتاری موسڵمانان ئەوە سوننەتی خوای گەورە لە نەتەوەکانی پێشترا تێپەڕیوە تەماشا بکەن بزانن چۆن خوای گەورە لەناوی بردوون ئێوەش بەو شێوازە لەناو ئەبات.

واتە : هەموو ئەوانەی پێشوو ، جا (ما) لێرەدا بۆ گشت گیریە ، جونکە ( اسم موصول )ـە ، واتە : هەموو ئەو کارانەی پێشوو کراوە مەعفووە .

بەڵام ئەو ماڵەی کە لە هاوڕێیەکی زەوت کردووە بۆی دەگێڕێتەوە ، بەڵام بەنیسبەت ئەو ماڵەی کەبەڕیبا بەدەستی هێناوە کە هەر دوولا ڕازی بوون هەر چەند حەڕامیش بێت ، وەک : ڕیبا وبازرگانی کردن بەمادە هۆشبەرەکان وجگە لەمانەش ئەوا حەڵاڵ دەبێت کاتێ کە کەسەکە موسوڵمان دەبێت ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە : ( قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ ) .

واتە : ئەی محمد - ﷺ - بە کافران بڵێ: ئەگەر دەست هەڵبگرن لە کوفرو دژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا - ﷺ - وە موسڵمان بن و بە تاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن ئەوا پێشتر چ تاوانیان کردووە لە کوفرو دژایەتی ئەوە خوای گەورە لە هەر هەمووی خۆش ئەبێت .

وەهەروەها پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەعەمری کوڕی عاصی فەرموو کاتێ کەموسوڵمان بوو : ( أما علمت أن الإسلام يهدم ما كان قبله ) .

واتە : ئایا نەتزانیوە ئیسلام و موسوڵمان بوون هەموو تاوانەکانی پێشوو دەسڕێتەوە .

پێشتر زۆر لەبێباوەڕان موسوڵمان دەبوون لەکاتێکدا موسوڵمانانیان کوشتبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا سزا نەدەدران ، بۆیە بەو برایە بڵێن : ماڵەکەی حەڵاڵە ، و هیچی لەسەر نی یە ، و با خێری لێ بکات ، و ژنی پێ بێنێت ، وەبەنیسبەت ئەوەی کەپێی گوتراوە گوایە دروست نی یە بیکاتە خێر ئەو قسەیت هیچ ئەسڵێکی نی یە .

"لقاءات الباب المفتوح" ( /٣٧٣-٣٧٤) .

**ئاسانی هاتنه نێو ئیسلامەوه و موسڵمان بوون**

**پرسیار:**

**لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕم لەبارەی ئەم دینەوە کرد ، و بەڕاستی ئەمەوێ ببمە موسوڵمان و دەمەوێ بزانم چۆن دەتوانم ئەو کارە ئەنجام بدەم ؟**

الحمد لله

یەکێک لەجوانیەکانی ئیسلام ئەوەیە پەیوەندی نێوان بەندە و خودایە و هیچ واستەیەک لەو نێوانەدا نی یە ، و یەکێکی تر لەجوانیەکانی ئەوەیە لەکاتی هاتنە نێویەوە پێویستی بەڕەزامەندی کەس و ئەنجام دانی هیچ موعامەلاتێک ناکات بەڵکو هاتنە نێو ئیسلامەوە زۆر ئاسانە و دەکرێ هەر مرۆڤێک بەتەنها و تەنانەت لە دەشتێکی چۆڵدا ئەو کارە بکات ، بابەتەکە لەسەر دەربڕینی دوو ڕستە بەندە کە واتای ئیسلامیان لە خۆیان گرتووە ودان نان بەبەندایەتی مرۆڤ بۆ خودا و تەسلیم بوون پێی بەوەی پەرستراوی حەقە و موحەممەد بەندە و پێغەمبەری خودایە و پێویستە باوەڕدار شوێنی بکەوێت و گوێڕایەڵی کردنی گوێڕایەڵی خودایە ، بۆیە هەرکەسێک لەدڵەوە دان بنێت بەو شایەتیەدا و باوەڕی پێی بێت ئەوا دەبێتە موسوڵمان هەر مافێک بۆ موسوڵمان بێت ئەویش

دەگێتەوە و هەرشتێکیش لەسەر موسوڵمان پێویست بێ لەسەر ئەویش پێویست دەبێت ، دواتر یەکسەر دەست دەکات بەجێ بەجێ کردنی واجبە شەرعیەکان وەک نوێژ ورۆژوو وجگە لەمانەش .

جا بەڕێزم ئا لێرەوە بۆت دەردەکەوێت یەکسەر دەتوانی ببی بە موسوڵمان کەواتە هەستە و خۆت بشۆ و بڵێ " أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنّ محمدا عبده ورسوله " .

**ئایا ئیسلام دینی حەقە؟**

**پرسیار:**

**بۆچی موسڵمانەکان پێیان وایە دینەکەیان حەقە؟ ئایا هیچ بەڵگەیەکی موقنیع و لۆژیکیان پێیە ؟**

پرسیارەکەت لە پرسیاری کەسێک دەکات هێشتا نەهاتبێتە نێو ئیسلامەوە ، بەڵام بێگومان هەر کەسێک موسوڵمان بووبێت و ئەم دینەی بەجوانی پەیڕەوکردبێت دەزانێت لەچ نیعمەتێکدایە وکەسانی تر لەچ گومڕاییی وسەر لێ شێواویەکدان ، ئەمە بەهۆکار گەلێکی زۆر ، لەوانە :

یەکەم: تاکی باوەڕدار یەک خودا دەپەرستێت کەهیچ هاوەڵ وشەرکێکی نی یە ، کۆمەڵێ ناو وسیفاتی جوانی هەیە ،بۆیە تەنها داوا لەو دەکات وڕوو دەکاتە ئەو و متمانەی بەو هەیە ، وداوای یارمەتی وسەرکەوتن و پشت و پەنا تەنها لەو دەکات ، و باوەڕی وایە کەخوداکەی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە وپێویستی بەخێزان ومنداڵ نی یە ، وئاسمانەکان وزەوی دروست کردووە ، وهەر ئەوە مرێنەر و زیندو کەرەوەیە ودروستکار و ڕازقە ، بەندە داوای ڕزقی لێ دەکات وئومێدی پێی هەیە وڵامی بداتەوە ، وخودا لێ خۆشبووە وبەبەزەییە وتەوبە

لەبەندەکانی قەبوڵ دەکات کاتێ کەم تەرخەمیەک دەکەن ودواتر تەوبە دەکەن ، وەخودا زانا وئاگاداری نیەت وهەموو شتە شاراوەکانی نێو دڵەکانە ، بۆیە بەندە شەرم دەکات تاوان بکات لە کاتێکدا دەزانێت خوای گەورە دەیبینێت ، و دەزانێت پەروەردگاری حەکیمە وئاگاداری غەیب وشتە شاراوەکانە و دەزانێ کە خوای گەورە بەتوانایە و باوەڕی وایە ستەمی لێ ناکات ، هەموو قەزاو قەدەرێک خێرە هەر چەند ئەم ئاگاداری نەبێت وپەی پێ نەبات .

دووەم : شوێنەواری عیبادەتەکان بەسەر تاکی باوەڕدارەوە دیارە ، بۆ نموونە نوێژ پەیوەندی نێوان بەندە وخودایە و کاتێ داخڵی ناو نوێژ دەبێت هەست بە دڵ خۆشی وئارامی دەکات ؛ چونکە ئەو لەگەڵ کەسێکی زۆر بەرزدا دەدوێ کەخودای پەروەردگارە بۆیە پێغەمبەر موحەمەد ﷺ کاتێ نوێژ دەهات دەیفەرموو : (أرحنا بالصلاة..)

واتە : بانگ بدەن و ئیسراحەتمان پێ ببەخشن ، وکاتێ توشی ناڕەحەتەک بوایە پەنای دەبردە بەر نوێژ کردن ، وهەرکەسێک کەتوشی موسیبەت وناڕەحەتیەک بووبێت وپەنای بردبێتە بەر نوێژ هەستی بەئارامی کردووە چونکە ئەو کەلامی خودای دەخوێنێتەوە وبێگومان

شوێنەواری کەلامی خودا بەراورد ناکرێت لەگەڵ قسەی هیچ کەسێکی تردا ، تۆ تەماشاکە دەبینی هەندێ جار قسەی پزیشکی دەرونی کاریگەری هەیە ومرۆڤ بەهۆیەوە هەست بەبار سوکی دەکات ئەی دەبێ کەلامی خالقی ئەو دکتۆری دەروونیە چۆن بێت .

وەکاتێ تەماشای زەکات دەکەیت کەئەویش یەکێکە لەئەرکانەکانی ئیسلام دەبینی پاک کەرەوەی دڵ ودەروونە لە ڕەزیلی وخۆ پەرستی ، و وەرزشێکی باشە بۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر سەخی بوون ویارمەتی دانی هەژاران و بێ نەوایان وپاداشتێکیشە بۆ ڕۆژی دوای ، جا زەکات هاوشێوەی زەریبە بڕەکەی زۆر نی یە ، بەڵکو لەهەر یەک ملیۆن دینار تەنها ٢٥ هەزار دەدرێت وبڕێکی کەمە ، و موسوڵمان بەئارەزووی خۆی دەیدات وتەنانەت گەر کەسیش زۆری لێ نەکات دەیدات .

وەبەنیسبەت ڕۆژووەوە خۆگرتنەوەیە لەخواردن وخواردنەوە وجووت بوون وەک بەندایەتیەک بۆ خودا وهەست کردنێک بە پێویستی هەژار وبێ نەوایان وبیر خستنەوەی نیعمەتەکانی خودا و پاداشتێکی بێ شوماریشی بۆ دانراوە لە قیامەتدا .

وەهەرەوها حەجیماڵی خودا ئەوەی کەئیبڕاهیم بونیادی نا جێ بەجێ کردنی فەرمانی خودایە وناسینی جۆرەها موسوڵمانی تێدایە کەلەوڵاتانی جودا جوداوە دێن .

سێیەم : ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی بەهەموو کارێکی خێر کردوو وڕێگری لەهەموو کارێکی خراپ ونەشیاو کردووە وفەرمانی بەهەموو ئاداب وڕەوشتێکی بەرز کردووە وەک ڕاستگۆی و لەسەر خۆی و نەرم ونیانی و شەرم وحەیا و خۆ بەکەم زانین وپاراستنی ئەمانەت و دادپەروەری و لێبوردەیی و سوپاس گوزاری لەسەر چاکە وئارام گرتن لەکاتی توڕەییدا و قەناعەت بوون ، و چاک بوون لەگەڵ دایک وباوکدا وڕێز گرتنی لەکەسانی بەتەمەن وبەزەیی هاتنەوە بەمنداڵاندا وئامۆژگاری کردنی موسوڵمانان وپاراستنی ماڵی هەتیو و لابردنی نارەحەتی لەسەر ڕێگا وجێ بەجێکردنی پێویستی برای موسوڵمان ویارمەتی دانی لێ قەوماوان وبەدەمەوە چوونی بێ نەوایان وسەرخستنی ستەم لێکراو ومەسرەف کردن ونەفەقە کێشانی ماڵ ومنداڵ وسەردانی کردنی نەخۆش ودڵ دانەوەی کەسانی دڵ تەنگ وئەوانەی کەسێکیان لێ دەمرێت وچاک بوون لەگەڵ خێزاندا وبڵاو

کردنەوەی سەلام وڕووخسەت وەرگرتن لەکاتی سەردانی کردندا ..هتد.

وە کاتێ کەغەیرە موسوڵمانێک هەندێ لەم کارانە ئەنجام بدات وەک ئادابێکی عام دەیکات بەڵام چاوەڕێی پاداشت نین بەوەی لەڕۆژی دواییدا خودا پاداشتیان بداتەوە وسەرفراز بن .

وەکاتێ تەماشای ئەو شتانە بکەیت کەئیسلام ڕێگری لێ کردووە دەبینی هەمووی لەمەسڵەحەتی تاک و گشتیدایە و بۆ پاراستنی پەیوەندیە لەنێوان بەندە وخودادا وهەروەها بۆ پاراستنی پەیوەندیە لەنێوان مرۆڤ وهاونیشتمانەکانیدایە ، با چەند نموونەیەک باس بکەین بۆ ئەوەی مەبەستەکەمان زیاتر ڕوون ببێتەوە :

١- ئیسلام ڕێگری کردووە لە شیرک وعیبادەت کردنی غەیری خودا ، چونکە عیبادەت کردن بۆ غەیری خودا نەگبەتی وخۆ ڕسوا کردنە بۆ بەندەکان و شتە بێ کەڵکەکان وەک گۆڕ و مرۆڤەکان ، و ئیسلام ڕێگری کردووە لەسەردانی کردنی ساحیر وفاڵ گرەوەکان چونکە ئەوانە دوو بەرەکی وناکۆکی دەخەنە نێو خێزانەکانەوە ، وەهەروەها ڕێگری کردووە لەجوێن دان بەزەمانە چونکە خودا هەڵسوڕێنەریەتی

وەهەروەها ڕێگری کردووە لەبەشوم دانانی شتەکان چونکە دەبێتە هۆکاری ترسنۆکی و لەرزۆکی مرۆڤ .

٢- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەبەتاڵ کردنەوەی کردەوەی چاکە بەوەی نیەتی ناو و ناوبانگ و ڕیا و خۆ هەڵکێشان بێت .

٣- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەخۆ چەماندنەوە بۆ غەیری خودا وسەژدە بردن بۆ جگە لەخودا ودانیشتن لەگەڵ کەسانی دوو ڕوودا یاخود فاسقدا وەک هاوڕێ ودڵخۆش بوون پێیان .

٤- وە هەروەها ڕێگری کردووە لە لەعنەت کردن و دوعای خراپ کردن.

٥- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەمیز کردنە نێو ئاوی وەستاوەوە و دەستگەیاندن بەئاو لەسەر ڕێگاکاندا و لەو شوێنانەدا کەخەڵک تیایدا دادەنیشن وەک سێبەر وشوێنە گشتیەکان وەهەروەها ئەو جێگایانەش کە سەرچاوەی ئاوی خەڵکن وڕوو کردنە قیبلە یاخود پشت کردن لەکاتی دەس بەئاو گەیاندا .

٦- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەوەی مرۆڤ زەکەری بەدەستی ڕاستی بگرێت لەکاتی میز کردندا وەهەروەها سەلام بکات لەو کەسەی

خەریکی دەس بەئاو گەیاندنە وڕێگری کردووە لەوەی کەسێک کاتێ لەخەو هەڵدەستێت دەست بخاتە نێو ئەو قاپە ئاوەی کەدەست نوێژی لێ دەگرێت تاوەکو دەیشۆرێت .

٧- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەوەی نوێژ بکرێت لەکاتێکدا کەخواردن ئامادەیە ویاخود کەسەکە تەنگاوە جا بەمیز بێت یاخود پیسی چونکە لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا مرۆڤ دڵی لای نوێژەکەی وەک پێویست نابێت .

٨- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەکڕین وفرۆشتن لەمزگەوتدا چونکە شوێنی عیبادەتە وگونجاو نیە بابەتی دونیایی تیادا باس بکرێت .

٩- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەوەی مرۆڤ پەلە بکات کاتێ دەبێنێ نوێژ دابەستراوە بەڵکو پێویستە لەسەر خۆ بێت وەهەروەها ڕێگری کراوە لەڕازاندنەوەی مزگەوت بەزەخرەفە وڕەنگاو ڕەنگ کردنی چونکە هەموو ئەمانە نوێژ خوێنان سەرقاڵ دەکەن .

١٠- وە هەروەها ڕێگری کردووە دوو ڕۆژ بەسەر یەکەوە بەڕۆژوو بێت بێ ئەوەی بیشکێنێت ونابێ ئافرەتان ڕۆژووی سونەت بگرن لەکاتێکدا مێردەکانیان لەماڵ بن مەگەر بەئیزنی ئەوان نەبێت .

١١- وه هەروەها ڕێگری کردووه لەخانوو و قوبه دروست کردن لەسەر گۆڕ وبەرز کردنەوەی وهاتووچۆ کردن بەنەعل و پێڵاوەوه لە نێو گۆڕستان و نوسین لەسەر گۆڕ وڕازاندنەوەی وهەڵدانەوەی گۆڕ وکردنی بەشوێنی نوێژ و مزگەوت .

١٢- وه هەروەها ڕێگری کردووه لەهاوار ودەنگ بەرز کردنەوه لەکاتی مردنی کەسێکدا .

١٣- وه هەروەها ڕێگری کردووه لەخواردنی ڕیبا و لە هەر کڕین وفرۆشتنێک کەنادیار وشاراوه بێت وفێڵی تێدا بێت ، و لە فرۆشتنی خوێن وئارەق وگۆشتی بەراز وبت و هەرشتێک کەخودا حەڕامی کردووه وەهەروەها ڕێگری کردوو لەنەجەش ئەوەش بەو شێوەیەیە کەکاتێ کەسێک موعامەلەی شتێک دەکات کەسێکی تر لەولاوه بێت ونرخەکەی زیاد بکات نەک بەمەستی کڕین بەڵکو بۆ ئیغڕا کردنی کەسی کڕیار بەڵکو لەدڵیدا شرین بێت و بیکڕێت ، وه هەروەها ڕێگری کردووه لەوەی عەیبی شتەکان بشاردرێتەوه لەکاتی فرۆشتنیدا ولەوەی مرۆڤ شتێک بفرۆشێت کەموڵکی خۆی نییه وکڕین وفرۆشتن کردن لەسەر کڕین وفرۆشتنی کەسانی تر ، وفرۆشتنی بەر وبووم پێش پێ

گەیشتنی ، وبەسوکی کێشانی شت ومەک لەکاتی فرۆشتنیدا ، وشاردنەوەی شتو مەک وهەڵگرتنی بۆ گرانی کاتێ کەخەڵک پێویستیەتی .

١٤- هەروەها ڕێگری کردووە لە خواردنی ماڵی هەتیو بەستەم وداگیر کردنی ماڵی کەسانی تر و ڕەشوە دان وخواردنی ماڵی کەسانی تر بەناحەق ، وبەکەم زانینی ماڵی خەڵک وشاردنەوەی شتی دۆزراوە ولەوەی شتی دۆزراوە هەڵبگرێت تەنها بەمەبەستی دانەوەی نەبێت بەخاوەنەکەی ، و غەش وفێڵ کردن لەکاتی کڕین وفرۆشتندا وقەرز کردن بەنیەتی نەدانەوەی و وەرگرتنی هدیە بەمەبەستی شەفاعەت و واستە کردن .

١٥- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەزەواج نەکردن وخۆ خەساندن ومارە کردنی دوو خوشک بەیەکەوە و یان مارە کردنی پوری خێزان ، وە هەروەها ڕێگری کردووە لەژن بەژن و زەواجی موتعە وچوونە لای خێزان لەکاتێکدا کە لەحەیزدایە وە لەدواوە چوونە لای خێزان ، وداوا کردنی ئافرەتێک کەکەسێکی تر داوای کردبێت تاوەکو ئەو وازی لێ دێنێت یاخود ڕێگە دەدا ، ومارە کردنی بێوە ژن تاوەکو پرسی پێ

نەکرێت وخۆی بەزمان ڕەزامەندی دەرنەبڕێت ، وەهەروەها کچ مارە بکرێت پێش ئیزن وەرگرتنی ، و شاردنەوەی سک لەلایەن ئافرەتێکەوە کەتەڵاق دراوە ، وباس کردنی بابەتی ژن ومێردایەتی ، وگاڵتە کردن بەتەڵاق ، ولەوەی ئافرەت داوای تەڵاق بکات

بەبێ هۆ ، وئافرەتێک داوا لەپیاوێک بکات خێزانەکەی تەڵاق بدات وئەو مارە بکات ، ولەوەی ئافرەتماڵی مێردەکەی سەرف بکات بەبێ پرس ، ولەوەی ئافرەت سەرجێی لەگەڵ مێردەکەی نەکات وبەدەمیەوە نەچێت خۆ ئەگەر بەبێ عوزرێکی شەرعی ئەو کارە بکات ئەوا مەلائیکەکان لەعنەتی لێ دەکەن تاوەکو ڕۆژ دەبێتەوە ، وڕێگری کراوە لەوەی پیاو خێزانی باوکی مارە بکات ، ولەوەی پیاو بەشەو ولەناکاو بگەڕێتەوە ناو خێزانی بێ ئەوەی هەواڵیان بداتێ ، ولەوەی مارەیی خێزانەکەی بخوات بەبێ ڕەزامەندی خۆی .

١٦- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەخۆدانەپۆشینی ئافرەتان ، وزیادە ڕەوی کردن لەخەتەنەکردنی ئافرەتاندا ولەوەی ئافرەت کەسێک بێنێتە ماڵەوە بەبێ ئیزنی مێردەکەی ولەوەی منداڵ لەدایکی جودا بکرێتەوە

ولەوەی پیاو غیرەی بەرانبەر خێزان وماڵ ومنداڵی نەبێت ولەوەی کەچاوی نەپارێزێت وتەماشای ئافرەتانی نامەحرەم بکات .

١٧-وە هەروەها ڕێگری کردووە لەخواردنی مردارەوە بوو جا لە ئاودا غەرق بووبێت یاخود بەر بووبێتەوە وەبەهەر هۆکارێکی تر وخواردنی خوێن وگۆشتی بەراز وئەوەی ناوی غەیری خودای لەسەر هێنرابێت و ئەوەی بۆ بت سەر بڕدراوە .

١٨- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەخواردنی ئاژەڵ وباڵندەیەک کەخواردنی پیسی خواردبێت وەبەهەمان شێوە خواردنەوەی شیرەکەی ، وخواردنی هەر باڵندەیەک کە چونجڕکی هەبێت وخواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی وسجن کردنی ئاژەڵ بێ ئەوەی خواردنی بدرێتێ ، و سەر بڕینی ئاژەڵ بەنینۆک وددان و لەبەرچاوی ئاژەڵێک ئاژەڵێکی تر سەر ببڕدرێت ، ویاخود لەبەر چاوی چەقۆ تیژ بکرێت .

وە لە جل و بەرگ و جوانی دا :

١٩- ڕێگری کردووە لەئیسراف کردن و زێڕ بۆ پیاوان .

٢٠- وە هەروەها ڕێگری کردووە لە جل شۆڕی بۆ پیاوان وڕاکێشانی بەدوای خۆدا بۆ فیز وەهەروەها لەبەر کردنی جلی شوهرەت وبەناو بانگ .

٢١- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەشایەتی دانی درۆ وبوهتان کردن بۆ ئافرەتی داوێن پاک .

٢٢- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەناو وناتۆرە وچاو لەیەک داگرتن، وگاڵتە کردن بەیەکتر وخۆ هەڵکێشان بەعەشیرەتەوە وجوێندان وقسەی نەشیاو مەگەر کەسێک ستەمی لێ کرابێت .

٢٣- وەهەروها ڕێگری کردووە لەدرۆ وەک بەدرۆ بڵێت خەونم بینیوە بۆ بەدەست هێنانی شتێک .

٢٤- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەوەی مرۆڤ خۆی هەڵکێشێت وقسە کردنی دوو کەس پێکەوە کاتێ کەسێ کەس بن بۆ ئەوەی دڵ تەنگی بکات ، ولەعنەت کردن لەباوەڕدار ئەو کەسەی کەموستەحەقی لەعنەت نییە .

٢٥- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەجوێن دان بەمردوو ودوعا کردن لەخۆ یاخود ماڵ ومنداڵ بەهۆی ئەوەی توشی ناڕەحەتیەک بووە .

٢٦- وە هەروەها ڕێگری کردووە لەوەی کاتێ لەگەڵ کەسێکدا نان دەخوات لەبەردەم ئەوەوە بخوات وخواردن لە نێوەڕاستی قاپەوە بەڵکو لە لێوار و قەراغەوە نان دەخوات و وە هەروەها ڕێگری کراوە لەوەی بەپاڵ کەوتنەوە خواردن بخورێت و هەناسە بدرێت بەنێو خواردندا ودانیشتن لەسەر سفرەیەک کە عەرەقی لەسەر بێت .

٢٧- وە هەروەها ڕێگری کراوە لەوەی ئاگر لەماڵدا بەجێ بهێڵدرێت لەکاتی نوستندا ونوستن لەسەر سک ، وگێڕانەوەی خەونی ناخۆش ویاخود لێکدانەوەی بۆ بکات چونکە شەیتان گاڵتەی پێ کردووە .

٢٨- وە هەروەها ڕێگری کراوە لەکوشتن بەناحەق ، وکوشتنی منداڵ لەترسی هەژاری وخۆ کوشتن و زینا کردن و نێر بازی وخواردنەوەی عەرەق ودروست کردنی ، وڕازی کردن خەڵک بەو شتانەی کەخودا تورە دەکات ، وتورەبوون لەدایک وباوک ، وخۆ دانەپاڵ غەیری دایک وباوک وسزا دان بەئاگر وسوتاندنی جا زیندوو بێت یاخود مردوو وشێواندنی ڕوخسار ویارمەتی دان لەسەر باتڵ وحەڕام وگوێڕایەڵی کردنی خەڵک لەبێفەرمانی خودادا ، وسوێند خواردن بەدرۆ بەتایبەت گەر بۆ بڕینی مافی کەسێک بێت ، وگوێ گرتن بۆ قسەی کەسانێک

كەپێیان خۆش نەبێت گوێیان بۆ بگیردرێت وتەماشا كردنی عەورەتی كەسانی تر ، وخۆ هەڵكێشان بەشتێک كەتیایدا مەوجوود نەبێت وتەمشا كردنی ماڵی كەسانی تر بەبێ ئیزنیان وزێدە ڕەوی وئیسراف وجاسوسی كردن وگومانی خراپ بردن بەپیاو چاكان و ودوو بەرەكی دروست كردن وبەردەوام بوون لەسەر باتڵ وحەسوودی بردن وخۆ بەزل زانین ولەخۆ بای بوون وپاش گەز بوونەووە لەسەدەقە ، وكرێكار گرتن وپێ نەدانی حەقەكەی ، ودادپەروەر نەبوو لەنێوان منداڵدا ، و خراپ بوون لەگەڵ دراوسێدا ، وقسە دابڕین زیاد لەسێ ڕۆژ لەبابەتی دونیاییدا ، وسیلاح ڕووكردنە برای موسوڵمان ،وپاش گەز بوونەوە لەهەدیە ویاخود وەرنەگرتنی ، و دانی ماڵ بەكەسانی سەفیە وهەرزە ،وبەتاڵ كردنەوەی سەدەقە بەمنەت كردن وشاردنەوەی شایەتی ،وتەداوی كردن بەشتی حەڕام چونكە خودا لەشتی حەڕامدا دەرمانی دانەناوە ، وكوشتنی ژن ومنداڵ لەجەنگدا ، ولەوەی هیچ كەسێک خۆی هەڵنەكێشێت بەسەر كەسێكی تردا ، وترسانی موسوڵمان جا بەهەر شتێک بێت ، و كوشتنی مێروله وهەنگ ،و خیانەت ، وداوا كردن لەكەسانی تر و بردنی شتی كەسانی تر بەگاڵتە ، وەبەكار هێنانی

دەرمان بەبێ زانیاری وهەڵساندنی کەسێک لەمەجلیسێکدا ودانیشتن لەجێگاکەی .

وە جگە لەم شتانەش کەفەرانیان پێ کراوە ورێگریان لێ کراوە ، هەموو ئەمانە بۆ خۆش گوزەرانی مرۆڤەکانە ، جا ئایا هیچ دینێکی هاوشێوەی ئەم دینەت بینیوە یاخود گوێت لێ بووە ؟

بەجوانی چەند جارێک وەڵامەکە بخوێنەوە وپاشان پرسیار لەخۆت بکە بزان ئایا خەسارەتمەندی نییە شوێنی نەکەوی ؟

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) (٨٥) سورة آل عمران

واتە : وە هەر کەسێ جگە لە ئیسلام داوای دینێکی تر بکات و لەسەر دینێکی تر بێت ئەوا خوای گەورە لێی قبووڵ ناکات و لێی وەرناگرێ ، وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا لە زەرەرمەندانە وە ڕزگاری نابێت.

لەکۆتاییدا هیوا خوازم تۆ و غەیری تۆش ئەم وەڵامە بخوێننەوە و خوای گەورە هیدایەتتان بدات بۆ ئەم ئیسلامە پاک و جوان و تەواوە .

**ئیسلام ئاینی لێبوردەیی و ئاسان كارییە**

**پرسیار:**

**چۆن بۆ غەیرە موسوڵمانەكانی بسەلمێنین كە ئیسلام ئاینی لێبوردەیی وئاسان كارییە ؟**

بێگومان دینی ئیسلام دینی ڕەحمەت و لێبوردەیی وئاسانكارییە ، و خوای پەروەرگار تەكلیفی شتێكی لەم ئومەتە نەكردووە كە لە توانای مرۆڤدا نەبێت ، هەروەك فەرموویەتی : [لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا] البقرة/٢٨٦ .

واتە : خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەرشانی هیچ كەسێك تەنها بەگوێرە ی توانای خۆی نەبێ .

وە خوای پەروەردگار نارەحەتی و شتی قورسی لەسەر موسوڵمانان هەڵگرتووە ،هەروەك فەرموویەتی : ( هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ) الحج/٧٨ .

واتە : ئەی موسڵمانان خوای گەورە ئێوەی هەڵبژاردووە بەسەر سەرجەم ئوممەتانی تردا، وە ڕێزی لێناون بە باشترین و بەرێزترین پێغەمبەر كە محمدە - ﷺ -، وە بە تەواوترین شەریعەت كە شەریعەتی

ئیسلامە ، وە لە دینیشدا هیچ تەسکی و تەنگی و نارەحەتی و سەغڵەتیەکی لەسەرتان دانەناوە بەڵکو هەموو کار ئاسانیەکی بۆ کردوون .

وە هەر تاوانێک کەموسوڵمان بەهۆی نەزانینەوە ،و یاخود لەبیر چوونەووە ، و یاخود بەزۆر پێی بکرێت خودا لێی ناگرێت هەروەک فەرموویەتی : ( رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ) البقرة/٢٨٦ .

واتە : ئەی پەروەردگار هەر شتێك كە لەبیرمان کرد یان بەهەڵە کردمان تۆ لێمان مەگرە وە سزامان مەدە لەسەری، وە لە صحيح موسلیم هاتووە خوای گەورە فەرمووی: (قَدْ فَعَلْتُ) ((مسلم) ٢٠٠ - (١٢٦))

واتە: بەڵێ ئەوە وام کرد هەر شتێك بە لەبیرچوون بێت یان بەهەڵەبێت موحاسەبەتان ناکەم و لۆمەتان ناکەم لەسەری و سزاتان نادەم .

جا ئەوەی مرۆڤی لەسەر موحاسەبە دەکرێت کردنی تاوانە بەئەنقەست و بە عەمدی هەروەکو خوای پەروەرگار فەرموویەتی : (وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ) الأحزاب/٥ .

وەخوای پەروەرگار بەڕەحمە و پێغەمبەر موحەممەدی ﷺ بەئاسانکاری ولێبوردەیی ڕەوانە کردووە : ( يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) البقرة/١٨٥ .

واتە : خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە ئەوێ و نایەوێ شت لەسەر ئێوە قورس بکات .

وەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ( إن الدين يسر ولن يشاد الدين أحد إلا غلبه فسددوا وقاربوا وأبشروا ) رواه البخاري/٣٩ .

واتە : بەدڵنیاییەوە دین ئاسانە و هیچ کەسێک دین بەتوندی ناگرێت ئیلا دین زاڵ دەبێت بەسەریدا (بۆیە کارەکان ئاسان بگرن و تیایدا نێوەند گیربن ، (لەوەرگرتن تیایدا و زێدەڕە و کورت ڕەومەبن) و لێی نزیک ببنەوە ، (کاتێ نەتانتوانی تەواو بیپێکن) ،وە مژدە دەربن .

جا شەیتان گەورەترین دوژمنی مرۆڤە کە خودای لەبیر دەباتەوە و تاوانەکانی بۆ دەڕازێنێتەوە ، هەروەک خوای پەروەرگار فەرموویەتی : (اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ ۚ أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ ) المجادلة/١٩ .

واتە : ئەم کەسانە شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووەو یادو زیکری خوای گەورەی لەبیر بردوونەتەوە ، ئا ئەمانە حیزب و کۆمەڵ و پێڕو شوێنکەوتەی شەیتانن ، ئاگادار بن و بزانن کۆمەڵ و پێڕو شوێنکەوتوانی شەیتان زەرەرمەندی ڕاستەقینە ئەوانن.

دواتر ئەو شتانەی کەبەدڵدا دێن مەعفووە ولێ پرسینەوەی لەسەر نی یە هەروەک پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : ( إن الله تجاوز لأمتي ما حدثت به أنفسها ما لم يتكلموا أو يعملوا ) رواه مسلم/١٢٧.

واتە : خودا لەئومەتەکەم خۆش بووە لەوەی کەبەدڵیدا دێت بەمەرجێ بەزمان دەری نەبڕێت یاخود بەکردەوە نەیکات .

وە هەرکەسێک گەر تاوانێکی ئەنجام داو وخودا بۆی داپۆشی دروست نییە باسی بکات وخۆی پێ هەڵکێشێت ، لەبەر ئەم فەرموودەیەیی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام : ( كل أمتي معافى إلا المجاهرين ) رواه مسلم/٢٩٩٠ .

واتە : هەموو ئوممەتەکەم عەفوو دەکرێن ، تەنیا ئەوانە نەبێت کە تاوانەکانیان ئاشکرا دەکەن و لای خەڵکی باسی دەکەن . .

وه كاتێ كەمرۆڤ تاوانێک دەكات ودواتر تەوبە دەكات ، ئەوا خودا تەوبەكەی قەبووڵ دەكات : ( كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِن بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ) الأنعام/٥٤

واتە :خوای گەورە لە (لوح المحفوظ) دا چاكەو فەزڵ و ئیحسانی لەسەر نەفسی پیرۆزی خۆی نووسیوەو پێویستی كردووە كە بەڕەحم و سۆزو بەزەیی بێت، وە ڕەحمەتی خوا پێش توڕەبوونێتی، وە (سەد) ڕەحمەتی هەیە تەنها یەكێكی دابەزاندووە بۆ ناو دروستكراوەكانی و (نەوەدو نۆی) هێشتۆتەوە بۆ ڕۆژی قیامەت، بەو تەنها ڕەحمەتەیە كە خەڵكی و گیانلەبەران ڕەحم بە یەكدی دەكەن ، وە هەر كەسێك لە ئێوە ی موسڵمان ئەگەر خراپەیەك بكات بەنەزانین كە (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێ) دەفەرمووێ: هەموو كەسێك كە خراپە دەكات ئەوە لە نەزانیەتی ئەگەر نەزان نەبێ خراپە ناكات ، لە دوای ئەوە تەوبە بكات لەو خراپەیەی كە كردۆتی و بگەڕێتەوەو پەشیمان بێتەوەو ئەوەی كە بەخراپە ئەنجامی داوەو خراپی كردووە چاكی بكاتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ڕێگای ڕاست وە كردەوەی چاك بكات ، ئەوە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە.

وە خوای پەروەرگار زۆر لێخۆشبووەو لە تاوان خۆش دەبێت و چاو پۆشی لەکەم وکورتیەکان دەکات ، هەروەک پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : ( إن الله كتب الحسنات والسيئات , ثم بين ذلك , فمن هم بحسنة فلم يعملها كتبها الله له عنده حسنة كاملة فإن هو هم بها فعملها كتبها الله له عنده عشر حسنات , إلى سبعمائة ضعف ، إلى أضعاف كثيرة ، ومن هم بسيئة فلم يعملها , كتبها الله عنده حسنة كاملة , فإن هو هم بها فعملها كتبها الله له سيئة واحدة ) متفق عليه ، أخرجه البخاري ( كتاب الرقائق/٨١ ) .

واتە : بەڕاستی خوای گەورە نوسیویەتی لەسەر چاکە و خەراپە: هەر کەسێک ویستی چاکەی هەبێت ئەگەر چیش ئەنجامی نەدات،ئەوە بە چاکەی تەواو بۆی دەنوسرێت،وە ئەگەر هاتوو ویستی ئەنجامدانی هەبوو،ئەوە پەروەردگار لای خۆی بۆی دەنوسێت بە دە چاکە بۆ حەوت سەد چاکە وە زیاتریش،وە هەر کەسێکیش ویستی خراپەیەکی هەبێت،ئەگەر ئەنجامی نەدات ئەوە پەروەردگار بە چاکەی تەواو بۆی دەنوسێت،وە ئەگەر هاتوو ویستی کردنی خراپەکەی هەبێت،ئەوە پەروەردگار بۆی دەنوسێت بە یەک خراپە.

**کەسێکی مەسیحی (نەصرانی) لەبارەی تەوبە کردنەوە پرسیار دەکات**

**پرسیار:**

**من مەسیحیم (نەصرانیم) و دەمەوێ بپرسم :**

**گەر دوای ئەوەی کەسێک تاوانێکی زۆر ئەنجام دەدات و بیەوێ تەوبە بکات ، و پەیمان بەخودا بدات نەگەڕێتەوە سەری ..هتد ، جا من دەزانم لە ئیسلام دەڵێت : خودا لێی خۆش دەبێت ، جا پرسیارەکەی من بەم شێوەیەیە :**

**گەر کەسێک تاوانێکی زۆر بکات ودواتر تەوبە بکات چۆن دەبێ خوا لێی خۆش بێت تەنها لەبەر ئەوەی موسوڵمانە ، لەکاتێکدا هەموو تاوانبارێک دەبێ سزای تاوانەکەی بچێژێت**

**ئەوەتا دەزانین لەبەسەرهاتی ئادەم دا خودا بەجۆرێک لەجۆرەکان سزای ئادەمی دا لەبەرانبەر ئەو تاوانەیدا کە کردی .**

الحمد لله الذي هدانا للإسلام وما كنا لنهتدي لولا أن هدانا الله ..

سەرەتا داواکارین لە خودای گەورە هیدایەتت بدات ..

بەتەئکید خودای تەعالا بۆ مەبەستێکی گەورە دروستی کردووین کەئەویش بەتاک وتەنها پەرستنی خودایە ، هەروەک فەرموویەتی : (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ )

واتە : وە من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاك و تەنها بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن.

ئائەمە مەبەستەکەیە .

کەواتە خودا بۆ خواردن وخواردنەوە دروستی نەکردووین ..و بۆ ئەوە دروستی نەکردوین گاڵتە وگەپ بکەین ، بەڵکو بۆ ئەوە دروستی کردوین بیپەرستین وهاوبەشی بۆ بڕیار نەدەین ..ویادی بکەین ولەبیری نەکەین ..

ئا ئەمە ئامانجەکەیە ..ئای چەند جوانە ئەم ئامانجە ..کاتێ مروڤ دەژی بۆ بەندایەتی کردنی خودا ، وخزمەت کردنی دینەکەی وبەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی خودا..بەلاشە لەسەر ئەرزە بەڵام بەدڵی لەگەڵ خودایە .

وە لەبەر ئەوەی عیبادەت کردن پێویستی بەڕونکردنەوە هەیە خودا پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە وموژدە دەر

وترسێنەر بن ، و بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەڕۆژی دواییدا هیچ بیانویەکیان بەدەستەوە نەبێت ، بۆیە هەر کەسێک گوێڕایەڵی خودا بکات ئەوا سەرفراز دەبێت ، و بەپێچەوانەوە هەر کەسێک پشت بکات لەدینی خودا خەسارەوەمەند دەبێت .

خوای گەورە فەرموویەتی : ( قَدْ جَاءَكُمْ بَصَائِرُ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ عَمِيَ فَعَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِحَفِيظٍ) سورة الأنعام / ١٠٤ .

واتە : ئەوە لەلایەن پەروەردگارەوە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراتان بۆ هاتووە ، جا هەر کەسێك ئەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە ببینێ کە لە قورئاندا هاتووەو لێی تێ بگات ئەوە سوودەکەی بۆ خۆیەتی ، وە هەر کەسێك خۆی کوێر بکات لە ئاست بینینی ئەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە ئەوە تەنها زیان لە خۆی ئەدات ، وە من چاودێر نیم بەسەر ئێوەوەو کردەوەکانتان بپارێزم بەڵکو تەنها پەیامی خوای گەورەتان پێ ئەگەیەنم .

بۆیە کاتێ کەمرۆڤ موسوڵمان دەبێت ئەوا خۆشگوزەرانی هەڵبژاردووە : ( فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُوْلَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا) سورة الجن / ١٤ .

واتە : ئەوانەی موسڵمان بوونە ئەوانە ڕێگای خێرو حەق و ڕاستییان گرتۆتە بەرو بەدوای ڕێگای سەرفرازی و ڕزگاریدا گەڕاون.

وە کاتێ کەمرۆڤ شیاوی ئەوەیە هەڵە بکات وشتی لەبیر بچێت ، وتاوان کردنی شتێکی وارد بێت ، خوای گەورە تەوبەی بۆ داناوە ، ئەو تەوبەیەش دەرگاکەی داناخرێت تاوەکو ڕۆژی دوایی ، بۆیە بانگی بەندەکانی دەکات تەوبە بکەن ، وفەرموویەتی : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَار ).. التحريم / ٨

واتە :ئەی باوەڕداران ئێوە تەوبە بکەن و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوە بەڵام تەوبەیەکی راستگۆ و نەصوح، ئەوەیە کە مرۆڤـ بە ڕاستگۆیی و بەدڵسۆزی تەوبە بکات و ئەوەی لە ڕابردوودا کردوویەتی لێی پەشیمان بێ، وە ئەوەی کە ئێستا لە تاوان ئەیکات دەستی لێ هەڵگرێ، وە عەزیمەتی هەبێ کە لە داهاتوودا نەگەڕێتەوە سەری، وە بە دڵ پەشیمان بێ لەوەی کە ڕابردوو کردوویەتی، بە زمان داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات، بە لاشە دەستی لێ هەڵگرێ، عەزیمەتی هەبێ نەگەڕێتەوە سەری، وە ئەگەر ماف و حەقی خەڵکیش بوو حەقی خە

ڵکی بگەڕێنێتەوە  بە دڵنیایی خوای گەورە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ ئەگەر تەوبەیەکی وا بکەن .

وەهەروەها فەرموویەتی :  (وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) سورەتی: النور   ئایەتی ژمارە: ٣١

واتە : ئێوە هەر هەمووتان ئەی باوەڕداران تەوبە بکەن و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوە بەڵکو سەرکەوتوو و سەرفراز بن (ئەم رەوشت و ئاکارە جوانانە پەیڕەو بکەن و واز لە رەوشتی سەردەمی نەفامی بێن).

**جا تاوان دەبێت بەدوو بەشەوە :**

یەکەم : مافی خودا ،وەک کەم تەرخەمی کردن لەعیبادەتەکاندا .

دووەم : مافی بەندەکان ، وەک خواردنی ماڵیان بەناحەق وباس کردنیان بەشتێک کەپێیان ناخۆشە .

**بەنیسبەت یەکەمەوە :**

کەبریتی یە لەماف وحەقی خودا ،وەک ئەنجامدانی زینا وخواردنەوەی عەرەق ، ونەکردنی واجبەکان وەک نوێژ وڕۆژوو ، جا ئەم تاوانانە(زینا وخواردنەوەی عەرەق) لەشەریعەتی ئیسلام دا سزای بۆ دانراوە ، وکاتێ کەحەدی لێ دەدرێت وسزاکەی وەردەگرێت دەبێتە کەفارەتی

تاوانەکەی ، وئەوەی حەدی لێ نەدرێت بەڵام تەوبەی کردبێت ئەوا خودا تەوبەکەی قەبوڵ دەکات ، وتاوانە خراپەکانیشی بۆ دەگۆڕێ بەچاکە .

وە هەر کەسێک بەم تاوانانەوە بگاتەوە خودا بەبێ ئەوەی تەوبەی کردبێت ، وحەدی لێ درابێت ، ئەوا دەکەوێتە سەر ویستی خودا لەڕۆژی دوایدا ، گەر ویستی لێ بێت لێی خۆش دەبێت ، گەرنا سزای دەدات .

ئیمامی البخاري (١٨) ومسلم (١٧٠٩) لە (عبادة بن الصامت رضي الله عنه) کەبەشداری جەنگی بەدری کردووە گێڕاویانەتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بەکۆمەڵێک لەهاوەڵان کەلەدەور وبەری بوون فەرموو : (" بايعوني على أن لا تشركوا بالله شيئا ولا تسرقوا ولا تزنوا ولا تقتلوا أولادكم ولا تأتوا ببهتان تفترونه بين أيديكم وأرجلكم ولا تعصوا في معروف ، فمن وفي منكم فأجره على الله ، ومن أصاب من ذلك شيئا فعوقب في الدنيا فهو كفارة له ، ومن أصاب من ذلك شيئا ثم ستره الله فهو إلى الله إن شاء عفا عنه وإن شاء عاقبه " فبايعناه على ذلك) .

واتە : پەیمانم بدەنێ لەسەر ئەوەی هاوبەش بۆ خودا بڕیار نەدەن وبوهتان بەیەکتر نەکەن ، ولەشتی چاکەدا بێفەرمانی کاربەدەستی موسوڵمان نەکەن ، هەر کەسێک لەئێوە پەیمانەکەی بپارێزێت ئەوا پاداشتی لەلای خودایە ، وەهەرکەسێک لەئێوە توشی یەکێک لەو تاوانانە بوو و لەدونیادا سزا درا ئەوا دەبێتە کەفارەت بۆی ، وەهەرکەسێک لەئێوە توشی یەکێک لەو تاوانانە بوو و خودا بۆی داپۆشی ئەوا دەکەوێتە سەر ویستی خودا گەر بیەوێ لێی دەبورێ ، وەگەر ویستی لەسەر بێت سزای دەدات ، ئێمەش لەسەر ئەوە پەیمانمان پێ دا .

وە لەڕیوایەتی البخاري (٦٤١٦)دا هاتووە : " ومن أصاب من ذلك شيئا فأخذ به في الدنيا فهو كفارة له وطهور ".

واتە : هەر کەسێک توشی یەکێک لەتاوانانە ببێت ولەدونیادا مافەکەی لێ وەربگیردرێت ئەوا دەبێتە کەفارەت بۆی ولەو تاوانە پاک دەبێتەوە .

وە الحافظ لە الفتح (٦٨/١) دا ، دەڵێت : ( ويستفاد من الحديث أن إقامة الحد كفارة للذنب ولو لم يتب المحدود وهو قول الجمهور...)

واته : ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێ فائیدە دەکرێت جێبەجێ کردنی حەد وسزا دەبێتە کەفارەتی تاوان هەرچەند ئەو کەسەی کەحەدەکەی لێ دراوە تەوبەی نەکردبێت ، ئەمە بۆ چوونی زۆربەی زانایانە .

وە ئیامی أحمد (١٣٦٥) لە عەلیەوە رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ( " من أذنب في الدنيا ذنبا فعوقب به فالله أعدل من أن يُثَنِّي عقوبته على عبده ، ومن أذنب ذنبا في الدنيا فستر الله عليه وعفا عنه فالله أكرم من أن يعود في شيء قد عفا عنه )"

والحديث حسنه الأرناؤوط في تحقيق المسند . وحسن الحافظ نحوه من رواية الطبراني .

واته : هەر کەسێک لەدونیادا تاوانێک ئەنجام بدات ولەدونیادا سزابدرێت ئەوا خودا زۆر لەوە دادپەروەر ترە دوو جار سزای بەندەکەی بدات ،و هەر کەسێک لەدونیادا تاوانێک ئەنجام بدات وخودا ستری بکات وبۆی داپۆشێت ئەوا خودا زۆر لەوە بەڕەحم ترە لەڕۆژی دوایدا سزای بدات لەسەر شتێک کە لەدونیادا بۆی داپۆشیوە .

خوای گەورە فەرموویەتی : (وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلا بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً إِلا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِيماً ) الفرقان / ٦٨- ٧٠ .

واتە :وە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خوای گەورەدا دوعا ناکەن لە خوایەکی ترو لە خوایەکی تر ناپاڕێنەوە تەنها لە خوای گەورە ئەپاڕێنەوە ، وە ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە نایکوژن تەنها بە حەق نەبێ: مەگەر کەسێك لە دوای زەواجی شەرعی زینای کردبێت، یان کەسێکی بە ناحەق کوشتبێت، یان لە دین هەڵگەڕابێتەوە ئەمیش حاکمی موسڵمان ئەیانکوژێ ، وە زیناش ناکەن ،وە هەر کەسێك کاری وا بکات ، ئەوا تووشی تاوان و سزای خوای گەورە ئەبێت، یاخود دۆڵێکە لە دۆزەخ سزای زیناکارانی تێدا دەدرێت.

لە ڕۆژی قیامەت سزای چەند قاتێك ئەدرێ ، وە لەناو سزادا ئەمێنێتەوە بە سەرشۆڕی و ڕیسوایی و زەلیلی.

تەنها کەسانێك ئەگەر تەوبەیان کردبێ لەم تاوانانە وە ئیمانیان هێنابێ وە کردەوەی چاکیان کردبێ، (کردەوەی چاك ئەوەیە نیەتت بۆ خوا بێت و بۆ ریات نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت) ، ئەمانە خوای گەورە لە دونیادا خراپەکانیان بۆ ئەگۆڕێت بە چاکە، یاخود لە قیامەتدا خراپەکانیان بۆ ئەگۆڕێت بە چاکە ، وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

وەهەروەها فەرموویەتی : ( إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً بَعِيداً ) النساء / ١١٦، واتە :بەدڵنیایی خوای گەورە خۆش نابێ لەهیچ کەسێك کە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ، وە جگە لە شەریك دانان بۆ خوای گەورە تاوان چەندێك گەورە بێ هەر کەسێك ئەنجامی بدات حەڵاڵی نەکات خوای گەورە خۆش ئەبێ لە هەر کەسێك کە ویستی لێ بێت ئەکەوێتە بەر ویست و مەشیئەتی خوا ، وە هەر کەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ، ئەوە گومڕاو وێڵ بووە گومڕابوونێکی زۆر دووررو لە حەق دوورکەوتۆتەوە.

جا ئەم ئایەتە تایبەتە بەکەسێکەوە کەتەوبەی نەکردبێت ، ودەکەوێتە سەر ویستی خودا ، مەگەر هاوبەشی بۆ خودا بڕیار دابێت ، چونکە شیرک لێی خۆش بوونی بۆ نییە .

**وەبەنیسبەت جۆری دەوەمەوە :**

کەتایبەتە بەمافی بەندەکان ، وەک ستەم کردن لەکەسانی تر و دزینی ماڵیان ، ویاخود باس کردنیان بەخراپە ولێدانیان ..هتد ، ئەم جۆرەیان پێویستە لەگەڵ تەوبەکەدا مافەکە بگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەنیان ، ویاخود داوای لێ بوردنیان لێ بکات .

جا هەر کەسێک ئەمە نەکات ئەوا ئەو مافەی لەسەر دەمێنێت تا ڕۆژی دواییدا ، و لەو ڕۆژەدا لێی وەردەگیردرێتەوە ولەچاکەکانی دەبڕدرێت ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (" من كانت له مظلمة لأحد من عرضه أو شيء فليتحلله منه اليوم قبل أن لا يكون دينار ولا درهم إن كان له عمل صالح أخذ منه بقدر مظلمته وإن لم تكن له حسنات أخذ من سيئات صاحبه فحمل عليه)" رواه البخاري (٢٣١٧) .

واتە : هەرکەسێک ستەمی لەکەسێک کردووە جا ناموس بێت یاخود هەر شتێکی تر با ئەمڕۆ گەردنی خۆی پێ ئازا بکات پێش ئەوەی

ڕۆژێکی بەسەردا بێت کەدینار ودرهەمی لێ نی یە ، و گەر کردەوەی چاکەی هەبێت لێی وەردگیردرێت ، وەئەگەر چاکەی نەبێت تاوانی ئەو کەسەی ستەمی لێ کردووە دەدرێت بەسەری دا .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو قسەیەیی کەدەوترێت لەدونیادا سزای هەموو تاوانێک وەردەگریت هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی یە ، بەڵام گەر سزا بدرێت ئەوا دەبێتە کەفارەت بۆی ، وەهەر کەسێک سزا نەدرێت ، پاشان تەوبە بکات ، ئەوا خودا تەوبەکەی قەبوڵ دەکات .

وە قسەیەکی بەتاڵی تر هەیە کەدەڵێت :

هەندێ جار کەسانی تر بەهۆی تاوانی کەسانی ترەوە سزا دەدرێن ، بۆ نموونە لەبارەی ئادەمەوە دەڵێن :

نەوەکانی بەپێغەمبەرانیشەوە باجی ئەو تاوانەیان دەدا تاوەکو خودا تاقە کوڕکەی ناردە سەر ئەرز بۆ ئەوەی لەخاچ بدرێت وئەو تاوانە لەسەر بەندەکان نەمێنێت ، بێگومان ئەمە بوهتان وستەمێکی گەورەیە بەرانبەر خودا ، ودوورە لەدادپەروەری خوداوە کەسزای کەسانی تر بدات بەهۆی تاوانی کەسانی ترەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (ولاتزر وازرة وزر أخرى) فاطر / ١٨ ،

واته : وه كەس كۆڵ و باری كەس هەڵناگرێ و تاوانی كەس ناخرێتە سەرشانی كەس .

دواتر خودا زۆر لەوە بەبەزەیی تر ودادپەروەر ترە سزای كەسێك بدات بەهۆی تاوانی باوكیانەوە لەكاتێكدا تەوبەی لێ كردووە وخوداش تەوبەكەی وەرگرتووە .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ) البقرة / ٣٦، ٣٧

واتە : شەیتان تووشی زەلەو تاوانی كردن ،وە دەری كردن لە ژیانی خۆشی بەهەشت بەوەی كە لە دەرەوەی دەرگای بەهەشت پێیانی وت لەم دارە بخۆن وە ئەگەر لێی بخۆن ئێوە ئیتر بۆ هەمیشەیی ئەژین، فێڵی لێ كردن و وەسوەسەی بۆ دروست كردن ، خوای گەورە ئەمری كرد ئە ی ئادەم لەگەڵ حەوادا دابەزنە سەر زەوی و لە بەهەشت دەرچن وە لە نەوەكانی تۆدا هەندێكتان ئەبن بە دوژمنی هەندێكی ترتان ، لەسەر زەویشدا نیشتەجێ ئەبن وە ئەوەی كە پێویست بكات لە خواردن و

خواردنەوەو جل و بەرگ و پۆشاك بۆتان هەیە تا كاتی مردن یاخود تا ڕۆژی قیامەت.

ئادەم پەشیمان بۆوەو وتی: پەروەردگار زوڵممان لە نەفسی خۆمان كرد ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و ڕەحممان پێ نەكەی ئەوە ئێمە لە زەرەرمەندان ئەبین ، كە وای فەرموو خوای گەورەش تەوبەی لێ قبووڵ كرد، بە دڵنیایی هەر خوای گەورەیە زۆر تەوبەی بەندەكان قبووڵ ئەكات وە زۆر بە ڕەحم و بەزەییە.

وەهەروەها فەرموویەتی: ( فَأَكَلا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى ) طـه / ١٢١، ١٢٢ .

واتە : ئەوانیش بە قسەی ئیبلیسیان كردو لە دارەكەیان خواردو عەورەتیان دەركەوت ، وە خێرا گەڵای دارەكانی بەهەشتیان ئەدا بەسەر خۆیاندا ، وە ئادەم - ﷺ - سەرپێچی خوای گەورەی كردو ژیانی لێتێكچوو بەوەی هاتە سەر ڕووی زەوی.

پاشان دووباره خوای گەورە هەڵیبژاردەوە ، وە کە داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە کرد لێیخۆشبوو وە هیدایەتی دا بۆ ئەوەی کە تەوبە بکات.

جا بەنیسبەت ئادەمەوە علیه السلام هەردوو شتەکەی تێدا هاتۆتە جێ : سزا دراوە لەسەر تاوانەکەی ، وتەوبەشی کردووە وخودا تەوبەکەی قەبوڵ کردووە ، وهەڵی بژاردووە وڕێزی لێ گرتوە .

وە لحاسڵ هەر کەسێک ژیانی پڕ بێت لەتاوان وسەر پێچی ، هیچ شتێکی لەسەر نی یە جگە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خودای بەبەزەیی وداوای لێ خۆشبوونی لێ بکات ، بەڵکو خودا لێی خۆش بێت ، هەروەک وەعدی داوە : ( قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ) الزمر / ٥٣

واتە : ئەی محمد -ﷺ- بەو بەندانەم بڵێ کە ئیسراف و زیادڕەویان کردووە لە تاوان و سەرپێچیدا: بێئومێد نەبن لە ڕەحمەتی خوا ، بەدڵنیایی خوای گەورە لە هەموو تاوانێك خۆش ئەبێ تەنها شەریك دانان نەبێت بۆی ئیتر لە هەموو تاوانێکی تر خۆش ئەبێت، (ئەمە

ئومێدبەخشترین ئایەتە لە کتابی خوای گەورە، وە صەحابە زۆر دڵیان پێی خۆش بووە)، وە (ئەم ئایەتە بانگکردنی سەرجەم کافران و تاوانبارانە بۆ تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، وە ئەوەی تەوبە بکات چەندێك تاوانی زۆر بێت خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، وەکو ئەو کەسەی کە سەد کەسی کوشت و تەوبەی کردو خوای گەورە لێی خۆش بوو)، (ابن عباس) دەفەرمێت: (هەرکەسێك لە پاش ئەم ئایەتە خەڵکی بێئومێد بکات لە تەوبە ئەوا باوەڕی بە قورئانی پیرۆز نیە) ،

(ابن عباس) دەفەرمێت: (هەرکەسێك لە پاش ئەم ئایەتە خەڵکی بێئومێد بکات لە تەوبە ئەوا باوەڕی بە قورئانی پیرۆز نیە) ، وە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە.

ئەمەش جۆرێکە لەئاسان کرای خودا لەم شەریعەتە لێبوردەیەدا تەشریعی کردووە ، وبەنی ئیسڕائیل کاتێ بیان ویستایە تەوبە بکەن دەبوو خۆیان بکوژن بۆ ئەوەی تەوبەکەیان قەبوڵ بێت ، دواتر خودای بەڕەحم ئەوەی لەسەر ئەم ئومەتە لابرد .

لەکۆتاییدا داوامان وایە خودا ڕێنوێنیت بکات بۆ ئیسلام بەڵکو ببیتە تاکێک لەم ئومەتە کەڕازیە خودا پەروەردگاری بێت وئیسلام دینی بێت وموحەمەد ﷺ پێغەمبەری بێت ...والله أعلم .

**ئیسلام بۆ چ مەبەستێک هاتووە ؟ چۆن و بە چی خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگا دابین دەکات؟**

ئیسلام هاتووە بۆ خۆش گوزەرانی مرۆڤ ، وپاراستنی مەسڵەحەتەکانی ، ودابین کردنی ئەمن وپارێزگاری لەتاک وکۆمەڵگا ، ومەسڵەحەتی بەچەند پلەیەک داناوە ، و گەورەترینیان پێنج مەسڵەحەتە گەورەکەیە ، کەبریتی یە لە: (حفظ الضروريات الخمس) کە مەبەستی هەرە سەرەکی هاتنی ئایینە کە بریتین لە:

یەکەم : پاراستنی دین و ئایینی مرۆڤـ (حفظ الدين).

دووەم : پاراستنی ژیان و بوونی مرۆڤـ (حفظ النفس).

سێیەم : پاراستنی ناموس و شەرەفـی مرۆڤـ (حفظ العِرض).

چوارەم : پاراستنی ئەقڵی مرۆڤـ (حفظ العقل).

پێنجەم : پاراستنی ماڵ و پارە و سامانی مرۆڤـ (حفظ الـمال).

بۆیە دەبینین خوای گەورە چەندین حوکمی داناوە بۆ پاراستنی ئەم پێنج پێویستی یە کە پێیان دەوترێت: (الضروريات الـخمس)

یەکەم : پاراستنی دین و ئایینی مرۆڤــ (حفظ الدین): گەورەترین ئامانج لە ئیسلامدا پەیوەندی مرۆڤە بەخوداوە ، کەبونیات نراوە لەسەر پاکی عەقیدە ، و ڕەوشتی بەرز ، وچاک کردنی ڕوکەش ودەروون .

وە بەچاکی مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکدا ، ورزگار کردنی مرۆڤ لەخوڕافات وشتی پڕ وپوچ ، بۆ ئەوەی پاڵنەری دینی هەبێت وبیپارێزێت لەستەم وسنور بەزاندن ، خۆی بپارێزێت لەهەموو جۆرەکانی توند ڕەوی ، خاوەنی بەربەستشێکە کەدەیپارێزێت لەهەموو بیر وبۆچوونێکی لارو وهەموو جۆرە لادانێک .

ئا لێرەوە ئیسلام فەرمانی بەوەسەتیەت کردووە ، و وریای کردوینەتەوە لەتوند ڕەوی وفەرمانی کردووە بەپاراستنی دین لەهەر بۆچونێکی هەڵە وتێگەیشتنێکی کەجوانیەکانی ئیسلام لەکەدار دەکات ، وەک تیرۆر وتەکفیری بەناحەق وتۆقاندن ، وپاراستنی دین لەبازرگانی کردن پێوەی ، خوای پەروەردگار سەر زەنشتی ئەو کەسانەی کردووە کە بازرگانی دەکەن بەناوی دینەوە : {ولا تشتروا بآياتي ثمناً قليلاً}،

واتە : ئایەتەکانی خودا مەگۆڕنەوە بەشتێکی کەمی دونیا .

بێگومان ئەو حیزب و گروپانەی کەئیسلام بەکار دێنن بۆ بەدەست هێنانی مەرامی سیاسی و دنیایی دینیان ناشرین کردووە ، وەهەروەها تاقمە توندڕەوەکانیش زیانێکی گەورەیان بەئیسلام گەیاندووە ؛ چونکە وێنەی ئیسلامیان ناشرین کردووە ، وخەڵک لەئیسلام دوور دەکەنەوە ودەیان ڕەتێنن ، واش گومان دەبەن کاری چاکیان ئەنجام داوە {ألا إنهم هم المفسدون ولكن لا يشعرون}.

واتە : ئاگادار بن ئەوانە تێکدەر وموفسیدن بەڵام هەستی پێناکەن .

دووەم : پاراستنی ژیان و بوونی مرۆڤــ (حفظ النفس) : لەڕوی پاراستنی نەفسەوە جۆرەها تەشریعات وئەحکام وئاداب وئەخلاق هەیە ، بۆ ئەوەی هەموو ئەو ڕێگایانە دابخات کە زیان بەو ئامانجانە دەگەیەنێت ، ئیسلام خوێنی مرۆڤی زۆر بەگەورە داناوە ، وحەڕامی کردووە سنور ببەزێنرێت ومرۆڤ بکوژرێت ، و واجبی کردووە تۆڵە لەکەسی بکوژ بکرێتەوە ، وتەئکیدی کردۆتەوە لەهۆکارەکانی ئەمن وئەمانەت وبێکەوە ژیان ، وسور بوونی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئاشتی گەشتبووە ئاستێک کە ناوی (حرب)ی پێ خۆش نەبوو وفەرموویەتی : «أقبح الأسماء حرب»، واتە : ناخۆشترین ناو ناوی حەربە .

زانایان دەڵێن : بۆیە ناوی حەڕب ناخۆشترین ناوە چونكە كوشتار وئەزیەت دانی تێدایە ، ولەهەمان كاتدا پێغەمبەر ﷺ گەشبینی پێ خۆش بوو وەهەروەها حەزی لەناوی ( الحسن ) بوو .

هەروەك چۆن ئیسلام هەموو ڕێگەیەكی حەڕام كردووە كەسەر بكێشێت بۆ دوژمنكاری وكوشتار ، وهاندان بۆ كوشتن ، وڕێگری كردووە لە جوێن وقسە بەیەك كردن وهەرشتێك كەببێتە هۆی كردنەوەی دەرگای شەڕ ودوو بەرەكی وڕق وكینە ، حەتمەن قسە كاریگەریەكی زۆری هەیە ، ترسناكترینیان ئەو قسەیەیە كە هانی كوشتن دەدات ، وەهەروەها ئەو قسانەش كەدەمار گیری بڵاو دەكەنەوە وكۆمەڵگا پارچە پارچە دەكەن ودەبنە هۆكاری فیتنە .

وەگرنگی دانی ئیسلام بەپارێزگاری كردنی تاك ئاستێكی باڵای هەیە ، ڕێگری كردووە لەهەرشتێك كەببێتە هوكاری ئەزیت ، هەرچەند بەگاڵتەش بێت ، لەفەرموودەیەكدا هاتووە : «من أشار إلى أخيه بحديدة فإن الملائكة تلعنه وإن كان أخاه لأبيه وأمه»،

واتە : هەر كەسێك بەئاسنێك ئاماژە بكات بۆ برایەكی ئەوا فریشتەكان لەعنەتی لێ دەكەن هەرچەند ئەو كەسە برای دایك وباوكیشی بێت .

جا گەر ئەو هەڕەشەیە لەبارەی کەسێکەوە هاتبێت کەبەئاسنێک ئیشارەت بکات ئەی دەبێ حوکمی ئەو کەسانە چۆن بێت کەخەڵک دەکوژن وخوێنی خەڵک دەڕێژن ؟!

عبد الله بن عمر دەڵێت : «إن من ورطات الأمور التي لا مخرج لمن أوقع نفسه فيها سفك الدم الحرام بغير حله».

واتە : لەخراپترین شت کەمرۆڤ توشی ببێت وهیچ ڕزگار بونێکی لێی نیە ئەوەیە کە کەسێک بەناحەق بکوژێت .

هەروەها ئیسلام خۆ کوشتنی بەتوندی حەڕام کردووە ، کەسێک کەخۆی دەکوژێت خودا تورە دەکات ، وە خۆ کوشتن یەکێکە لەتاوانە گەورەکان : {ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيماً. ومن يفعل ذلك عدواناً وظلماً فسوف نصليه ناراً وكان ذلك على الله يسيرا}،

واتە : بەدەستی خۆتان خۆتات مەکوژن خودا بەڕەحمە بەرانبەر بەئێوە . هەرکەسێک ئەو کارە بەستەم ودوژمنکارانە بکات ئەوا دەیخەینە نێو ئاگرەوە وئەوا لەسەر خودا ئاسانە .

وەپێغەمبەر عليه الصلاة والسلام فەرموویەتی : «من قتل نفسه بشيء في الدنيا عُذب به يوم القيامة»،

واته : هەرکەسێک لەدونیادا خۆی بەشتێک بکوژێت ئەوا لەڕۆژی دوایدا بەو شتە سزا دەدرێت .

جا کۆمەڵگا لەم ڕۆژگارەدا پێویستیەکی زۆری بەچاندنی ئەم ڕێنماییانە هەیە ، لەکاتێکدا کەخۆ کوشتن لەپەرەسەندندایە جا بەناوی دینەوە بێت یاخود بەهۆی موشکیلە وکێشەی دونیاییەوە .

سێیەم: پاراستنی ئەقڵی مرۆڤـ (حفظ العقل) : لەبواری پاراستنی عەقڵدا ئیسلام تەئکیدی کردۆتەوە لە مەکانەت و پێگەی عەقڵ ، وتەکلیفی بەستۆتەوە بەعەقڵەوە ، وهەموو شتێکی وەک عەڕەق وهاوشێوەکانی حەڕام کردووە کەدەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەعەقڵ ، وداوای کردووە عەقڵ بڕازێنرێتەوە بەزانستی بەسود ، وبپارێزرێت لەگومان ، وئاگاداری کردوینەتەوە لە دەمار گیری وتەعەسوب وتەقلیدی کوێرانە ، وهەر شتێک کەدوور بێت لەوەسەتیەتەوە جا بەلای زیادەڕەویدا بێت یاخود بەلای شل ڕەوی وکەم ڕەویدا بێت ، هەروەک چۆن ئیسلام ڕێگاکانی دڵخۆشی بۆ مرۆڤ فەراهەم کردووە و داوای لێ کردووە بەهەموو شێوەیە بەرەنگاری ناخۆشی ونەخۆشیەکان ببێتەوە ، کەبێ پێویستی دەکات لەوەی پەنا بباتە بەر مادە هۆشبەرەکان .

چوارەم : پاراستنی ناموس و شەرەفـی مرۆڤـ (حفظ العِرض) :

وەلەبواری پاراستنی ناموس و وەچەدا ، ئیسلام هانی داوین بۆ زەواج کردن ، وهەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان بەجوانترین شێوە ، وگرنگی بەخێزان داوە ، وپایەکانی بەهێز کردووە ، وگرنگی داوە بەپەروەردە کردنی نەوەکان ، وجێبەجێ کردنی مافەکانیان ، وڕێگری کردووە لەپەیوەندی حەڕام ، وئاشکرا کردنی نهێنی خەڵک ، وفەرمانی کردووە بەداوێن پاکی وڕەوشتی بەرزی وپارێزگاری کردن لەعادەتە جوانەکانی کۆمەڵگا .

پێنجەم : پاراستنی ماڵ و پارە و سامانی مرۆڤـ (حفظ الـمال) :

وەلەبواری پاراستنی ماڵدا خەڵکی هانداوە بۆ کار کردن وگەڕان بەدوای ڕزقدا ، وڕێگری کردووە لەدەس بەتاڵی وتەمبەڵی وخەڵکی هانداوە بۆ بازرگانی وبەدەس هێنانی ماڵی بەڕێگای شەرعی ، وپاراستنی ئەمانەتی واجبی کردووە ، وخواردنی ماڵی یەکتری بەناحەق حەڕام کردووە ، وەهەروەها دزی وڕەشوە وغەش وڕیبا وقوماری حەڕام کردووە ، وەهەروەها ڕێگری کردووە لەئیسراف وبەفڕۆدانی ماڵ لەشتێکدا کەسودی نی یە .

بەکورتی ئیسلام گرنگی داوە بەهەر شتێک کەببێتە مایەیی خۆش گوزەرانی دونیا ودوا ڕۆژ ، وڕێگری کردووە لەهەرشتێک کەببێتە مایەیی زیان بۆ خودی مرۆڤ ودەور وبەرەکەی .

**چۆن بزانم ئیسلام دینی حەقە؟ سیفاتی ئاینی ڕاست و حەق چی یە ؟**

بسم الله الرحمن الرحيم

بێ گومان هەموو خاوەن دینێک باوەڕی وایە دینەکەی حەقە ، و هەموویانیش پێیان وایە ئاینەکەیان باشترین ئاینە ، ومەنهەجێکی دروستە ، جا کاتێ پرسیار لەشوێن کەوتوانی دینە ناتەواو و دەسکاری کراوەکان و یاخود دینە دەسکردەکان دەکەیت لەبارەی بەڵگەی دروستی ئاینەکەیان ؛ لەوەڵامدا دەڵێن :

ئەوان باو باپیرانیان بینیوە لەسەر ئەو دینە بوونە ؛بۆیە ئەوانیش شوێن ئەوان دەکەون ، یان هەندێ حیکایەت وبەسەر هات دەگێڕنەوە کەهیچ ئەساسێکی نی یە ، وئیعتمادیان کردۆتە سەر هەندێ کتاب کەنازانرێت کێ خاوەنەکەیتی ونوسەرەکەی پشتی بەچی بەستووە ، نازانێت سەرەتا کێ نوسیویەتی وپێشتر لەچ وڵاتێک نوسراوە و بووە ؛ تەنها هەندێ شتی بێ بنەمایە وکۆکراوەتەوە و بەگەورە زانراوە و جیل لەدوای جیل

بەگەورەیان زانیوە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت بزانم تا چەند ڕاست ودروستە .

بێگومان ئەم کتابە مەجهولانە وبەسەرهاتە بێ بنەمایانە کەلە باو باپیرانەوە گێڕدراوەتەوە نابێتە بەڵگە لەبواری عەقیدە و بیروباوەڕدا ، جا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەموو ئەو دینانە سەحیحن یاخود باتڵ ودورن لەڕاستیەوە ؟

حەتمەن موستەحیلە هەموو ئەو دینانە حەق بن ؛ چونکە حەق یەکە ومومکین نی یە چەند جۆرێک بێت ، وهەروەها موستەحیلە ئەو دین وخوڕافیاتانە لەلایەن خوداوە بێت ، جا حەتمەن کاتێ چەند دینێک هەبێت ئەوا یەک دانەیان ڕاستە !

کەواتە ئەو دانە کامەیانە و بە چ شتێک بزانین دینە ڕاستەکە کامەیە ؟

جا چەند پێورێک دەخەینە ڕوو بۆئەوەی هەرکاتێک دینێکمان بینی ئەو پێوەرانەی تێدا بوو ئەوا حەقە گەر نا باتڵە و دینێکی دەسکردە .

زەوابیت وپێوەر بۆ ناسینی دینی حەق وجودا کردنەوەی لەدینی باتڵ ونادروست ، ئەمانەی لای خوارەوەن :

یەکەم : پێویستە ئەو دینە لەلایەن خوداوە دابەزی بێت بۆ پێغەمبەرێک لەپێغەمبەرانی خودا بەواستەی مەلائیکەتێک لە مەلائیکەتەکان بۆ ئەوەی دینی خودا بەبەندەکان بگەیەنێت ؛ چونکە دینی حەق بریتی یە لەدینی خودا ، ئەو دینەیە کە مرۆڤ پیادەی دەکات و لەرۆژی دواییدا حسابی خەڵکی لەسەر دەکرێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَىٰ نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ ۚ وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ ۚ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا (١٦٣)) سورة النساء

واتە : ئێمە وەحیمان ناردووە بۆ تۆ هەروەک چۆن وەحیمان بۆ نوح وپێغەمبەرانی دوای ئەو نارد ، وەهەروەها وەحیمان نارد بۆ ئیبراهیم وإسماعیل وإسحاق ویعقوب والأسباط وعیسى وأیوب ویونس وهارون وسلیمان وزەبورمان بەخشی بە داود .

وەهەروەها فەرموویەتی : (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ (٢٥)) الأنبياء

واته : هیچ پێغەمبەرێکمان لەپێش تۆدا نەناردووە مەگەر وەحیمان بۆ ناردبێت کە هیچ خودایەک شیاوی پەرستن نی یە بەحەق جگە لە من (الله) نەبێت دە ئێوەش بم پەرستن .

هەر بۆیە هەردینێک کەسێک بیهێنێ و بیداتە پاڵ خۆی جگە لە خودا ئەوا دینێکی باتڵە و هیچ مەجالێکی تێدا نی یە .

دووەم : بانگەشە بکات بۆ بەتاک وتەنها پەرستنی خودا ، وحەڕامیەتی هاوبەش بڕیاردان ، وەهەروەها حەڕامیەتی هەر شتێک کە ببێتە هۆکاری هاوبەش بڕیاردان ؛چونکە تەوحید ویەکتاپەرستی ئەساسی بانگەوازی هەموو پێغەمبەرانە ، وهەموو پێغەمبەرێک بەگەلەکەی گوتووە : (اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ). سورة الأعراف/٧٣

واتە : خودا بپەرستن وئێوە هیچ پەرستراوێکتان بەحەق نی یە جگە لەخودا .

جا بۆیە هەر دینێک هاوبەش بڕیاردانی لەخۆ گرتبوو جا ئەو هاوبەشە پێغەمبەرێک بێت یاخود مەلائیکە یاخود پیاو چاک ئەوا دینێکی باتڵە هەر چەند هەڵگرانی خۆیان بدەنە پاڵ پێغەمبەران .

سێیەم : پێویستە یەک بگرێتەوە لەگەڵ ئەو ئەسڵانەی کەپێغەمبەران دەعوەیان کردووە بۆ لای کەئەویش تەنها پەرستنی خودایە ، وبانگەوازکردنە بۆ لای و حەڕامیەتی هاوبەش بڕیار دانە ، وباش بوونە لەگەڵ دایک باوک ، و نەکوشتنی کەسێکە بەناحەق ، وحەڕامیەتی داوێن پیسیە ، خوای تەعالی فەرموویەتی : (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ (٢٥)) الأنبياء

واتە : هیچ پێغەمبەرێکمان لەپێش تۆ نەناردووە ئەی موحەمەد ئیلا وەحیمان بۆ ڕەوانە کردووە کە هیچ خودایەک شیاوی پەرستن نی یە بەحەق جگە لە من (الله) نەبێت دە ئێوەش بم پەرستن .

وەهەروەها فەرمویەتی : ( قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ۖ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٥١) ) سورة الأنعام/١٥١

واتە : ئەی موحەمەد پێیان بڵێ : وەرن با ئەو شتانەتان بەسەردا بخوێنمەوە کەخودا حەڕامی کردووە ئەویش بریتی یە لەوەی :

هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن و لەگەڵ باوک ودایکتاندا چاک بن ومنداڵەکانتان لەترسی برسێتی نەکوژن ، ئێمە ڕزقی ئێوە وئەوانیش دەدەین ، ونزیکی زینا وداوێن پیسی مەکەونەوە و نەفسێک مەکوژن کەخودا حەڕامی کردووە تەنها بەحەق نەبێت ئا ئەوا وەسیەتی خودایە وئامۆژگاری ئێوەی پێ دەکات بەڵکو تێبفکرن وبیر بکەنەوە .

وەهەروەها فەرمویەتی : ( وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِن دُونِ الرَّحْمَٰنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ (٤٥)) سورة الزخرف

واتە : پرسیار لەو پێغەمبەرانەمان بکە کە لەپێش تۆدا ناردومانە ، ئایا جگە لەخودا پەرستراوێکی تر هەیە وبپەرسترێت .

چوارەم : نابێ دژ یەکی تێدا بێت ، فەرمان بەشتێک بکات پاشان هەڵی وەشێنێتەوە ، وەهەروەها نابێ شتێک حەڕام بکات پاشان هاوشێوەی ئەوە بەحەڵاڵ بزانێت بەبێ ئەوەی هۆکاریان جودا بێت ، وەشتێک بۆ کەسانێک حەڕام نەکات پاشان بۆ کەسانێکی تری حەڵاڵ بکات ،خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا (٨٢) سورة النساء

واتە : ئەوە بۆ لەقورئان ورد نابنەوە ؟! خۆ ئەگەر لەلایەن غەیری خوداوە بوایە حەتمەن جیاوازیەکی زۆری تێدا دەبوو .

پێنجەم : ئەو دینە شتانێک لەخۆ بگرێت کەدین وناموس ومالْ ونەفس ونەوەی خەڵک بپارێزێت وتەشریعێکی تێدا بێت کەفەرمان ونەهی وترساندنی لەخۆ گرتبێت بەشێوەیەک ببێتە هۆی پاراستنی ( الكليات الخمس ) .

شەشەم : دەبێ ئەو دینە ڕەحمەت بێت بۆ هەموو خەڵک وڕێگری بکات لەستەم کردنی خەڵک لەخودی خۆیان وکەسانی تر ، جا ئەو ستەمە بەپێشێل کردنی ماف بێت یاخود دەسگرتن بێت بەسەر خەیراتیاندا ، یاخود بەستەم کردنی گەورەکان بێت لەبچوکەکان ، خوای پەروەردگار لەبارەی ئەو ڕەحمەتەی کە(تەوڕات) لەخۆی گرتبوو کە بۆ موسای علیه السلام ناردبوو، دەفەرموویت : ( وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الأَلْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ ) الأعراف/١٥٤

واته : كاتێ تورەیی موسا علیه السلام دامركایەوە كردی بە ئەو نوسراوەی كە تەوڕاتی تێدابوو ، و ڕەحمەتی تێدا بوو بۆئەوانەی كە لەخودا دەترسن .

وەهەروەها دەربارەی ناردنی عیسی علیه السلام دەفەرموێت ( وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِّلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا ) سورة مريم/٢١ .

واته : بۆ ئەوەی بیكەین بەنیشانە وڕەحمەت بۆ خەڵك .

وەهەروەها لەبارەی قورئانەوە دەفەرموێت : ( وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ) سورة الإسراء/٨٢ .

واته : قورئانمان دابەزاندووە كە شیفا وڕەحمەتی تێدایە بۆ باوەڕداران .

حەوتەم : ڕێنوێنی تێدا بێت بۆ شەرعی خودا ، وەهەروەها ڕێنوێنی مرۆڤ بكات بۆ ئەو شتانەی خودا دەیەوێ وپێی خۆشە ، وئەوەی تێدا بێت كەئایا مرۆڤ لەكوێ وە هاتووە وسەرەنجامی بۆ كوێیە ؟ خوای پەروەردگار لەبارەی تەوڕاتەوە فەرموویەتی : ( إنا أنزلنا التوارة فيها هدى ونور .. ) سورة المائدة/٤٤

واته : ئێمە تەوڕاتمان دبەزاندووە ڕێنوێنی ونور وڕوناكی تێدایە .

وەهەروەها لەبارەی ئینجیلەوە دەفەرموێت : ( وآتيناه الإنجيل فيه هدى ونور ) سورة المائدة/٤٦

واتە : ئێمە ئینجیلمان پێ بەخشیبوو کە ڕێنوێنی ونور وڕوناکی تێدایە .

وەهەروەها لەبارەی قورئانەوە دەفەرموێت: ( هو الذي أرسل رسوله بالهدى ودين الحق ) سورة التوبة/٣٣ ,

واتە : ئا ئەو خودایەیی پێغەمبەرانی خۆی ناردووە بەهیدایەتی وئاینی حەق .

جا (الدين الحق) ئەو دینەیە کە ڕێنوێنی خەڵک دەکات بۆ لای شەرعی خودا ، وە ئەمن ودڵ ئارامی بەنەفس دەبەخشێت ، بەشێوەیەک هەموو وەسوەسە ودڵە ڕاوکێیەک بڕەوێنێتەوە ، و وەڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە ، وهەموو کێشە وئیشکالێک چارەسەر بکات .

هەشتەم : بانگی خەڵک بکات بۆ ڕەوشتی بەرز و کاری چاکە ، وەک : ڕاستگۆی ودادپەروەری ، وئەمانەت ، و حەیا وشەرم ، وداوێن پاکی ، وماڵ بەخشین ، وەهەروەها ڕێگری بکات لەهەر کاری خراپ ، وەک : خراپ بوون لەگەڵ دایک وباوک ، وکوشتنی بەناحەق ، وداوێن پیسی ، ودرۆ ، وستەم ، ڕەزیلی ، ودەم پیسی ، ولەسنور دەرچوون .

نۆیەم : خۆشگوزەرانی بۆ ئەو کەسانە مسۆگەر بکات کەباوەڕی پێ دەهێنن .

وەهەروەها پێویستە یەک بگرێتەوە لەگەڵ تەبیعەت وفیرەتی سەلیم دا : (فِطرَةَ الله التي فطر الناس عليها ) الروم/٣٠ , واتە : ئەو شتەی کەخودا خەڵکی لەسەر هێناوەتە بوون .

وەهەروەها لەگەڵ عەقڵی تەواو سەلیمدا یەک بگرێتەوە ؛ چونکە دینی سەحیح دینی خودایە وشەرعی ئەوە ، عەقڵی تەواو وسەحیحیش دروست کراوی خودایە ، بۆیە ناگونجێت شەرعی خودا ودروست کراوەکانی دژ یەک بن .

دەیەم : بانگەشە بکات بۆ حەق وڕێگری بکات لەباتڵ وخەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە ، وڕێنوێنی خەڵک بکات بۆ هیدایەت و خەڵک دوور بخاتەوە لە گومڕایی ، وبانگی خەڵک بکات بۆ ڕێگای ڕاست کە هیچ خوار وخێچییەکی تێدا نی یە خوای پەروەردگار لەبارەی جننەوە کاتێ کەگوێیان لەقورئان بووو فەرموویەتی : ( يا قومنا إنَّا سمعنا كتاباً أنزل من بعد موسى مصدّقاً لما بين يديه يهدي إلى الحق وإلى طريق مستقيم ) سورة الأحقاف/٣٠

واته : ئەی گەلەکەمان ئێمە گوێمان لەکتابێک بوو کەلەدوای موسی دابەزیوە ، دینەکانی تر بەڕاست دەخاتەوە ، وڕێنوێنی خەڵک دەکات بۆ حەق وڕێگای ڕاست .

وەهەروەها بانگەشەی خەڵک نەکات بۆ شتێک ببێتە هۆی نەهامەتییان ، و فەرمانیان پێ نەکات بەشتێک ببێتە هۆی لەناو چونیان خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيماً ) النساء/٢٩ ,

واتە : خۆتان مەکوژن خودا زۆر بەبەزەییە بەرانبەر بەئێوە .

وەجیاوازی نەکات لەنێوان شوێنکەوتوانیدا بەهۆی ڕەگەز ورەنگ وعەشیرەتەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ) الحجرات/١٣

واتە : ئەی خەڵکی ئێمە ئێوەمان دروست کردووە لە نێرو مێیەك کە ئادەم و حەوا بووە [وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا] وە ئێوەمان کردووە بە چەند گەل و هۆزێکەوە تا یەکتری بناسن {بەڕێزترینتان لای خوای گەورە بەتەقواترینتانە} [إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ] بەڕێزترینتان

لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەموو کەس بەتەقواتر بێت ئەوە لای خوای گەورە لە هەموو کەس بەڕێزترە [إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر زانایە وە زانیاریەکی زۆر وردی هەیە.

جا پێوەری چاکی لەدینی حەقدا تەقوا و خۆپاراستنە .

**ئەو کەسەی دەبێتە موسوڵمان دەبێ ناوی خۆی بگۆڕێت ؟**

کاتێک بێباوەڕێک دەبێتە موسوڵمان ؛ واجب نی یە لەسەری ناوی بگۆڕێت ؛ تەنها مەگەر نەشیاو بێت ؛ وەک : ( حَزن - دڵتەنگ )، یاخود مانای پەرستنی جگە لەخودای تێدا بێت ، وەک : ( عبد المسیح ، وعبد الکعبة )، وجگە لەمانەش ئەو ناوانەی کەحەرامن ؛ چونکە پێغەمبەری خوا صلىالله علیه وسلم هەریەک لەم دوو جۆرە ناوەی دەگۆڕی .

وەڵامی شێخ صالح الفوزان حفظه الله